Remove Watermark Now

pdfelement

Remove Watermark Now

بسم الله الرحمن الرحيم

pdfelement

# محمد صلى الله عليه وسلم

## هێمای ژیانە

Remove Watermark Now


# محمد ﷺ

## هێمای ژیانە

pdfelement

دکتۆر فلاح محمد عزیز

پرۆفیسۆر لە زانکۆی سەلاحەدین

2015

Remove Watermark Now


ناوی کتێب: محمد ﷺ مایەی ژیانە

نووسەر: دکتۆر فلاح محمد عزیز

بڵاوکردنەوەی: نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن/ هەولێر

خەت: نەوزاد کۆیی

ساڵی چاپ: 1435ك – 2015ز

تیراژ: 1200

ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان (554) ساڵی 2015

**مافی چاپکردن بۆ نووسەر پارێزراوە**

pdfelement

Remove Watermark Now

بِسْمِ اللّٰهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾

(سورة الانبياء 107)

pdfelement

Remove Watermark Now

# پێشکەش

**چنار گیان...کچی خۆشەویستم...**

**ئەی تەمەنی رابوردووم و گه نجینەی هزرو هۆشی ئەمڕۆو داهاتووم...**

**هەر وەکوو پێشتر بەڵێنم پێدابووی، کە ناوە ناوە، بەرهەمی دەست و فیکرم بۆ گیانی پاکت بکەم بە دیاری....**

**وا ئه مجارەش ، شتێکی زۆر نایابم بۆ ئامادەکردی، ئەوش ژیانی سەرووەری کائیناتە، پێغەمبەری خوا محمد ﷺ..**

**هەر کە پێت گەیشت...**

**بە هەموو برادەرو هاورێی لای خۆتی پیشان بدەو بڵێ:**

**ئەمە بەرهەمی دەست وهەست وفیکری باوکمە، بۆی کردووم بە دیاری...**

**پێیان بڵێ:**

**ئەوەی ئەم وشانەی نووسیوە، لە عەشقی گێڕانەوەی ژیانی پێغەمبەر محمد ﷺ تەواوەتەوە...**

**پێیان رابگەێنە :**

**لەبەر ئەم دێڕانە، شەونوخونی کراوەو، لە سەر وشەکانی، فرمێسکێکی زۆر رژاوە...**

**بۆیان دووباتیش بکەرەوە کە :**

**نووسەری ئەم بابەتە ئامادەیە، تەواوی ئەو تەمەنەی کە ماوێتی لە دونیادا بکا بە قوربانی ساتێکی بینینی زاتی پێغەمبەرﷺ...**

Remove Watermark Now

**لە خوای پەروەردگار داواکارم کە ئەجری ئەم کتێبەش بخرێتە تەرازووی چاکەکانت و لە جیهانی غەییدا سوودی لێ وەربگری و پێی دڵخۆش وسەرفرازو شادمان بی....**

pdfelement

Remove Watermark Now

# پێشەکی

سوپاس بۆ خواو دروودو سەلامی خوا لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری خوا...

سوپاس بۆ ئەو خوایە کە ئەم میهرەبانیەی پیٰ بەخشیم و ئەم دەرفەتەی پیٰ دام ، کە لەسەر دوایین پێغەمبەری (صلی الله علیه وسلم) بنووسم.

بە پێغەمبەری خوا محمد ﷺ ش دەڵێم:

ئەی پێغەمبەری خوا...سڵاوی خوات لێبیٰ لە هەر کویٰ بی...داوای لێبوردنشت لیٰ دەکەم، گەر هاتوو لەم کتێبەدا هەر هەڵەیەك دەرهەق بە سیرەتی بەڕێزتم کردبیٰ. زۆر هەوڵم داوە شتە راستەکان و لە سەرچاوە صەحیحە باوەڕ پێکراوەکان بگێڕمەوە.

ئەی پێغەمبەری خوا!

خوای پەروەردگار، لەسەر ئەو ئەرکەی کە لە پێناوی گەیاندنی پەیامی خوا گەیاندووتە، بە جوانترین شێوە پاداشتت باتەوە.

بە خوێنەری ئەم کتێبەش دەڵێم:

ئەی خوێنەری بەڕێز...

Remove Watermark Now

لەم کتێبەدا ، بە یەکێکت دەناسێنم و باسی ژیانی کەسێکت بۆ دەکەم، کە چارەنووست پێوەی بەندە، چارەنووسی ئەم ژیانی دونیایەت و چارەنووسی دواڕۆژت...

کەسێکە، کە بەسەرهاتی ژیانی، لە پێناوی بەرژەوەندی تۆدا، ئەو بەسەرهاتە بوو کە لەم کتێبەدا دەیخوێنیتەوە و دەیبینی و زۆریش لەوە زیاتر...

تا ژیاننامەو فەرمودەکانی نەخوێنیتەوە، نازانی چەند بۆ سەرفرازیت بە پەرۆشبووە، زەمەن قەت نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم گرنگی دان بە کێشەکانی دونیاو دواڕۆژت، لە هەر نەتەوەو هۆزو ڕەنگێك بیت.

خوێندنەوەی ژیان و بەسەرهاتی پێغەمبەر محمد ﷺ، خوێندنەوەی ژیان و بەسەرهاتی مرۆڤێکی ئاسایی نیە، خوێندنەوەی بەسەرهاتی ئەو بەڕێزە، خوێندنەوەی ژیانی بەرزترین ئاستی مرۆڤایەتیە، کە بۆتە نموونەی مرۆڤی خواناس، کە چەمکەکانی دونیاو ئاخیرەت، خواپەرستی و سیاسەت، ئاشتی و جەنگ، زانست و ئاین و، باوەڕو هەڵسوکەوت لە خۆ دەگرێ.

لەو سیفەتە جوانە بێشومارانەی کە پێغەمبەر محمد ﷺ هەڵیگرتبوو، سیفەتی هێمای ژیانە. ئەم سیفەتە، لە پاڵ ناوی پیرۆزی، لە ناونیشانم هەڵبژارد، چونکە لاپەڕە زێڕینەکانی ژیانی هەڵدەدەینەوە، بە راشکاوی راستیی ئەم سیفەتەمان بۆ دەردەکەوێ. هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ دونیاوە، مانایەکی قووڵی بە ژیان بەخشیوەو ، تەنانەت کە کۆچیشی

Remove Watermark Now

کرد، باڵی غەم و ماتەمینی دونیای داپۆشی، هەرچەندە سیرەتی پاکی و فەرموودە جوانەکانی، مانای ژیان لە دڵ و دەروونی خەڵکی پاراست و چەسپاند.

لەم پەرتووکەدا، هەوڵم داوە تەنیا پشت بە ریوایەتە صەحیحەکان ببەستم و زانیاری لە چەندەها سەرچاوە وەربگرم کە هەموویان جێی متمانەی زانایانی ئیس لامن. لە راستیدا بۆ ئەوەی خوێنەر لە بوونی ژمارەی زۆری پەراوێز وەڕس نەبێ و لە دەقەکان نەبڕێ، وام بە باش زانی، هەر وەك نەریتی خۆم لە کتێبەکانی ترمدا، سەرچاوەکان بە جیا لە کۆتایی کتێبەکەدا بنووسم.

ئامانجی سەرەکیم لەم کتێبەدا تەنیا پێناسەی کەسایەتی پێغەمبەر محمد ﷺ نیە، بەڵکوو چاندن و گەشەکردنی خۆشەویستیەکەی لە ناو دڵ و دەروونی خوێنەران، یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو شایستەی ئەو خۆشەویستییەیە، دووەم لەبەر ئەوەی خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ مایەی بووژانەوەی دڵ و دەروونە، سێهەمیش بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا لە بەهەشتدا هاوەڵی بین، چونکە مرۆڤ لەگەڵ خۆشەویستانی حەشر دەکرێ.

ئینجا فەرمو با پێکەوە، بە ناو ئەم بەهەشتە بەرینە بگەڕێین، بەهەشتی سیفەتەکانی پێغەمبەر محمد ﷺ، بۆ ئەوەی گیانمان تێکەڵ بە گیانی بێ، سۆزمان لەگەڵ سۆزی، لە هەموو بارەکاندا، بجووڵێ، تا زیاتر لە ئەرك و هەوڵ و تێکۆشان و ئاواتەکانی تێبگەین، بۆ ئەوەی بە

Remove Watermark Now

تەواوەتی بزانین ئەو پیاوە ﷺ چیمان پێ دەگەیێنێ و دەتوانێ چی بە ژیانی مرۆڤایەتی ببەخشێ.

دوا وشەم لەم پێشەکەیەدا، دوعایەکە بۆ هەر کەسێك کە بەشداری کردبێ لە چاپکردن یان پێداچوونەوە بە رەشنووسەکەی کردبێ، خوای گەورە لە ئەجری ئەم کتێبە بێ بەشی نەکات و، سەرفرازی دونیا و ئاخیرەتی بکات، بە تایبەتی ئەو برادەرەی کە مەسرەفی چاپکردنی ئەم کتێبەی خستە ئەستۆو، داوای کرد ناوی نەبەم، داوادەکەم خوای گەورە بە باشترین شێوە پاداشتی خێری باتەوە.

دوا وتەشم لەم پێشەکیەدا...

سوپاس بۆ خوا...و سڵاو لە گیانی پاکی پێغەمبەری خوا

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد ﷺ کێیە؟

**محمد** ﷺ ...ناوێکە، کاتێك کە بەر گوێی هەر خاوەن دەروونێکی پاك دەکەوێ، پەردەی دڵی دەلەرزێنێ و خونچەکانی گوڵ و گوڵزاری ڕێزو خۆشەویستی و جوانترین ڕوخساری مرۆڤایەتی و هێماو نهێنیەکانی ژیان، دەپشکوێنێ...

ناوێکە، کە بە درێژایی شەوو ڕۆژ، لە پاڵ ناوی خوای پەروەردگاردا، لەسەر ڕووی زەوی و لەناو وڵات و نەتەوە جیاجیاکانی جیهاندا دەنگدەداتەوەو، دڵ و دەروونی دروستکراوانی خوا، دەهەژێنێ...

ناوێکە، کە لە ناخی زەمەن، بە توندی، ڕەگی داکوتیوەو، لاپەڕەکانی کتێبە ئەرزو ئاسمانیەکانی ڕازاندۆتەوەو، لەسەر دەرگاکانی بەهەشت، لە پاڵ ناوی خوای گەورە، وەك هەسارە، بەڵکوو پرشنگدارتر، ئەدرەوشێتەوە...

ناوێکە، ئەوەندە سوودبەخشە، کە پاداشتی هێنانی لەسەر زمان و ناردنی دروودو سڵاو لە گیانی پاکی، میهرەبانی خوای ئەرزو ئاسمان بەدوای خۆیدا ئەبارێنێ...

ناوێکە ئەوەندە پیرۆزە، کە لەناو نوێژدا، هەرچەندە نوێژ پەیوەندیەکی تایبەتە لە نێوان خوای پەروەردگارو ئادەمیزادا، جێیەکی گرنگ، لە پاڵ ناوی خوای گەورەدا، پێ بەخشراوە.

pdfelement

Remove Watermark Now

ناوێکە، کاتێ دێتە ئاراوە، مێژوو و جوگرافیا و نەتەوەو زمان و ڕەگەز، لە ناو دەریای پیتەکانیدا، نوقوم دەبن و لە ژێر تیشکی ڕوخسارو ڕەفتارە جوانەکانی دەتوێنەوە.

تەنیا نەفامان، کاتێك ناوی (محمد ) ﷺ بەر گوێیان دەکەوێ، دەمارگیری زمان و جیاوازی نەتەوە دەیانگرێ و کۆسپی ناڕەوا بۆ خۆیان و هاوزمانی خۆیان دادەنێن، ڕازیش ن، بە ئازاری نەخۆشیە سەختەکانیانەوە بنالێن و دەست بۆ تاکە ڕوناکیەك درێژ ن ەکەن، کە سارێژکردنی زامەکانی دەروونیانی تێدایە.

تەنیا لاساران، سوورن لەسەر ئەوەی کە (محمد) ﷺ تەنیا بۆ نەتەوەیەك هاتووە، چاویان لە خوێندنەوەی وشەکانی نووقاندووە، کە دەفەرموێ: لە ئیسلامبووندا، من پێش عەرەب کەوتم و (صهیب الرومی) پێش ڕۆم کەوت و (بلال الحبشی) پێش حەبەشیەکان کەوت و (سلمان الفارسی) پێش فارس کەوت! یان دەرگای دەروونیان لەبەردەم ئەم وشە مێژوویە داخستوە کە دەفەرموێ: جیاوازی عەرەب لە غەیری عەرەب تەنیا بە ڕادەی نزیکبوونەوەیە لە ڕەزامەندی خوای پەروەردگارە!

جێی گومانی تێدا نەماوە، کە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیاندا چارەنووسی ئادەمیزاد بەو ناوە پیرۆزەو ڕێبازە ئاسمانیەکەی بەندە، لە قۆناغێکی ژیان بۆ قۆناغێکی تر، لە خاڵی سەرەتای هاتنە ناو ژیانی دونیاوە، کاتێك، لەگەڵ ناوی خوای گەورەدا، کە لە بن گوێی کۆرپەلەی تازە لەدایکبوودا دەخوێنرێ، بەر لەوەی ناویشی لێبنرێ و دواتر کە فام

pdfelement

Remove Watermark Now

دەکات و پابەندی ڕێنماو پرۆگرامی ژیان دەبێ، کە لە ڕێگای ئەوەوە لە ئاسمان بۆ زەوی دابەزیوە، بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆشترین ژیان لە دونیادا بەسەر بەرێ، هەتا خاڵی کۆتایی ژیانی دونیاش، کاتێك کە گیانی مەردووم بەرەو عەرشی خوای گەورەو بۆ ژیانێکی فراوانتر دەگوێزرێتەوە، دەبێ مەردووم لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا، بەدوای شوێن پێی ئەو زاتە بەڕێزەدا بڕوات و لەگەڵ هەموو گواستنەوەیەکدا، ناوی محمد ﷺ لەسەر زمان و تێکەڵ بە ڕۆحی ببێ، تەنانەت لە ناو هەر ماڵێکدا، پێویستە (محمد) ناوێك هەبێ، بۆ ئەوەی چەمکەکانی خواناسی و ڕێزلێنان بۆ یەکتری لە ناو ئەو ماڵەدا لە یادو لەبەر چاوبێ، هەر ئەو ناوەشە، کە لە ناو گۆڕدا، دەبێتە کلیلی ئاوەدانی و سەنگی مەحەك، بۆ دەستنیشانکردنی ژینگەی گۆڕ، باخێکە لە باخەکانی بەهەشت، یان چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ!

pdfelement

Remove Watermark Now

# خاوەن جوانترین سیما و ڕوخسار

**محمد** ﷺ..خاوەن جوانترین قەدو باڵاو، ڕۆشنترین سیما، هەروەك مانگی چواردە، بەڵكوو لە دیدی هاوەڵانی، لە مانگی چواردەش جوانتر بووە. كە پێدەكەنێ، هەر ئەڵێی خۆر لە ڕوویدا هەڵدێ، گورج و گۆڵ لە ڕۆیشتنا، كە دەڕوا، ئەڵێی پێ لە زەوی هەڵدەكەنێ و لەبەرزاییەوە دێتە خوار، هەرچەندە هەمیشە هێمنی و ئارامی ، ڕوخساری داپۆشیبوو. بۆ ڕێزگرتن لە خەڵكی، بە هەموو جەستە ئاوڕ ئەداتەوە. تنۆكەكانی عارەقەی ناوچەوانی، ئەوەندە ساف و بێ گەردن، ئەڵێی دەنكە مروارین. بۆن خۆشە گەر بۆنیش لە خۆی نەدا، برژانگ درێژو چاوڕەشە، لەناو سپێتی چاویدا سوورهەڵگەڕانێك دەبینرێ، ئەوەش یەكێكە لە نیشانەكانی پێغەمبەرایەتی، كە لە كتێبە ئاسمانیەكانی تردا ئاماژەی پێ دراوە. دەموچاوێكی سوورو سپی پرشنگدار، كە لە دوورەوە دەیبینی، لە هەیبەتی سیمای سەرسام دەبی، كە لێی نزیك دەبیتەوە، خۆشت دەوێ، كە دەیدوێنی، یان مامەڵەی لەگەڵدا دەكەی، عاشقی زاتی دەبی. ناوچەوان پان، برۆ كەوانی، خاوەن دوو چاوی گەورە و دەم و دانێكی جوان، ددانەكانی بە ڕێكوپێكی ریزكراون، هەر دەڵێی دەنكە مروارین. زۆربەی پێكەنینی زەردەخەنەیە، بە دەگمەن گوێت لە قاقای پێكەنینی دەبێ، چونكە هەمیشە هەڵگری خەمی چارەنووسی دواڕۆژی ئوممەتێكە. خاوەن گەردنێكی ڕەنگ زیوەیی بێ گەرد، بە شان و شەوكەت،

pdfelement

Remove Watermark Now

هەرچەندە ناو لەپی دەستی لە ئاوریشم نەرمترە، لە بۆنی میسك خۆشترە، کە دەیهێنێ بەسەر هەر دڵتەنگ و گومڕاوێکدا، ئارامی و دڵنیایی پێ ئەبەخشێ، یان بەسەر هەر نەخۆشێکدا، ئازار لە جەستەو گیانی ناهێڵێ. نە زۆر باریك و نە قەڵەو، لە پشت و سك و ناوقەدیشی، زیادە گۆشتێك بەدی ناکرێ، کە جوانی ڕوخساری تێکبدات، نیشانەی بەهێزیی جەستەی، لە ڕۆیشتن و گەورەیی چۆك و ئانیشك و پەنجەو ماسولکەکانیدا دیارە، نە بالآ کورت و نە کەڵەگەت بووە، بەڵکوو لە نێوان خەڵکیدا، درێژیی باڵای مامناوەندی بووە، کە لە نێوان خەڵکیش دادەنیشێ، شانی لە شانی تەنیشتەکانی خۆی بەرزتر دیارە، لە نێوان هەردوو شانیدا، مۆری پێغەمبەرایەتی بەدی دەکرێ، کە بریتیە لە پارچە گۆشتێك لە قەبارەی هێلکە کۆترێکدا لە هەمان ڕەنگی پێستی و چەند موویەکی بەسەرەوەیە، لە کتێبە ئاسمانیەکاندا وەك نیشانەی پێغەمبەرایەتی تۆمارکراوە. دەیفەرموو: گرنگی سوورەتی هود و هاوچەشنەکانی، پیریان کردم، هەرچەندە مووە سپیەکانی سەرو ڕیشی، هەتا ئەو ساتەی کە دونیای جێهێشت، بە پەنجەی دەست دەژمێردران. دەنگی تیژ نیە، بەڵکوو برە گڕییەك لە دەنگی بەدی دەکرێ، کە خۆشیەکی تایبەتی بە ئاوازی دەنگی بەخشیوە، ئەو ڕستەیەی کە دەیگوت، سێ جار دووبارەی دەکردەوە، بۆ ئەوەی لای گوێبیستانی جێگیر بێ، کە قسە دەکات، سەرسامیی گوێگرانی دادەگرێ، هەر دەڵێی باڵندە بەسەر شانیانەوە نیشتووە، خۆشیی ئاوازی دەنگی، بە تایبەتی

Remove Watermark Now

لە قورئان خوێندندا، دوژمنانی مەست کردووەو خەویانی لێ بڕیوە،کە بێدەنگ دەبێ، ڕێزو هەیبەت دایدەپۆشێ، کە ئاماژە دەدات، هەموو دەستی بەکار دەهێنێ، کە سەرسام دەبێ، دەستی وەردەگێڕێ، کە تووڕە دەبێ، ڕووی وەردەچەرخێنێ، کە دڵخۆش دەبێ، بە خەندەوە چاو دەنووقێنێ، کە تەوقە دەکات، دەستی خۆی ڕاناکێشێ تا بەرامبەرەکەی دەست نەکێشێتەوە، کە شەرم دایدەگرێ، ڕەنگی ڕووی سوور هەڵدەگەڕێ. ئەوەی بینیوێتی دەڵێ هەرگیز لەومان جوانتر نەدیوە، هەردەڵێی کە دروست بووە، هەموو سیفەتە جوانەکانی بۆ خۆی هەڵبژاردووە. ڕووی، ئاوێنەی دڵی بووە، کە تووڕە دەبێ، یەکسەر لە ڕوویدا دیارە، هەرچەندە بۆ خودی خۆی هەرگیز تووڕە نابێ، بەڵام کە سنوورەکانی خوای گەورە دەبەزێنرێت، هیچ شتێك تووڕەییەکەی ناوەستێنێ، تا مافەکانی خواو خەڵکی نە پارێزرێ. هەمیشە ناوی خوای گەورەی لەسەر زمانە، لە ڕۆژێکشدا، حەفتا جار داوای لێبوردن لە خوای گەورە دەکات، نهێنیەکی تایبەتی گرنگ بە خوای گەورەی بەستووە، بۆیە کە خوای پەروەردگار ویستی بیدوێنێ، وەکوو موسی (سەلامی خوای لێبێ) لە زەوی دیداری لەگەڵدا نەکرد، بەڵکوو بۆ ئاسمان بانگشی کردو لە زاتی پیرۆزی نزیکی کردەوە. سەبارەت بەویش، هەمیشە دڵی بە خوای گەورە بەستراوە، کە تووشی کێشەیەك دەبێ، یەکسەر پەنا بۆ نوێژ دەبات. لەگەڵ ئەو پایە بەرزەیدا،گاڵتە لەگەڵ گەورەو بچووك و بەندەو منداڵ و پیردا دەکات، بێ ئەوەی شتی ناڕاست بڵێ، یان هەستی

Remove Watermark Now

بەرامبەرەکەی برینداربکات. گوێ لە بۆچوونی هەموو کەسێك دەگرێ و گەر فەرمانی خوای تێدا نەبێ، باشترین بۆچوون هەڵدەبژێرێ. هەرگیز لە ناکاو خۆی بە ماڵدا ناکات، بەڵکو کە لە سەفەر دەگەڕێتەوە، پیش وەخت هەواڵ دەنێرێ، بۆ ئەوەی مۆڵەتیان باتێ بە جوانترین شێوازی دەرەکی و دەروونیی، خۆیان ئامادەبکەن. لە ناو ماڵدا خەریکی ئیشی ناو ماڵ دەبێ، لە بازاڕدا ئامۆژگاری بەخشە، لە مزگەوتدا پێشەوایە، لە جەنگیشدا ئازاترین کەسە. هەرگیز لە ئافرەت و بەندەی نەداوە و کاتێك کەم تەرخەمی لە ئیشێك کرابێ، گلەیی لەکەس، تەنانەت لە منداڵیشی، نەکردوە، نەیدەهێشت کەس دەستی ماچ بکات و دەیفەرمو: من یەکێکم لە خۆتان، حەزیشی نەدەکرد کەس شتی بۆ هەڵبگرێ و دەیفەرمو: هەڵگرتنی هەر شت و مەکێك، ئەرکی خاوەنەکەیەتی. لەناو کۆمەڵدا، بەشداری لە ئیش دەکات و دەیفەرمو: حەز ناکەم لێتان جیابمەوە، داوای لێبوردن پەسەند دەکات و کەس ڕووبەڕووی کاری خراپی ناکاتەوە، کە ئاگاداری کەسێك دەکات، گەر هاتوو هەڵەیەکی بکردایە، ڕووی دەکردە هەموویان و دەیفەرمو: ئەوە بۆ هەندێ کەس ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەکەن؟ بێ ئەوەی ناوی کەسەکە ببات، مەگەر کارەکە زۆر ناشیرین بێ و پەیوەندیی بە بنەمایەکی بنەڕەتی ئیسلامەوە هەبێت، یان پێویست بکات خاوەن ڕەفتارە ناشیرینەکە پەروەردە بکات، ئەو کاتە ڕووبەڕووی خاوەنەکەی دەکاتەوە. دیاری لە هەموو کەسێك وەردەگرێ، گران بێ دیاریەکە یاخود کەم بەها بێ، بەڵام هەرگیز صەدەقە و خێری

Remove Watermark Now

لە کەس وەرنەدەگرت، کە دەچووە کۆڕێك، نەیدەهێشت کەس لەبەری هەڵبسێ و لە یەکەم جێی بەتاڵدا دادەنیشت. بێ جیاوازی، گرنگی بە هەموو کەسێك دەدا، قسە شیرین و خاوەن پاکترین دەروونە، دڵیشی، وەك ئاوێنە، بێگەردو خاوێنە، ڕاست و ڕاستگۆیەو، بێ ئەوەی قسە بکات ڕاستگۆیی لە ڕوویدا دیارە، جوولەکەیەك کە یەکەم جار دەیبینێ دەڵێ: سوێند بە خوای گەورە ئەم ڕووە ڕاستگۆیەو هەرگیز درۆی لێ ناوەشێتەوە ! داوای هەر شتێکی ماڵ و سامانی دونیای لێبکرایە ، بەبێ دڵەڕاوکێ دەیبەخشی. هەرگیز وەك پاشاکانی دونیا بە چاو تروکاندن فەرمانی نەداوەو دەیفەرمو: ئێمەی پێغەمبەران، بە ڕاشکاوی، بە زمان، فەرمان دەدەین، شەڕ بە کەس نافرۆشێ و لە جەنگدا، ڕەوشتی بەرز پەیڕەو دەکات. لەبەر منداڵ و ئافرەت و پەککەوتە، هەرگیز بەشەو هێرش ناکاتە سەر دوژمن، هەستی خۆشەویستی و میهرەبانی نەك تەنیا ئادەمیزاد، بەڵکوو دارو درخت و شاخ و ڕووبارو خۆرو مانگ و ئاژەڵ و باڵندەشی گرتۆتەوە. کە هاتە دونیاوە، دونیای ڕووناك کردەوەو، لە خۆشی هاتنی، ئەستێرەکانی ئاسمان بە جوانترین شێوە خۆیان نمایش دەکرد ، کە بۆ شیرخواردن بەرەو دەشتیان برد، زەویە وشکەکانی ئاوەدان کردەوە، کە پێی موبارەکی نایە مەدینە، تەبایی و خۆشەویستی و ئاشتی و یاساو دادپەروەریی تیا بڵاوکردەوەو، کە دونیاشی جێهێشت، پەردەی ماتەمینی و خەمناکی ڕووی دونیای داپۆشی. بەڵام خۆشبەختانە، لە تەمەنی پێغەمبەرایەتیدا، بەرنامەیەکی ژیانی بۆ

pdfelement

Remove Watermark Now

خەڵکەکە جێهێشت کە ژیانێکی ئاسوودەو پڕ خۆشی، لە دونیا و پاش دونیاش، بۆ مسۆگەر بکات.

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد (ﷺ) لەگەڵ پەروەردگاردا

چۆن محمد (ﷺ) لە خوای پەروەردگار دەگەیشت؟ و خوای پەروەدگار چۆن سەیری محمد (ﷺ)ی دەکرد؟

بەرلەوەی محمد (ﷺ) ببێتە پێغەمبەر، هەستی کردووە کە هێزێك بەدواوەیەتی، پاڵپشت و چاودێری دەکات، هێزێك نەخشە بۆ ژیانی دەکێشێ، هێزێك دەیەوێ نامەیەکی پێبگەێنێ، بەڵام ئەم هێزە کێیەو لە کوێیەو چی لێی دەوێ؟

لەو شەوانەی کە لە ئەشکەوتی حیرادا دەمایەوە، بیر لە شێواوی و ناڕێکی باری مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی خەڵکی دەکرد، بە بەراوردکردن لەگەڵ رێك و پێکی پێکهاتەی گەردوون و زەوی، هەستی دەکرد بە نیگەرانیەك و، ئاواتەخواز بوو شتێك بۆ قەومی خۆی بکات، ژیان و گوزەرانیان بەرەو ئاقارێکی باشتر بەرێ، بەڵام هیچ بەرنامەیەکی روونی لەبەردەمدا نەبوو، تەنیا چالاکی تاقانەی خۆی، لە چوون بەدەم هەژارو بێ دەرامەت و رێزگرتن لە میوان و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ داواکاران، لەگەڵ چەندەها سیفەتی جوان لە رەفتارو هەڵسوکەوت، وەك ئەمانەت و راستگۆیی.

بەهۆی ئەو بیرکردنەوەیە، حەزی دەکرد زیاتر لە خوای پەروەردگار تێبگات، بەڵام لەبەر ئەوەی لە میللەتێك بوو کە لەوەوپێش پەیامی خوایان بۆ نەهاتبوو، نەیدەتوانی باش لە سیفەتەکانی خوا شارەزا بێ،

pdfelement

Remove Watermark Now

بۆ ئەوەی زیاتر لێی نزیك ببێتەوە. ئەو بتانەی لە دەوری ماڵی خوایان دانرابوو، کە قەومەکەی دەیانپرستن، زیاتر سەری لێ شێواندبوو، چۆن خوای پەروەردگار لەم بتانە رازیە و نایانفەوتێنێ و لێگەڕاوە لە ماڵی خۆی بپرسترێ؟ چۆن رازی دەبێ ژن و پیاو بە رووت و قووتی تەواف بە دەوری ماڵی خوادا بکەن؟ کوا هەڵوێستی بەرامبەر ئەو زۆرداریەو ئەو زەوتکردنی ماڵ و پارەی خەڵکی، کە لە پەنای کەعبەی ماڵی خوادا ئەنجام ئەدرێ؟ لەگەڵ مانەوەی لەو ئەشکەوتەداو، تەنانەت لە دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا، دەیان پرسیاری تر لە مێشك و هەستیدا خۆیان نمایش دەکردو هیچ وەڵامێکی گونجاوی بۆیان نەبوو.

لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری پێغەمبەرایەتی، محمد (ﷺ) لەلایەن خواوەو، بەهۆی قورئانەوە، وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانەی وەرگرت. زانی کە پەروەردگار ئەوی کردووە بە پێغەمبەری خۆی، بۆ ئەوەی لەو زوڵم و زۆرداری و هاوتا بۆ خوا هەڵبەستن رزگاریان بکات و دەروازەی بەهەشتی دونیا و ئاخیرەتیان بۆ بکاتەوە. بەهۆی ئەو ئایەتانەی قورئانەوە، ئەو هێزەی ناسی کە دەمێکە هەست دەکات لەگەڵێتی، بەرە بەرە لە تواناو هێزە بێ سنوورەکانی تێگەیشت، بۆیە لە هەموو کەسێك زیاتر لە تووڕەییەکەی دەترسا، لە میهرەبانیە فراوانیەکەی ئاگادار بوو، سۆزو خۆشەویستی بۆی بتەوتر بوو، بەڵکوو گەیشتە رادەیەك کە لەسەرەمەرگدا ئەو پێشنیارەی رەتکردەوە بە مانەوەی هەتا هەتایی لە

Remove Watermark Now

دونیاداو بە مەرگ رازی بوو، چونکە مەرگ نزیکبوونەوەی لە خوا دەگەیاند.

بەهۆی ئەو ئایەتانەی قورئان، کە لەلایەن خوای پەروەدگارەوە، بە درێژایی بیست وسیٚ ساڵ، بۆی هاتبوو، توانی لە پێگەی لای خوا تێبگات:

کاتیٚ کە پەوەردگاری جیهانەکان سوێند بە تەمەنی بخوات: ﴿لَعَمْرُكَ﴾(سورة الحجر، 72).

کاتیٚ کە مننەت بەسەر هەموو پێغەمبەران بکات بەوەی میهرەبانی خوا لە تەنگانەدا فریایان کەوتووەو بەو بفەرمووێ: تۆ میهرەبانیەکی خوای پەروەردگاری بۆ جیهانەکان ﴿وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ﴾ (سورة الانبياء 107)

کاتیٚ کە دڵنیای بکاتەوەو پێی بفەرموێ: ئارام بگرە، تۆ لە چاومانی: ﴿وَاصْبِرْ لِحُكْمِ رَبِّكَ فَإِنَّكَ بِأَعْيُنِنَا﴾(سورة الطور 48)

کاتیٚ کە بە موسڵمانان بفەرموێ: محمد (ﷺ) باوکی کەستان نیە، محمد (ﷺ) پێغەمبەری منە: ﴿ مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ﴾(سورة الاحزاب، 40)

کاتیٚ کە بەرگری لە مێشکی بکات ﴿ مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى ﴾ (سورة النجم، 2)

کاتیٚ کە بەرگری لە زمانی بکات﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنْ الْهَوَى ﴾ (سورة النجم، 3)

Remove Watermark Now

کاتیٚ کە بەرگری لە دڵی بکات﴿ مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى ﴾ (سورة النجم، 11)

کاتیٚ کە بەرگری لە چاوی بکات ﴿ مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى ﴾ (سورة النجم، 17)

کاتیٚ کە ئاماژە بە رەوشتی، بە جوانترین شێوە، بکات: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾(سورة القلم، 4)

کاتیٚ کە پێی رابگەیٚنیٚ، کە پەیمانی لە هەموو پێغەمبەرانی وەرگرتووە، ئەگەر هاتوو محمدی پێغەمبەریان (ﷺ) پێگەیشت، دەبیٚ باوەڕی پێبکەن و سەری بخەن:

﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ النَّبِيِّينَ لَمَا آتَيْتُكُمْ مِنْ كِتَابٍ وَحِكْمَةٍ ثُمَّ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مُصَدِّقٌ لِمَا مَعَكُمْ لَتُؤْمِنُنَّ بِهِ وَلَتَنْصُرُنَّهُ﴾(سورة آل عمران، 81).

لە سەرەتای دابەزینی ئایەتەکانی قورئان، ئایەتەکان قورساییەکی زۆریان لەسەر دڵی پێغەمبەر (ﷺ)دا هەبوو، بۆیە هەر دوای چەند دیدارێك لەگەڵ جبریلداو دوای دابەزینی چەند سوورەتێك، پێویستی بە پشوودانەوەیەك هەبوو، بۆ ئەوەی دڵی دابمرکیٚ و هێور بێتەوە، هەرچەندە تەنیا چەند لاپەڕەیەکی قورئان هاتبوونە خوارەوە، بەڵام زۆربەی ئەو ئایەتانە ئاگادارکردنەوەو رێنمایی و روونکردنەوەی رۆڵی پێغەمبەر (ﷺ)ی دەگرتە خۆ. ماوەیەك وەحی وەستاو ئایەتی تر نەدهاتە خوارەوە، بۆ ئەوەی دڵی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ ناسکترین و خۆشترین و بەسۆزترین وشەی نزیکبوونەوەی خۆشەویستان بە پەرۆش

pdfelement

Remove Watermark Now

بێ و گوێ نەداتە زەحمەتەکانی هاتنەخوارەوەیان لەسەر دڵ و دەروونی...

لە ماوەی دابڕینی وەحیدا، چەندەها پرسیار خۆیان نمایش دەکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، لەوانە ئایا بەرلەوەی خوای پەروەردگار بیکات بە پێغەمبەر، مامەڵەی لەگەڵیدا چۆن بوو، ئایا دوای بوونی بە پێغەمبەر دەبێ داهاتووی چۆن بێ، گرنگترین پرسیاریش ئەوەیە: بەدەر لە ئاگادار کردنەوەی خەڵکی، خوای پەروەردگار داوای چی لێدەکات.

دوابەدوای دابڕینی وەحی، دوو سوورەت هاتنە خوارەوە، (والضحى) و (الانشراح)، ئایەتەکانی ئەو دوو سوورەتە، ناسکترین ئایەت بوون بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە..

لە سوورەتی (والضحى)دا پێی فەرموو...

﴿وَالضُّحَى(*)وَاللَّيْلِ إِذَا سَجَى( *)مَا وَدَّعَكَ رَبُّكَ وَمَا قَلَى( *)وَلَلْآخِرَةُ خَيْرٌ لَكَ مِنَ الأُولَى( *)وَلَسَوْفَ يُعْطِيكَ رَبُّكَ فَتَرْضَى( *)أَلَمْ يَجِدْكَ يَتِيمًا فَآوَى(*)وَوَجَدَكَ ضَالاً فَهَدَى( *)وَوَجَدَكَ عَائِلاً فَأَغْنَى( *)فَأَمَّا الْيَتِيمَ فَلاَ تَقْهَرْ(*)وَأَمَّا السَّائِلَ فَلاَ تَنْهَرْ( *)وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾ (سورة الضحى، 1-11)

سوێند بە کاتی چێشتەنگاو، کاتێ خۆر، بە جوانترین شێواز، لە ئاسۆی دوورەوە، زەوی رووناك دەکاتەوە...

سوێند بە شەو، کە بە باڵی ئارامی و هێوری، دەروونی گیانلەبەران دادەپۆشێ...

هەرگیز پەروەردگارت، پشتی تێ نەکردووی و فەرامۆشی نەکردووی!

Remove Watermark Now

بەڵکوو، پەروەردگارت بەڵێنت دەداتێ، کە داهاتووت لە رابووردووت چاکتر دەبێ..

دەبێ پەروەردگارت، ئەوەندەشت پێ ببەخشێ، هەتا رازی دەبی...

پەروەردگارت لەمێژە چاودێریت دەکات، ئیتر چۆن ئەمڕۆ دەست بەردارت دەبێ...

بۆ هەر ئەو نەبوو، کە بینی بێ دایك و باوکی، جێی حەوانەوەو باوەشی سۆزی بۆ دابین کردی؟

بۆ هەر ئەو نەبوو، کە بینی گومڕای، رێی پێ پیشان دای؟

هەر ئەویش بوو، کە بینی هەژارو بێ دەرامەتی، دەست و دڵی دەوڵەمەندکردی؟

دەسا تۆش لەمەولا...

هەتیو مەڕەنجێنە...

بە گژ داواکاران مەچۆو بەدەم داواکایەکانیانەوە بچۆ...

هەمیشەش نیعمەتەکانی پەروەردگارت، بۆ خەڵکی باس بکە

بەهۆی ئەو سوورەتەوە، دڵی پێغەمبەر (ﷺ) پڕ لە ئارامی و ئاسوودەیی بوو، بەڵام خوای پەوەردگار ویستی سۆزی زیاتر بداتێ، ویستی زیاتر پێگەی لا خوا بزانێ، بۆیە هەر دوا بەدوای سورەتی (والضحى)، سورەتی (الانشراح) بۆ هێنایە خوارەوە...

﴿أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ( *)وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ( *)الَّذِي أَنقَضَ ظَهْرَكَ(*) وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ (*) فَإِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا( *) إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا(*)فَإِذَا فَرَغْتَ فَانصَبْ(*)وَإِلَى رَبِّكَ فَارْغَبْ(*)﴾(سورة الانشراح،1–8).

pdfelement

Remove Watermark Now

لەم سوورەتەدا، خوای پەروەردگار بە شێوازی راستەوخۆ گفت و گۆی لەگەڵدا کرد، بۆ ئەوەوی زیاتر دڵی پێغەمبەر (ﷺ) بە خواوە ببەستیٚ، ویستی پێی رابگەێنیٚ کە ئەو هەڵبژاردەی ئەوە، بۆ نزێکی لە خوا دروستکراوە...

پێی فەرموو...

ئایا دڵ و دەروونتمان فراوان نەکرد؟ هەست ناکەی دڵت بەسەر رووداوەکان زاڵ بووە؟ هەست ناکەی دڵ و دەروونت بە ناسینی خوا بتەوترو ئارامتر بووە؟

ئێمە بووین ئەو بارە قورسەمان لەسەر دڵت لابرد، ئەو بارەی ئەوەندە قورس بوو، کە خەریکبوو پشتت بچەمێنیٚ...

ئەنجا بڕوانە چۆن ناوتمان بەرزکردەوە، تۆ بووی بە پێغەمبەری پەروەردگاری جیهانەکان، ناوت لە بەرزترین شوێن دەنگدەداتەوە، لەسەر زەویشدا، ناوت لە پاڵ ناوی خوادا دەبریٚ و دەبێتە مورکی بەندایەتی بۆ خواو مەرجی چوونە ژێر باڵی رەزامەندی پەروەردگاردا.

ناخۆشی و بێتاقەتی هەرگیز بەردەوامیان نیە، بەڵکوو لەگەڵ هەر تەنگانەیەك، ئاسانكاریەك دێت...

بەڵیٚ دڵنیابە كە لەگەڵ هەر تەنگانەیەك، ئاسانكاریەك دێت...

چارەسەری هەموو خەمەكانی دڵ، نزیکبوونەوە لێمە...

لە پاڵ گەورەیی من، خەم و پەژارە بوونیان نیە...

پەنای منت هەبیٚ، خەم و بێزاریت نامێنیٚ...

Remove Watermark Now

دەسا پاش ئەوەی کارەکانت تەواو کرد، لە خەڵکی دابڕە و رووبکەرە زاتم، بە پەرستن و موناجاتم خۆت ماندوو سەرقاڵ بکە، ئەو ماندووبوونە، باشترین چارەسەرێکە بۆ فراوانکردنی سنگت و لابردنی تەنگانەی دڵ و دەروونت، چونکە خەمەکان دەگەنە لای من و دەتوێنەوە.

پێغەمبەر (ﷺ) لە رادەبەدەر خوای پەروەردگاری خۆشدەویست، هەمیشە خەیاڵ و دەروون و دڵی لای خوا بوو، رۆژانە حەفتا جار زیاتر داوای لێخۆشبوونی لە خوا دەکرد. کە هەواڵی لێخۆشبوونی خوای پێ گەیشت، کە لە هەموو گوناهەکانی رابووردوو و داهاتووی خۆشبووە، بەردەوام بوو لەسەر پەرستنی شەوانی، هەتا بنی پێی ئاوسا، کە لێیان پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا تۆ گوناهت نەماوە، ئیتر بۆ ئەوەندە بە شەو نوێژی خۆت ماندوو دەکەی؟ دەیفەرموو: ئەی نابێ لەسەر ئەو بەخشینە سوپاسی کەمەوە؟!

کە نوێژی دەکرد، گوێیان لە دەنگی هەناسەی دەبوو لە ترسی خوا هاژەی دەهات، هەرگیز توورە نەدەبوو، تەنیا کە شتێك دەکرا خوا قەدەغەی لێکردبێ.

ئەوەندە متمانەی بە خوا بوو، کە دەشتەکیەکی بێ باوەڕ فرسەتی لێ هێناو شمشێری بە روویدا بەرزکردەوەو پێ وت: ئەی محمد! کێ تۆ لە من رزگار دەکات؟ فەمرووی: خوا! کابرا بە بیستنی ناوی خوا شڵەژاو شمشێرکەی لە دەست کەوت، ئەنجا پێغەمبەر (ﷺ) شمشێرەکەی

Remove Watermark Now

هەڵگرت و فەرمووی: ئەی تۆ ئێستا کێ ڕزگارت دەکا لە دەستم؟ فەرمووی: موسڵمان بە! وتی: موسڵمان نابم، بەڵام پەیمان بێ شمشێر بە ڕووتان بەرز نەکەمەوە، فەرمووی: بڕۆ، تۆ سەربەستی!

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد (ﷺ) بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ ناسینی خوا

دەشێ پێغەمبەر( ﷺ)، (پاش قورئان) ، بکرێ بە گرنگترین بەڵگە لەسەر بوونی خوای گەورەو ناسینی سیفەتەکانی، بۆ ئەوانەی کە پێویستیان بە بەڵگە لەسەر بوونی خوادا هەیە، یان سیفەتەکانی خوای گەورە نەناسن. قورئان، کە کتێبی خوایە، ئاماژە بەوە ئەدا کە ئەرزو ئاسمان و ڕووەك و گیانلەبەری سەر زەوی، هەموو بەڵگەن لەسەر بوون و یەکتایی خوایەتی خوای گەورە، بێ گومان گەورەیی پێغەمبەر( ﷺ) لەو دروستکراوانە زیاترە، ئەندازەی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (ﷺ) لە ئەندازەی گەردوون توندترو پتەوترە، چونکە ئەو ڕەفتارانە لە ویستی مرۆڤ دەرچووە، مرۆڤیش دەتوانێ ڕێرەوێکی پێچەوانەی فەرمانی خوا وەربگرێ، بەڵام گەردوون ویستی سەربەخۆو ئازادی نیە، واتە بۆی نیە ڕێگایەکی پێچەوانە لەو ڕێڕەوەیەی کە خوای گەورە بۆی دانابێ وەربگرێ، لەبەر ئەوە دەشێ پێغەمبەر ( ﷺ) بە گەورەترین بەڵگە لەسەر یەکتایی و بوونی خوای گەورە دابنرێ. (عائشە)ی هاوسەری (ڕەزای خوای لەسەر بێ) دەفەرموێ: ڕەوشتی پێغەمبەر( ﷺ) بریتی بوو لە قورئان، واتە محمد(ﷺ) توانیوێتی، بە ویستی خۆی، دەستووری خوای گەورە لە ژیانی خۆی بنوێنێ، بێ ئەوەی بە قەدەر موویەك لێی لابدات، بە مانایەکی تر، پێغەمبەر(محمد)( ﷺ)ئاوێنەی کتێبی خوای گەورەیە.

pdfelement

Remove Watermark Now

مێژوو زۆر کەسایەتی هەڵبژاردەی بە خۆیەوە ناسیوە، کە هەر یەکێکیان بە سیفەتێك یان زیاتر ناسراو بووەو پێی بەناوبانگ بووە. بۆ نموونە(عنترە بن شداد) بە ئازایەتی، (حاتم الطائي) بۆ بەخشندەیی،(الاحنف بن قيس) بە ئارامی ....هتد، هەروەها لە مێژووی کورد، بەڵکوو لە گەل و نەتەوەکانی تریشدا، هەمان شێوە لە هەڵگرانی سیفەتێکی بەرز یان زیاتریان تێدا بووە، بەڵام کۆکردنەوەی هەموو سیفەتە بەرزەکان لە یەك کەسدا، هەرگیز بە ڕێکەوت نایەت، چونکە ڕەوشت و هەڵس وکەوتی ئادەمیزاد وەکوو جووڵەی ئەتۆم وئەستێرەکان نیە، بەڵکوو کەوتۆتە ژێر کۆنترۆڵی ویستی ئادەمیزاد، بۆیە دەبێ سەرچاوەیەکی بەهێزو بێ کەم وکورتی، کە لە ئادەمیزاد بەهێزترە، ڕێنمایی و چاودێری محمد(ﷺ)ی کردبێ، بۆ ئەوەی بەو شێوە نایابە دەرچێ، ئەو هێزەش هەر هەمان هێزە کە دەستووری یاساکەی بۆ ناردووە، کە خوای ئەرزو ئاسمانە.

هەروەها دەتوانین لە ڕوانگەی سیفەتەکانی پێغەمبەر( ﷺ)، زۆر لە سیفەتەکانی خوای گەورە تێبگەین. بۆ نموونە، ڕادەی میهرەبانی پێغەمبەر ( ﷺ) بۆ مرۆڤی باوەڕدارو گیانلەبەرو و دارو درەختی دەوروبەر شتێکی روون و ئاشکرایە، ئەی دەبێ میهرەبانی خوای گەورە چۆن بێ، کە سەرچاوەی ئەو میهرەبانییە؟ بە هەمان شێوە دەتوانین سیفەتەبەرزەکانی تر، وەك پاداشتدانەوە و ڕاستگۆیی و لێبوردەیی ...هتد بەراورد بکەین و بپێوین. ئەنجامی ئەو بەراوردکردنە، دڵنیابوون و

Remove Watermark Now

ئارمگری مرۆڤی باوەڕدەرە، کە زیاتر لە لێبوردەیی و  میهرەبانی خوا تێدەگات، ئەوەش پاڵی پێوە دەنێ کە تووشی دڵەڕاوکێ و بێ ئومێدی نەبێ لە کاتی گەڕانەوە بۆ ژێر باڵی بەندایەتی بۆ خوای پەروەردگار دوای نقومبوونی لە گوناه وتاوان، یاخود کاتێ بەرامبەر هێزی زوڵم و زۆرداری بوەستێ و هێزی لە دەورا نەبێ، بێجگەلە خوا، پشتی پێ ببەستێ.

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد(ﷺ)...هێمای ژیانه

پێغەمبەر محمد (ﷺ) لە هەرکوێ بووبێ، بە ویستی خوا، ژیان لە ژێر پێیدا هەڵقوڵاوە. پەیوەندی پێغەمبەر لەگەڵ ژیاندا لە دونیا و پاش دونیاش رەنگی داوەتەوە ، لە منداڵیەوە هەتا بە خاك سپاردنی، مانایەکی بە ژیان بەخشیوە:

## بەهارێك لە بیاباندا

وەکوو داب و نەریتێکی کۆنی قورەیشیێکان، منداڵ کە لە دایك دەبێ، لە شار دوور دەخرێتەوەو، لە هەوای پاکی دەشت، بەخێو دەکرێ و لەلایەن دایەنێکی ئەو دەشتە، شیری پێ دەدرێ. دایەنەکان وا بەرەو مەککە پەیتا پەیتا دێن و هەر یەکەو منداڵێکی شیرخۆری ناو مەککە هەڵدەبژێرێ. دایەنەکان ئاگایان لە (محمد)بوو، بەڵام کەسیان ئامادەنەبوو بیباتە لای خۆی، لەبەر هەتیوی و بێ دەرامەتی دایك و باپیری. هەرچەندە باپیری (محمد)، گەورەی قەورەیش بوو، بەڵام توانای دارایی لاوازبوو.

(حليمة السعدية)، کە لەگەڵ هاوسەرو منداڵێکی شیرخۆری خۆی بۆ مەککە، بۆ هەمان مەبەست هاتبوو، (محمد)ی بینی، بەڵام ئەویش، لەبەر هەمان هۆ، دوودڵبوو لە بردنی. قەدەرو چارەنووس، ڕۆڵی خۆی بینی بۆ بەستنەوەی ئەو ئافرەتە بەو منداڵە، چونکە دواجار، لەبەر ئەوەی منداڵێکی شیرخۆری دەست نەکەوت، بڕیاری دا (محمد) بەرێ، ئەگینا

pdfelement

Remove Watermark Now

دەبێ بەدەست بەتاڵی بەرەو ئاوەدانی (بنی سعد) بگەڕێتەوە، بۆیە بە هاوسەرەکەی گوت:

– ئەی هاوسەری شیرینم! ئێمە لەم هاتنەمان، چاومان لەو دیارییانەیە، کە باوك و بنەماڵەی ئەم منداڵە شیرخۆرانە، کە لەبری شیردانمان بە منداڵەکانیان، پێمان دەدەن، من دەزانم لە منداڵێکی بێ باوکی وەك (محمد)و لە بنەماڵەیەکی هەژاری وەك ( عبد المطلب )، شتێکی ئەوتۆمان دەست ناکەوێ؟ بەڵام بە خوا ئامادەنیم بەدەست بەتاڵی بگەڕێمەوە، گەر ئەو ئێسترەی کە پێی هاتین لاواز نەبوایە و کەمێك خێراتر بڕۆشتایە، ئێمە لەوانەیە منداڵێکی تر لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندترمان دەست دەکەوت، هیوادارم خوا، بە هەڵگرتنی ئەم منداڵە هەتیوە بەسەزمانە، قەرەبوومان بکاتەوە!

– خێزانی دڵسۆزم! ئەوەتا لەبەر لاوازیی جەستەت، خۆت دەرەقەتی شیردانی ئەم منداڵەی خۆتت نیە، سەرەڕای ئەوەش، وشکە ساڵیەکی سەخت ڕووی تێکردووین، تنۆکێك شیر لە گوانی مەڕوماڵاتماندا بەدی ناکرێ، بەڵام منیش وەك تۆ، هیوادارم سوودێك لەم منداڵە ببینین، هەرچەندە منداڵەکە هەتیوەو کەس و کاری کەم دەرامەتن، بەڵام زۆر سەرنج ڕاکێش و دڵگیرو ڕۆح شیرینە، هەست دەکەم ڕۆحێکی موبارەکت دەست کەوتووە!

حەلیمە، (محمد)ی لە دایکی وەرگرت و خستیە باوەشی و مەمکی دایە، بەو هیوایەی تنۆکێك شیر بچێتە قوڕگی، کەچی (محمد) یەکسەر،

Remove Watermark Now

دەستی کرد بە شیر خواردن، حەلیمە سەیری لێ هات، هەست ناکات لەگەڵ شیرخواردنەکە، شیری کەم بێتەوە! هەروەها هەست بە دڵنیایەکی بێ وێنە دەکات. دوای ئەوەی (محمد)، تێر شیری خوارد و لێی نووست، حەلیمە بەشێنەیی خستیە لایەك و دەستی کرد بە شیردانی کوڕەکەی خۆی، ئەویش تێر شیری خوارد و خەوی لێ کەوت. دواتر کە چوونە لای ئەو حوشترە لاوازە بێ شیرەی، کە لەگەڵ خۆیاندا هینابویان، سەریان سوڕما، چونکە دەبینن گوانەکانی پڕە لە شیر! ئەوانیش دەستیان کرد بە دۆشینی و لە شیرەکەی تێریان خوارد! زۆر لە مێژە، لە نازو نیعمەتی وەهادا نەژیاون، بۆیە مێردەکەی بە دڵخۆشیەوە پێی گوت:

– پێم نەگوتی؟ ئەم منداڵە، نهێنیەکی تێدایە!... ژنەکە! جارێ ئاشکرای مەکە! وابزانم ڕۆحێکی پڕ بەرەکتمان دەست کەوتووە!...

حەلیمەو هاوسەرکەی بەرەو دەشتی (بنی سعد)، بە دڵخۆشیەوە،کەوتنە ڕێ، دڵنیابوون کە بە دەست کەوتێکی گرنگ دەگەڕێنەوە، هەست دەکەن زەوی نایانگرێ، ئەو بارگیرەی وا سواری بوون، ئەو بارگیرە نیە کە پێی هاتبوون، ئەوەتا پێش هەموو حوشترو ئێسترەکان دەکەوێ و پێش هەموو دایەنەکان گەیشتە ئاوەدانی (بنی سعد).

ئای دایەنانی (بنی سعد)! ڕازی نەبوون (محمد) لەگەڵ خۆتانا بەرن!! ئەوەتا حەلیمە، بە بەرکەتی ئەو منداڵە، پێش هەمووتان

Remove Watermark Now

دەکەوێ، جارێ لە کوێتانە؟ هێشتا بە تەواوەتی خێرو بەرەکەتی(محمد)تان نەدیوە! ئای حلیمەی بەختەوەر! گەر دەزانی کێت هەڵبژاردووە، گەر دەزانی، لەکام دەرگای گەورەی مێژوو، چوویتە ژوورەوە! گەر دەزانی ئەم منداڵە شیرخۆرە کێ یە و پلەی لای خوا چیە!

دایەنانی (بنی سعد)، کە پێش حەلیمەو هاوسەرەکەی گەیشتنە مەککە، دەبینن ئێسترو حوشترەکەی حەلیمە پێشیان دەکەوێ و پێیان ناگەن، بۆیە هاواریان کرد:

– حەلیمە! لەسەرخۆ بە! ئەوە چیت داوە بەو ئاژەڵانە، ئاوا بەهێز بوون؟! ئەمە هەر ئەو ئاژەڵە لەڕو لاوازە نین کە پێی هاتن، ئەوە بۆ ئەرز ناتانگرێتە خۆ؟!

حەلیمە لە دڵی خۆیدا وەڵامیان دەداتەوە:

– ئای دۆست وبرادەرانم! ئەو ڕۆژە بەسەرچوو کە لە دواتانەوە بمێنینەوە، تازە لە مەولا بە بەرکەتی (محمد) هەمیشە سەرقافڵەتانین!!

خێرو بەرەکەت، حەلیمە و بنەماڵەوە مەڕو ماڵاتی گرتەوە، بەڵام دەوروبەریان ووشکاییە، ئیتر ئایا ئەوە تایبەتمەندیە، کە خوا بە بنەماڵەی حەلیمە، وەك پاداشت دانەوەی، بەخشیوە، یاخود سزایەکە لە ئاسمان بۆ ئەو کەسانەی نازی(محمد)یان هەڵنەگرت؟! خوای گەورە

Remove Watermark Now

دەزانیێ! خەڵکی دەوروبەر کە سەیری بارودۆخی خۆیان وگوزەرانی بنەماڵەی حەلیمەیان دەکرد، بە شوانەکانیان دەگوت:

– بڕۆن بە شوێن مەڕومالاَتی حلیمە کەون! ئاوەدانی لەوێدایە!

حەلیمەش، لە دڵی خۆیدا پێدەکەنیێ و دەڵێ:

– نەخێر ئازیزان! ئاوەدانی تەنیا لەژێر پێی (محمد) دایە!!

هاوسەری حلیمەش ناو دڵی خێزانەکەی دەخوێنێ و دەڵێ:

– بەڵی ئەی خێزانی خۆشەویستم! لەوەتەی (محمد)مان هێناوەتە ئەم ناوە، خێرمان لەگەڵ خۆمان هێناوە، وشکایی دەوروبەرمانی گرتۆتەوە، بەلاَم بەر پێمان سەوزاییە، گوانەکانی مەڕومالاَتمان شیردارە، کەچی گوانی مەڕومالاَتی خەڵکی، وشك و لاوازە، ئەمە هەمووی، تەنیا، بەهۆی بەرەکەتی ئەم مندالەیە! دیارە پەیوەندیەکی پتەو لە نێوان ئەم منداڵەو ژیاندا هەبێ! ڕوو لە کوێ بکات، ئاوەدانی بلاَودەکاتەوە!

## مایەی بووژانەوەی ژیان بوو

پەیوەندی محمد (ﷺ) لەگەڵ بووژانەوی ژیاندا بەردەوام بوو و لە وەرزەکانی وشکەساڵیدا، مایەی ئاوەدانی بووە . کە کراوە بەڕووی ئاسماندا، بووە بۆ هۆی دابەزینی باران و گەشەکردنی زەوی و زار. هەر لە هەرزەکاریداو پێش بوونی بە پیغەمبەر، ( أبو طالب )ی مامی ئەو ڕاستیەی لا چەسپاوەو کردوویەتی بە شیعرو گوتویەتی: ڕووسپییەکە،

Remove Watermark Now

باران بە روویدا دادەبەزێ، دالدەی هەتیوانەو حورمەتی بێوەژنان دەپارێزێ.

هەر ئەوەندە بەس بوو کە دەست بێنێ بەسەر خۆراکی دووسێ کەسدا، بۆ ئەوەی لەشکرێکی پێ تێر بکات!

ئاوی سازگار لە نێوان پەنجەکانی، وەك کانیاو، هەڵقوڵاوە.

لیکی موبارەکی ناو دەمی، بووە بە سارێژی برینەکان، بۆیە مەحاڵ بوو تنۆکێك لە ئاوی دەست نوێژی، بەر زەوی بکەوتایە، بە دەیان دەست لە ژێر دەست و پێی موبارەکی ئامادەن دەبوون، بۆ کۆکردنەوەی ئەو تنۆکە بەنرخانە.

عارەقەی ناوچەوانی، لە لایەن دۆستانی کۆدەکرایەوەو بە عەتری تایبەتی خۆیان تێکەڵ دەکرا، چونکە بۆیان روون بووە کە بۆنی عەتری لەشی موبارەکی، لە عەتری رەسەنی خۆیان خۆشترە!

بن دەستی موبارەکی لە ئاورێشم نەرمتر بووەو، بۆنی لەشی لە بۆنی میسك خۆشتر بووە.

خەو بە چاویدا دەهات، بەڵام دڵی بە ئاگا بووە! ئەوەش قووڵی ژیان لە پێکهاتەی دەردەخات.

لە رێی کۆچکردندا، پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبو بکر و رێبەرەکەیان بە خێوەتەکەی (أم معبد)دا تێپەڕ بوون. (أم معبد) ئافرەتێکی خێرخوازبوو، چادرەکەی لە رێگای گەشتیاراندا بوو، ژمارەیەك لە مەڕو

Remove Watermark Now

ماڵاتی هەبوو، گەر شیر لە گوانەکانیان هەبێ و گەشتیارێك بەو ناوەدا بڕوات و ڕووی تێ بکات، بەشی ئەدا.

پێغەمبەر(ﷺ) سەلامی لێکردو داوای شیری لێکرد، ئەویش گوتی: بەداخەوە، ئەمساڵ وشکە ساڵی بوو، و گوانی مەڕەکانمان کەڵکی دۆشینیان نیە. فەرموی: ئەی ئەو مەڕە بچووکەی لەو سووچەدا؟ گوتی: ئەوە لەبەر ماندوێتی ماوەتەوە، فەرموی: تۆ بڵێی شیری تیابێ؟ گوتی:باوەڕ ناکەم، فەرموی: مۆڵەتم ئەدەیتێ بیدۆشم؟ ئافرەتەکە بە سەرسوڕمانەوە گوتی: فەرموو ، هەرچەندە ئەستەمە دڵۆپێك شیری تیا بێ. پێغەمبەر(ﷺ) بەدەستی موبارەکی، گوانەکانی مەڕەکەی سڕی و ناوی خوای هێناو، هەر ئەوەندە دوعای کردو دۆشی، شیر خۆڕەی هات، بۆیە قاپێکی گەورەی داواکردو پڕی کرد لە شیر، کە پڕبوو، دای بە (أم معبد) و پێی فەرمو: فەرمو بخۆ! ژنەکە شیری خواردەوە هەتا تێر بوو، دوایی دایە دەست هاوەڵانی، ئەوانیش خواردیانەوە هەتا تێربوون، پاشان ئەویش خواردیەوە، دواتر دیسانەوە دۆشیی هەتا پڕی کردەوەو دایە (أم معبد) و فەرموی: ئەوەش بۆ خۆتانی هەڵبگرە! ئافرەتەکە ئەم دیمەنە بەلایەوە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، چونکە هەرگیز دیمەنی وای نەدیبوو.

پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵەکانی خێوەتەکەی (أم معبد)یان جێهێشت و بەرەو (يثرب) ڕۆیشتن. کە هاوسەری (أم معبد) بە مەڕو ماڵاتە لاوازو لەڕەکانی گەڕایەوە، سەیری لێ هات، کاتێ قاپێکی گەورەی پڕ لە شیری

Remove Watermark Now

بینی، گوتی: ئەم شیرەتان لە کوێ بوو ئافرەت؟ گوتی: واز بێنە ! بەسەرهاتێکی سەیرم بینی، بەرلەوەی بگەیتە لامان، پیاوێکی موبارەکی رووگەشی خوێن شیرینی ڕەوشت بەرز، لەگەڵ دوو کەسدا بێرەدا ڕۆیشتن، دەستی دایە ئەو مەڕە لاوازەو دۆشیی، هەموومانی تێر شیر کردو ئەو قاپە گەورەیەشی بۆ پڕکردین. هاوسەری (أم معبد) گوتی: بۆم وەسف ناکەیت چۆن چۆنی بوو؟ (أم معبد) گوتی: پیاوێکم بینی چ پیاوێك! خاوەن ڕووخسارێکی پرشنگدارو ڕوویەکی گەش و ڕەفتار جوان، خاوەن پێکهاتەیەکی جوان و ڕێك و پێك، کە بێ دەنگ ئەبێ، ڕێز ڕووخساری دادەپۆشێ، کە قسە دەکات، سەرنجت ڕادەکێشێ، وشەکانی لە ناو لێوەکانی، یەك بە دوای یەك، وەك دەنکە مرواری دێنە خوار، قسەکانی شیرین و کورت و ڕوون و ئاساین، خاوەن دەنگێکی زوڵاڵ و خۆش، لە دوورەوە کە دەیبینی جوانترین کەسە، کە نزیك دەبێتەوە جوانی لە ڕادە بەدەرە، باڵایەکی نموونەیی هەبوو، نە کورت و نە زۆر باڵا بەرز، دیمەنی لە نێو ئەو دوو کەسەی کە لەگەڵێدا بوون جوانتر و لەوانیش بە قەدرتر دیاربوو، کە قسەی دەکرد، گوێیان لە قسەی دەگرت، کە شتێکیشیان پێ بڵێ، دەست بەجێ فەرمانیان جێبەجێ دەکرد. هاوسەرەکەی گوتی: بەو وەسفانەی کە کردت، ئەوە ئەو پیاوەیە کە قورەیش لێی نیگەرانە، چونکە دەڵێ پێغەمبەری خوام، من هەر زوو ویستم دوایبکەوم، هەر بوارێکیشم بۆ برەخسێ، دەبێ پێی بگەم ودوای پەیامەکەی بکەوم.

Remove Watermark Now

## دوای مردنیش، مانای بووژانەوە دەگەیێنێ

لە ڕۆژی مەحشەردا، کە خەڵکی ئەکەونە ژێر باری تینوێتی، حەوزی موبارەکی ئەبێ بە سەرچاوەی ئاوەدانی بۆ ئەو خەڵکە تینووە بێ شومارە. بەقەدەر ژمارەی ئەستێرەی ئاسمان پەرداخ لەسەر لێواری حەوزەکە دانراوە، بۆ ئەوەی تینوێتی میللەتەکەی بشکێێ. ئەو کاتە، شوێنکەوتوانی لە مانای هێمای ژیان، کە سیفەتێکی بەرچاوی ئەو پێغەمبەرەیە، تێدەگەن.

بەهەشت گەورەترین پێشانگای ژیانە، بەو هەموو شاخ و درەخت و دیمەنە جوانەکانی ژیان لە ئاوی سازگارو ڕوو و ڕوخساری جوان و پێکهاتەی ڕێك و پێك. دوای دڵنیابوون لە خەڵکەکە و دوای کۆبوونەوەیان لەبەردەم دەرگاکانی بەهەشتدا، یەکەم کەس کە دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە، پێغەمبەر ە(ﷺ)، بەڵکوو هەر لەسەر دەرگاکانی بەهەشتی خوای پەروەردگاردا ناوی خواو ناوی پێغەمبەر محمد (ﷺ) نووسراوە، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیە بچەسپێ و بۆ خەڵکی ئاشکرا بکرێ، کە محمد (ﷺ) گەورەترین هێمای ژیانە.

## گرنگترین ڕەنگدانەوەی ژیان

بەڵام گەورەترین ڕەنگدانەوەی ژیان لە پێغەمبەر(ﷺ)، شوێن کەوتنی ڕێگای ژیان و ڕێنمایەکانێتی . هەر هەنگاوێك بەدوای پێغەمبەردا بنرێ، چێژێك لە ژیان و خۆشی دەروونیەك دەست دەکەوێ و، ڕوویەکی گەش لە ژیان دەبینرێ:

Remove Watermark Now

– یەکێك ل   ێی پرسی: کام ئیسلامە باشترە؟ فەرمووی: خواردن ببەخشە و سەلام لە ناس ئاو  نە  نەسیاو بکە و لە درەنگە کاتدا هەڵسە شەو نوێژی بکە، ئەو سێ ڕێنماییە تاقی بکەرەوە، ئەنجا بڕوانە ئەو سێ کردارە چ خۆشییەکی دەروونیت پێ دەبەخشێ.

– لە ئایەتی قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)دا، زۆر جەخت لەسەر ئەوە کراوە کە مرۆڤی ئیماندار دەبێ چاوی بپارێزی لە سەیرکردنی دیمەنی حەرام، لەو ساتەدا لەزەتێکی کاتی لە دەست دەچێ، بەڵام ڕاستەوخۆ دوای ئەوە بەختەوەریەکی هەمیشەیی دەست دەکەوێ، بەهۆی زاڵبوونی ویستی باوەڕ بەسەر هەواو ئارەزووی نادروست.

– " مَا جَرَعَ عَبْدٌ جَرْعَةً أَعْظَمَ أَجْرًا عِنْدَ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى مِنْ جَرْعَةِ غَيْظٍ كَظَمَهَا ابْتِغَاءَ وَجْهِ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ "(سنن بن ماجه): کاتێ خەریکە بەسەر یەکێك هەڵبچی، لە پێناوی ڕەزامەندی خوای گەورە مەهێڵە توورەیێکەت زاڵبێ، ئینجا بڕوانە چ خۆشیەك ناو دڵت دەگرێتەوە.

– (ثلاث من كن فيه وجد بهن حلاوة الإيمان: من كان اللهُ ورسولُهُ أَحَبَّ إليه مما سِوَاهما، ويُحِبَّ المرء لا يُحِبُّهُ إلا لله، وأن يَكْرَهَ أن يعود في الكفر، بعد أن أنقذه الله منه، كما يكره أن يُقْذَفَ في النار )(رواه مسلم)، واتە ئەو سێ هەستە لە ناو دڵت دروست بێ، لەزەتی باوەڕ دەچێژی.

– (مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاةً وَاحِدَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ عَشْرَ صَلَوَاتٍ ، وَحَطَّ عَنْهُ عَشْرَ خَطِيئَاتٍ ورفع له عشر درجات) (رواه احمد وصححه الالباني )، واتە بە ناردنی یەك درود بۆ گیانی پاکی پێغەمبەر (ﷺ) خوای گەورە

Remove Watermark Now

ده میهرەبانیت بۆ دەنێرێ، ئینجا گەر خوای گەورە لە ساتێکدا دەجار میهرەبانیت بەسەردا ببارێنێ، دەبێ باری ناو دڵ و دەروونت چۆن بێ، بێ گومان پڕ لە خۆشی وشادی دەبێ.

– (لِلصَّائِمِ فَرْحَتَانِ فَرْحةٌ حِينَ يُفْطِرُ وفَرْحَةٌ إِذَا لَقِيَ رَبَّهُ) (رواه مسلم واحمد)، واتە بەختەوەری، یەکێکە لە سەرچاوەکانی ڕۆژووە، لە ڕۆژووگرتن دوو خۆشیت دەست دەکەوێ، یەکێکیان لە کاتی ڕۆژو شکاندن، ئەوی تریان کە بە دیداری خوای گەورە دەگەی وپاداشتی ڕۆژۆکەت دەست دەکەوێ.

– (من كان في حاجة أخيه كان الله في حاجته، ومن فرَّج عن مسلمٍ، فرَّجَ الله عنه كربة من كرب يوم القيامة) (صحيح البخاري ومسلم)، واتە خوای پەروەردگارئاسانکاریت بۆ دەکات گەر هاتوو ئاسانکاریت بۆ برات کردو، ئەگەر هاتوو غەمێکت لە سەر موسڵمانێك لابرد، خوای گەورە غەمت لەسەر لا دەبات، نەك تەنیا لە دونیا بەڵکوو لە دوا ڕۆژشدا. هەر لەو ساتەی کە خۆشیەکت پێشکەش بە مرۆڤێك کرد، یان غەمێکت لەسەر لابرد، خوا پاداشتت دەداتەوەو خۆشیەك دەخاتە دڵتەوە.

بەو پێیە، گەر پێداچوونەوە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین دەبینین چۆن مایەی هێنانی خۆشیی و بەختەوەریە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد ﷺ...خاوەن بە سۆزترین دڵە

خاوەن گەورەترین و بە سۆزترین دڵە ، کە هەمیشە هەوڵی داوە دڵی خەڵکی بداتەوەو کێشە داراییەکانیان چارەسەر بکات و ئازارە دەروونیەکانیان سارێژ بکات.

## دڵدانەوە

- پیاوێك زۆر جار لای پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵەکانی دادەنیشت، منداڵێکی لەگەڵ خۆی دەهێناو، دەیخستە باوەشی. دوای ماوەیەك، کابرا دیار نەما، کە پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پرسی، گوتیان: ئەو منداڵەی کە لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا کۆچی دوایی کرد. پێغەمبەر (ﷺ) دواتر بینی وسەرەخۆشی لێ کردو وپێی فەرمو: کامەیان بەلای تۆ خۆشترە: هەتا کۆتایی تەمنت، ئەو منداڵە لەگەڵتدا بمێنێ وخۆشی لێ ببینی، یان سبەینێ لە هەر دەرگایەکی بەهەشتدا بێیت، لە پێش خۆت دەیبینی و دەرگای بەهەشتت بۆ بکاتەوە؟! گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! بێ گومان پێشم کەوێ و دەرگای بەهەشتم بۆ بکاتەوە لای من خۆشترو باشترە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: دڵنیابە کە بە مردنی کورەکەت ئەوەت دەستکەوتووە.

- ( **زاهر بن حرام**) هاوەڵێکی دانیشتوانی دەشت بوو، هەر جارێك و دیاریەکی بۆ پێغەمبەر(ﷺ) لە دەشتەوە دەهێناو پێغەمبەریش (ﷺ) لەبری ئەوە، شت و مەکی ناو (مدینە)ی بە دیاری پێ دەدا. ئەو پیاوە ، زۆر ڕۆح سووك بوو، هەرچەندە دەماوچاو ناشیرین بوو. پێغەمبەر (ﷺ)

Remove Watermark Now

ڕۆژێك دەچێ بۆ بازاڕو دەبینێ زاهر شت دەفرۆشێ، لە پشتەوە باوەشی پێوە دەکات و بە دەستی هەردوو چاوی دەگرێ! زاهیریش پێی دەڵێ: بەرم بدە! کە ئاوڕ ئەداتەوە، دەبینێ پێغەمبەرە(ﷺ)، بۆیە لە خۆشیدا زیاتر پشتی بە سنگی پێغەمبەر ەوە(ﷺ) دەنووسێنێ، ئەنجا پێغەمبەر(ﷺ) بانگ دەکات: کێ ئەم بەندەیە دەکڕێ؟ ئەویش پێی ئەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! دەمفرۆشی؟ باوەڕ بکە پارە ناکەم، پێغەمبەریش(ﷺ) پێی ئەفەرموێ: بەڵام تۆ لای خوا زۆر بە نرخی!

– (**أويس القرني**)، کە خواناسێکی خەڵکی یەمەن بوو، لە سەردەمی خەلافەتی (عمر)، پلش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر وەفاتی پێغەمبەر (ﷺ)، لەگەڵ قەومی خۆی بۆ حەجکردن دێتە (مکە)و لەوێوە سەردانی (مدینە) دەکات. ئەو خواناسە هەر لە ژیانی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان دەبێ، بەڵام لەبەر خزمەتکردنی دایکی، پێینەدەکرا سەردانی پێغەمبەر(ﷺ)بکات. قەومەکەی بە دیار مەڕومالاتیان دایانناو ڕوویان کردە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ). ئەویش بۆخۆی خەریکی نوێژو بیرکردن لەو ساتەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لە ژیاندا مابوو و حەسرەت بۆ ئەو ساتانەی دەخوارد کە بە دیداری پێغەمبەر (ﷺ) نەگەیشتبوو. لە دڵی خۆشیدا دەیگووت: گریمان چاویشم بە پێغەمبەر (ﷺ) بکەوتایە، تۆ بڵێی زاتێکی بەرزی وا، کە پێغەمبەری خوایە، ئاوڕ لە شوانێکی جل شڕووڕی وەك من باتەوە؟ بەهەر حاڵ، ئاوڕیشی لە منیش نەدابێتەوە، هەر چۆن دەبوو چاوێکم پێ دەکەوت و دڵ و دەروونم بە بینینی شاد

Remove Watermark Now

دەبوو. لە ناو گێژەنی ئەو بیرکردنەوەو خەیاڵە خۆشەدا، دوو پیاو لێی نزیك بوونەوە، سەلامیان لێ کردو لێیان پرسی: تۆ (أويس القرني)ت؟ گوتی: بەڵێ! چۆن زانیتان؟ گوتیان: قەومی تۆمان بینی و ئەوان پێیان گوتین، گوتی: فەرموون چیتان لە من دەوێ؟ (علي) گوتی: من ئامۆزای پێغەمبەرم(ﷺ) و ئەمیش (عمر) خەلیفەی موسڵمانانە، ئەیەوێ هەندێ پرسیارت لێبکات، گوتی: فەرموون، (عمر) گوتی: تۆ لە هۆزی (مزن)ی؟ گوتی: بەڵێ! گوتی: تۆ دەمێکە موسڵمان بووی، بەڵام لەبەر خزمەتکردنی دایکت، لە بینینی پێغەمبەر (ﷺ) دواکەوتی؟ گوتی: بەڵێ! گوتی: پێستیشت تووشی جۆرە نەخۆشیەك بووەو لێی چاك بوویتەوە، تەنیا جێیەکی بچووکی نەبێ؟ گوتی: بەڵێ تەواوە، ئەو هەموو سیفەتانەم تێدایە، گوتی: ئێمە دەمێکە چاوەڕێت دەکەین، دەبا موژدەت بدەینێ کە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو سیفەتانەی دا پێمان و پێی فەرمووین: ئەگەر رۆژێك یەکێکتان بینی لە یەمەنەوە هاتبێ بە ناوی (أويس القرني)و ئەم سیفەتانەی تیابوو، داوای لێ بکەن دوعای لێخۆشبوونی خواتان بۆ بکات!

(أويس) بەو بەسەرکردنەوەو دڵدانەوەی پێغەمبەر (ﷺ)، پاش ئەو هەموو ساڵانە بە کوڵ گریاو، زانی کە مانەوەی لەگەڵ دایکیدا بەم پلەو پایەی گەیاند.

pdfelement

Remove Watermark Now

## دڵدانەوەی ئافرەتێکی کۆچبەر

ئەمە یەکەم شەوە بەسەر ( أم حبيبة )ی کچی (أبو سفيان)دا دێ و هاوسەرەکەی لە ماڵدا نەبێ، هاوسەرەکەی ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد . ئەم ئافرەتە موسڵمانە، کە لەگەڵ هاوسەرکەی و موسڵمانان هاتە ( حبشة)و، لەم وڵاتەدا کچێکی بوو ناوی نا(حبيبة)، ئەمڕۆ لە بارێکی دەروونی تەنگدایە، نەیدەزانی چیبکات، ئێرە مەککەی وڵاتی نیە، ئێرە (حبشة)یە، غەیری چەند موسڵمانێك کەسی تری نیە، لە مەککەش باوکی، کە سەرکردەی قورەیشە، لەسەر ئاینی بت پەرستی و بە شەوو بە ڕۆژ دوژمنایەتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و ئاینی ئاسمان دەکات، بۆیە مێشکی وەستاوەو بڕیاری پێ نادرێ، لێرە بمێنێ یان بگەڕێتەوە مەککە، ئەو تازە ناگەڕێتەوە مەککە، چونکە لەوانەیە کەس و کاری زۆری لێ بکەن و بیخەنە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی واز لە ئیسلام بێنێ، ناشتوانێ بگەڕێتەوە مەدینە، چونکە لە مەدینەدا هیچ خزمێکی نیە، هەرچەندە موسڵمانان حوکمڕانی ئەو شارە دەکەن، بۆیە وەك موسڵمانێك کە مەینەتی تووش دەبێ، ڕووی دەکاتە پەروەردگار، بۆ داواکردنی چارەسەرێك و کردنەوەی دەروازەی هیواو تکا. کەمێك وەنەوز بردیەوە، لە خەودا یەکێك بانگی کرد: ئەی دایکی باوەڕداران! بۆیە لە خەو ڕاچڵەکاو زۆر بەو خەوە دڵ خۆشبوو، بەڵام دەبێ ئەم نازناوە مانای چیبێ ؟ تۆ بڵێی ببێت بە هاوسەری پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ چونکە ئەو نازناوە تەنیا بە هاوسەرەکانی دەووترێت!

Remove Watermark Now

دوای تێپەڕ بوونی چوار مانگ بەسەر ئەو ڕووداوە، ڕۆژێك لە ماڵ دانیشتبوو خەریکی ئیشی ناو ماڵبوو، گوێی لە دەنگی دەرگا بوو، کە دەرگاکەی کردەوە، بینی وا ( أبرهة)یە، کە ئافرەتێکی کۆیلەی پاشای حەبەشەیە. زۆر جار بۆ هەواڵ پرسین و دڵدانەوەو جێبەجێکردنی پێداویستی ژیانی، پاشا ئەم ئافرەتەی بۆ دەنارد:

– بەخێربێی (أبرهة) !

– ئەمڕۆ (أم حبيبة) هەواڵێکی زۆر گرنگم بۆ هێناوی، ئیتر نازانم دڵت پێی خۆش دەبیّ یان نا !

– خێرە ؟ منت بۆ هەواڵەکە پەرۆش کرد !

– لە مەدینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ناردووە کە داوات دەکات ببی بە هاوسەری!

– من! داوای من دەکات! تۆ دڵنیایت لەم هەواڵە (أبرهة)؟!

– بەڵیّ! بە دڵنیاییەوە! دیارە ڕازیت و پێت خۆشە!

– چۆن ڕازی نابم؟ من ئەوە چەند مانگ ێکە خەونێکم بینیوە کە بە نازناوی دایکی باوەڕداران بانگم دەکەن و لێی تێنەگەیشتم، ئیستا تێگەیشتم، چونکە ئەم نازناوە بۆ هاوسەرانی پێغەمبەرە(ﷺ).

pdfelement

Remove Watermark Now

- پاشا فەرموی: ئەگەر ڕازی بی، بریکارێك لە موسڵمانانی (حبشة) کە خزمی خۆت بێ هەڵبژێرە بۆ مارە بڕینەکە.

لە خۆشیدا، (أم حبيبة) دوو بازنەی زیوی کرد بە دیاری بۆ (أبرهة) لەسەر ئەو هەواڵە خۆشەو ڕووی کردە ئاسمان وسوپاس گوزاری خوای پەروەردگاری کرد، کە هەمیشە ئاگای لە بەندەیەتی و ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەر (ﷺ)ی بیرکەوتەوە کە دەیفەرموو: هەر کەسێك لە پێناوی خوا واز لە شتێك بێنێ، خوای پەروەردگار لەوە باشتری پێ ئەبەخشێ. دڵیشی بەرەو مەککە چوو، بیری لە پێغەمبەر (ﷺ)ی هاوسەری نوێی کردەوە، هەرگیز بە خەیاڵیدا نە هاتبوو، کە ڕۆژێك بێت و ببێ بە هاوسەری دوایین پێغەمبەری خوا، ئای پێغەمبەری خوا چەند ئەو دڵە گەورەیەت خەڵکی لێقەوماو لە خۆی دەگرێ، چۆن من لەم مەینەتە هەڵگرت و دڵت دامەوە، ئەوەتا دوای ئەو هەموو ڕووداوە سەختانە، بەو هاوسەرگیریە، بووژامەوە.

بەڵام لە مەراسیمی مارە بڕینەکە، کە هەموو موسڵمانانی (حبشة) ئامادە بوون، پرسیارێك هاتە ئاراوە، پێغەمبەر (ﷺ) کێی کردۆتە بریکاری خۆی؟

پاشا ووتارێکی بۆ خوێندن وگوتی: ئەی موسڵمانان! بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، سوپاس بۆ خواو سڵاو لەسەر پێغەمبەری خوا! پێغەمبەری خوا محمد (ﷺ) منی کردۆتە بریکاری بۆ ئەم بۆنەیە، منیش

Remove Watermark Now

بەم کارە زۆر خۆشحاڵم و ئەم چوارسەد دینارە مارەییە پێشکەش بە هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) دەکەم و وەك داپ و نەریتی پێغەمبەرانی خوا، هەر هەمووتان بۆ خواردن بانگێش دەکەم.

کە پارەکەیان بۆ (أم حبیبة) هێنا، چل دیناری بە (ابرهة) پێشکەش کردو پێی گوت: ببورە! ئەو جارە کە موژدەکەت دامێ، تەنیا ئەو بازنەم پێ بوو، بەڵام ئەو پارەکەی وەرنەگرت و گوتی: من لە پاشا هیچ ناشارمەوە، پێم گوت **بازنەت** پێشکەش کردووم، بەڵام ئەو لێم توورە بوو و فەرمانی پێدام کە نابێ هیچی ترت لێ وەربگرم!

هەرچەندە (ابو سفیان) سەرکردەی بەرەی دوژمنانی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام هەمیشە هەواڵی کچەکەی لە دوورەوە دەپرسی و پێیناخۆشبوو ئەو هەموو ڕووداوانە لە وڵاتی بێگانەدا لێی بقەومێ، بۆیە کە هەواڵی هاوسەرگیری کچەکەی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)ی بیست، پێی خۆشبوو و ئەو ڕەفتارەی بەرز نرخاند و گوتی: بەڕاستی محمد پیاوێکی بە غیرەتەو شایەنی ڕێزلێنانە! بەڵام (أبو سفیان) ، لەگەڵ ئەوەشدا ، لە پیلان گێران بۆ دوژمنایەتی ئەم پەیامە پیرۆزە هەر بەردەوام بوو!

## دڵدانەوەی کۆمەڵێك لایەنگر

لە کۆتایی جەنگی (هوازن)دا، پێغەمبەر (ﷺ) دەستکەوتەکانی ئەم جەنگەی بەسەر تازە موسڵمانانی قورەیش دابەش کرد، بۆ ئەوەی تێیان بگەیێنێ کە مەبەست لە غەزاو جیهاد دەستکەوتی مادی نیە، بەڵکو

Remove Watermark Now

هەڵگرتنی زوڵم و زۆرداری لەسەر رووی زەوی و بڵاوکردنەوەی وشەی یەکخوا پەرستی، کە بنەمای هەموو کارە چاکەکانی مرۆڤەو لادان لەو بنەمایە، مرۆڤ بەرەو دۆڵەکانی گومڕایی و ستەمکاری دەبات.

ئەو جۆرە دابەشکردنە، دڵی کۆمەڵێك لە موسڵمانانی مەدینە لە لایەنگرانی نیگەران کردو حەزیان دەکرد وەك تازە موسڵمانانی مەککە شتیان بەرکەوێ. پێغەمبەر (ﷺ) کە بەمەی زانی، هەواڵی بۆ گەورەکەیان نارد، کە لە شوێنێکی تایبەت کۆیانبکاتەوە. لەو کۆڕەدا، پێغەمبەر (ﷺ) پێیانی فەرمو:

سوپاس بۆ خوا، ئەی لایەنگران و خۆشەویستان! شتێکم لێ بیستن و گلەییەکی ئێوەم پێگەیشت سەبارەت بەو دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگەکە، بەڵام ئێوە دەزانن کە لەگەڵ هاتنم بۆ شارتان، خێرو بەرەکەتتان لەلایەن خواوە بۆ هاتەوە. ئەی لە بیرتان چوو، کە گومڕابوون و بە هاتنم، خوا ڕووناکی خستە دڵ و دەروونتانەوە؟ لە بیرتان چوو، کە هەژار بوون و کەم وکورتی داراییتان هەبوو و بە هۆی بوونم لە ناوتاندا دەوڵەمەند بوون؟ دوژمنی یەکتری بوون و بە هۆی منەوە تەبا بوون؟ گوتیان: مننەت لە خواو پێغەمبەری خوایە، فەرموی: باشە، ئەی بۆ وەڵامی قسەکانم نادەنەوە؟ گوتیان: بە چی وەڵامت بدەینەوە ئەی پێغەمبەری خوا؟ سەرچاوەی مننەت و چاکە، خواو پێغەمبەرە! فەرموی: ئەگەر ئارەزووی وەڵامدانەوەتان هەبێ و ئەمەی

pdfelement

Remove Watermark Now

خوارەوە بڵێن، ڕاست ئەکەن وکەس بۆی نیە بەدرۆتان بخاتەوە، بڵێن: لەو کاتەی کە قەومی خۆت بەدرۆیان خستیتەوە، ئێمە باوەڕمان پێ کردی، کاتێ کەس پشتی نەگرتی، ئێمە بووین بە پشت و پەنات، کە دەربەدەریان کردی، ئێمە دەرگای ماڵەکانمان بۆ کردیتەوە، کە دڵشکاویش بووی، ئێمە بە هاناتەوە هاتین! ئەی لایەنگرانی خۆشەویست! لەبەر چی گلەیتان لە ناو دڵتاندا هەڵگرتبوو؟ لەبەر شتێکی بێ بەهای دونیا، کە بە هەندێ خەڵکیم بەخشیبێ، بە مەبەستی دروستکردنی خۆشەویستی بۆ پەیامی خوا، پشتیشم بە ئیسلامبوونتان قایم کردبوو! دواتر، کامتان قازانجی لەوی تر زیاترە؟ ئەوان، کە هەندێ مەڕوماڵاتیان دەستکەوتووە؟ یان ئێوە کە دەست لە ناو دەستی پێغەمبەری خوا، بۆ ناو ماڵ و منداڵتان دەگەڕێنەوە؟ قەسەم بەوەی گیانی (محمد)ی بەدەستە، قازانجی ئێوە گەورەترە! کۆچکردنیش نەبوایە، من هەر لایەنگریم هەڵدەبژارد، ئەگەر خەڵکیش ڕێگاوبان ودۆڵێك بگرنە بەرو، ئێوە ڕێگایەکی تر بگرنەبەر، من هەر ڕێگاو و ڕێچکەی ئێوە هەڵدەبژێرم، خەڵکی خۆشەویستمن، بەڵام ئێوە هەناو و دڵمن، لە خوا داواکارم کە ڕەحم بە ڕۆڵەکانتان و ڕۆڵەی ڕۆڵەکانتان بکات.

ئەو وشانەی پێغەمبەر (ﷺ) کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر لایەنگران هەبوو و کەوتنە گریان و پێیان گوت: بە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ڕازیبووین، دواتر فەرموی: دەبێ ئەوەش بزانن، کە پاش من،

Remove Watermark Now

بێبەشیەکی زۆر دەبینن، ئارام بگرن هەتا لە حەوزەکەم لە رۆژی مەحشەردا پێم دەگەنەوە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد ﷺ ... خاوەن بەهێزترین دڵە

بەڕاستی محمد ﷺ شایەنی ئەم پەیامەی خوای پەروەردگار بوو، چونکە خاوەن بە هێزترین دڵ بوو، کە توانی پێشوازی لە وشەکانی خوای ئەرزو ئاسمان بکات و بە تەواوەتی و بێ دەستکاری کردن، بە دۆست و دوژمنانی ڕابگەیێنێ. خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ئەگەر ئەم قورئانە بەسەرکێویێکدا دابەزێنم، خ ۆی پێ ڕاناگیرێ و لە ترسی خوادا درز دەبات، کەچی دڵی پێغەمبەر ﷺ توانی بەرامبەر ئەو وشە خواییانە خۆی ڕابگرێ.

گەورەیی ڕاستەقینەی محمد ﷺ لەو هەڵوێستانەی دەردەکەوێ ،کاتێك وشەکانی خوای ئەرزو ئاسمان دوپاتی بەرزیی ڕەوشتی دەکەنەوە، وەك لە سورەتی (القلم) کە ڕاستەوخۆ پێی دەفەرموێ: ( وإنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيم ) واتە تۆ ئەی محمد خاوەن ڕەوشتی زۆر بەرزی، کەچی هەست بە هیچ جۆرە فیزێك یان لە خۆبایی بوونێك ناکات.

هەروەها لە بواری نمایشکردنی میهرەبانی خوا، کاتێك لە (سورة الانبياء) بیری پێغەمبەران و پیاوو ئافرەتە چاکەکان دەخاتەوە، کە چۆن میهرەبانی خوا لێیان نزیك بوو و فریایان کەوت ، کەچی کە دێتە سەر محمد ﷺ، پێی دەفەرموێ: (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلاَّ رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ ) ، واتە میهرەبانی من بۆ پێغەمبەران و بەندەکانی خوا بەو شێوەیە بوو، بەڵام

Remove Watermark Now

سەبارەت بە تۆ ئەی محمد، هە ر خودی خۆت بریتیت لە میهرەبانی خوا، نەك تەنیا بۆ ئادەمیزاد، بەڵکوو بۆ هەموو جیهانەکان!

(( ئێمە جاری وا هەیە وشەیەکی ستایش لەلایەن کەسێك، کە کەمێك لە خۆمان بەرزتر بێ، بەر گوێ بکەوێ، ئەرز نامانگرێتە خۆو، لە خۆبایی دەبین و لەوانەشە خەومان لێ نەکەوێ، بەڵام محمد ﷺ لەلایەن خوای گەورەوە ستایش دەکرێ، هەر خۆشی لە هەموو کەسێك زیاتر خوای گەورە دەناسێ، کەچی خۆڕاگر و دڵنیا و هێمن دەمێنێ و لە ژێر باری ئەو ستایشکردنە لەلایەن گەورەترین هێزێك لە بوونەوەردا، تێك ناچێ. ئەوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر گەورەیی محمد ﷺ،کە بەڕاستی شایەنی ئەو پلەو پایەیە، کە لەلایەن خوای گەورەوە پێی بەخشراوە. لە ڕاستیدا، گەورەیی محمدﷺ لە گەورەیی پەیامەکەیە، هەر کەسێکیش گەر بیەوێ دوای ئەو دوو ڕاستیە، واتە راستی پێغەمبەر ﷺ و راستی پەیامی ئیسلام، بکەوێ، لەوانەیە بتوانێ ڕێڕەوەی جووڵەیان ببینێ، بەڵام هەرگیز پێی ناکرێ دەستنیشانی سنوورو خاڵی کۆتاییەکان بکا، چونکە ئەم پەڕوو ئەو پەڕی ئەو دوو ڕاستیە، لە بواری ئیدراکی هیچ ئادەمیزادێکدا نیە!))

وەنەبێ تەنیا وشەی ڕێزلێنان لەلایەن خواوە گەیاندۆتە خەڵکی، بەڵکوو وشەی گلەییەکانیشی، بەهەمان شێوەو بەهەمان ئەمانەتەوە گەیاندووە:

Remove Watermark Now

رۆژێك لە مەككەدا، هاوەڵێكی نابینا بە ناوی ( ابن أم مكتوم )، دێتە لای پێغەمبەر ﷺ بۆ گوێ گرتن لە وشەی تازەی خوای پەروەردگار. پێغەمبەریش ﷺ لەو كاتەدا سەرقاڵی بانگێشكردنی هەندێ لە كەڵەپیاوانی قورەیش دەبێ، كە دژی پەیامی خوای گەورە وەستابون، چونكە دەیزانی گەر هاتوو ئەمانە موسڵمان بن، لەوانەیە هەموو خەڵكی مەككە بەدوایانەوە موسڵمان بن و مەككە دەبێتە بنكەیەك بۆ بڵاوكردنەوەی پەیامی خوا بۆ هەموو جیهان. (ابن أم مكتوم) هەوڵ ئەدا پێغەمبەرﷺ بدوێنێ ولە وشەكانی خوای گەورە رۆشنایی وەربگرێ، چاویشی لێ نیە پێغەمبەر ﷺ سەرقاڵی بانگێشكردنی كافرەكانی قورەیشە بۆ ئیسلام. پێغەمبەرﷺ كەمێك لەو پیاوە بێزار دەبێ و رووی لێ گرژدەكات. لەبەر ئەوەی سەرچاوەی پەیامەكە خوای گەورەیە، بۆیە خوای پەروەردگار لەو هەڵوێستەی پێغەمبەرﷺ بێ دەنگ نەبوو، لەو رۆژەدا، بێ ئەوەی (ابن أم مكتوم) نارەزاییەك دەرببڕێ، یان تەنانەت هەستی بریندارببووبێ ، چونكە چاوی لەو هەڵوێستەی پێغەمبەر ﷺ نەبوو، هەر لەو رۆژەدا، وشەكانی خوای گەورە هاتنە خوارەوە بە ناوی سوورەتی (عبس) واتە (رووی گرژ كرد)، كە تیایدا گلەییەك ئاراستەی پێغەمبەرﷺكرا لەو هەڵوێستەی بەرامبەر نابیناكە:

﴿عَبَسَ وَتَوَلَّى... رووی گرژكردو پشتی تێكرد ...

Remove Watermark Now

**أنْ جَاءَهُ الأعْمَى**... کاتێك نابینەکە هاتە لای...(بڕوانە لەبەر قەدری پێغەمبەر ﷺ لەلای خوای گەورە، سەرەتای گلەییەکە ڕاستەوخۆ ئاڕاستە ناکات !).

**وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى**... جا تۆ چووزانی؟ لەوانەیە هاتبێ دەروونی بە وشەکانی خوا خاوێن بکاتەوە..

**أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنْفَعَهُ الذِّكْرَى**...یان ئامۆژگاریەکی دەستکەوێ سوودی لێ وەربگرێ...

**أَمَّا مَنْ اسْتَغْنَى(*) فَأَنْتَ لَهُ تَصَدَّى(*)وَمَا عَلَيْكَ ألاَّ يَزَّكَّى(*)**... بەڵام ئەوەی لێت بێ باکەو تۆو وشەکانی خوای ناوێ، ڕووی تێدەکەی، هەرچەندە لەو بێ باکییەی بەرپرسیاریش نیت...

**وَأَمَّا مَنْ جَاءَكَ يَسْعَى(*)وَهُوَ يَخْشَى(*) فَأَنْتَ عَنْهُ تَلَهَّى(*)**... بەڵام ئەوەی بە پێی خۆی هاتووەو لە ترسی ئێمە ڕووت تێدەکات، تۆ دەستبەرداری دەبیت...

**كَلاَ إِنَّهَا تَذْكِرَةٌ(*)فَمَنْ شَاءَ ذَكَرَهُ( *)**... نەخێر! ئەمە پەیامێکە بۆ هوشیارکردنی دڵ و دەروونە، کێ ئارەزووی لێ بێ، با بێ و پەیڕەوی بکات...

**فِي صُحُفٍ مُكَرَّمَةٍ( *) مَرْفُوعَةٍ مُطَهَّرَةٍ( *) بِأَيْدِي سَفَرَةٍ (*) كِرَامٍ بَرَرَةٍ﴾**(سورەتی عبس 1–16)، ئەم وشانە پاك و پایەبەرزن، بە دەست فریشتەی پاك و پایەبەرز، لە شوێنێکی بەرز هەڵگیراوەو پارێزراوە.

Remove Watermark Now

کە ئەم ئایەتە پیرۆزانە هاتنە خوارەوە، هەرچەندە گلەییەك ئاڕاستەی پێغەمبەری خوا ﷺ کرابوو، بەڵام پێغەمبەر ﷺ ئەو ئایەتانەی نەشاردەوە، بەڵکوو دەم ودەست، لە پەنای کەعبەدا، بە ئاشکرا لە ناو نوێژدا، بۆ باوەڕدەران وکافرانی دەیخوێندەوە، کە (ابن أم مکتوم )یشی دەبینی، ڕاستەوخۆ ڕووی تێدەکردو بە زەردەخەنەوە پێی دەفەرمو: سڵاوت لێبێ ئەی ئەو کەسەی کە لە پێناوی تۆدا خوای پەروەردگار گلەییی لێکردم! ، ڕاستە بارەکە زۆر ناسك بوو، چونکە پێغەمبەر ﷺ سەرقاڵی گەیاندنی پەیامی خوای پەروەردگار بوو، بەڵام خوای گەورە دەیویست پێوەرەخواییەکانی دادپەروەری لە سەر زەویدا، بە توندی بچەسپێنێ.

pdfelement

## مەزنترین بانگخواز بۆ خۆشەویستی

مەزنترین بانگخوازێکە بۆ خۆشەویستی و چەندەها هەنگاوو بەرنامەی، بۆ بڵاوکردنەوەی بنەمای خۆشەویستی لە نێوان خەڵکیدا، داڕشتووە، لە ئاشکراکردنی سڵاو لە ناسیاو و نەناسیاودا، بۆ بانگێشکردنی یەکتری، بە تایبەتی هەژاران، بۆ خواردن، بۆ پێشکەشکردنی دیاری، بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ یەکتری بە زمان و کردەوە، بۆ دەرخستنی خاڵەبەهێزەکانی هاوەڵانی و شاردنەوەی خاڵەلاوازەکان. هەمیشە دەیفەرمو: گەر گوێتان لە هەر شتێکی نالەبار بوو لەسەر هاوەڵانم، بۆم مەگێڕنەوە، با دڵم بەرامبەریان نەگۆڕێ، هەمیشە دەمەوێ بە دڵێکی بێ

Remove Watermark Now

لەکە بێمە ناوتانەوە. دیارترین بەڵ گە لەسەر قووڵی خۆشەویستی لە دەروونی ئەو پیاوە مەزنەدا ﷺ، ئەوەیە، کە داوا لە هاوەڵانی دەکات لە هەموو کەسێك، تەنانەت لە خودی خۆیان زیاتر، ئەویان خۆش بوێت، هۆیەکەش ئەوەیە کە ئەویش هەموو کەسێکی لە خودی خۆی زیاتر خۆش دەوێ! ڕوونترین بەڵگەش لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێ، دەفەرموێ: هەر پێغەمبەرێك، داواکاریەکی تایبەتی هەیە، هێنانە دی لەلایەن خواوە مسۆگەرکراوە، هەموو پێغەمبەران ئەو داواکاریەیان لە دونیا بۆ مەبەستی جیاجیادا بەکار هێناوە، بەڵام من بۆ ڕزگاربوونی ئوومەتم لە کێشەو تەنگ و چەڵەمەو دژوار ی دواڕۆژدا هەڵگرتووە. ئەو زاتە پیرۆزە دەیتوانی ئەو داواکاریە، لە ساتێکی دژواری ناو ژیانی دونیادا بەکاری بێنێ، بەتایبەتی ئەو ساتە دژوارانە لە ژیانیدا بێ ژمارە بوون! بۆ نموونە دەیتوانی بەکاری بێنی بۆ ڕزگارکردنی ڕۆڵەی خۆی، ئیبراهیمی دوو ساڵ ، کە لەبەردەست و لەبەر چاوی خۆی وخێزانی، گیانی لەدەست دا! تەنیا پێغەمبەر محمد ( ﷺ)، کە دەتوانێ بەرژەوەندی خەڵکی بەسەر بەرژەوەندی خۆی سەربخات.

Remove Watermark Now

# محمد ﷺ ...سەرچاوەی پەروەردەیە

لە سەرەتای بوونی بە پێغەمبەر، محمد (ﷺ) هەمیشە هەوڵی داوە هاوەڵانی لەسەر بنەمای رەوشت و هەڵسوكەوتی جوان و باوەڕی بتەوو خۆشەویستی و تەبایی و دادو ئاشتی پەروەردە بكات، نەك تەنیا بە قسەو رێنمایی بەڵكوو بە كردەوەو رەفتار.

## هەرزەكارە دەوسێكە...(أبو هريرة)

(ابو هريرة ) گەنجێك بوو لەگەڵ قەومی خۆی لە هۆزی دەوس لە یەمەنەوە بۆ مەدینە كۆچی كردبوو. لەبەر بێ دەرامەتی زۆر جار بە برسێتی دەمایەوە، بەڵكوو هەندێ جار لەبەر برسێتی لە هۆش خۆی دەچوو. جارێكیان ئەوەندە برسی بوو، لە كۆڵانێكدا لە رێی ئەبو بەكردا وەستابوو و داوای لێكرد قورئانی بۆ بخوێنی، تەنیا بۆ ئەوەی لە برسێتیێكەی حاڵی بێ، بەڵام ئەبو بەكر لەوە تێنەگەیشت و جێیهێشت، دواتر عومەر هات و هەمان هەڵوێستی پێ پیشاندا، كەچی كە پێغەمبەر (ﷺ) بەو ناوە رۆیشت و قورئانی بۆ خوێند، پێغەمبەر ( ﷺ) زانی كە برسیەتی، بۆیە پێی فەرموو: دوامبكەوە ! كە چوونەماڵەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بە خێزانی فەرموو: هیچمان هەیە ؟ گوتیان: بەڵێ ! ئەوە جامێك شیرە، ماڵێكی لایەنگران بۆی ناردین، ئەوەش بەشی تۆیە بۆمان داناوی. پێغەمبەر ( ﷺ) بە ( ابو هريرة )ی فەرموو: برۆ ئەو هەژارانەی ( أهل الصفة)م بۆ بانگ بكە، كە بریتیبوون لە كۆمەڵە هەژارێكی بی دەرامەت،

Remove Watermark Now

لەبەر هەژاری، شوێنێکیان نەبوو لێی بحەوێنەوە، تەنیا تەنیشت مزگەوت نەبێ. (ابو هريرة ) بەو بانگێشە دڵتەنگ بوو، دەبێ جامێك شیر بەشی چەند کەس بکات بۆ ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە بانگ بکات! کە هاتن، پێغەمبەر (ﷺ) بە (ابو هريرة)ی فەرموو، یەکە یەکە لەم جامە شیرەیان بدەرێ! (ابو هريرة) ناچار بوو، هەرچەندە هەر چاوی بڕیبووە جامەکە، یەك لە دوای یەك شیرەکەیان باتێ، کە هەموویان تێریان خوارد، ئینجا جامەکەی بۆ پێغەمبەر ( ﷺ) هێناوە، دڵیشی بەوە خۆشبوو کە هێشتا زۆری تیا ماوەو تەنیا پێغەمبەر ( ﷺ)ی لە پێشەو ئەوەندەی نەماوە بگاتە ئامانجی خۆی و تێر لەو شیرە بخوات برسێتیەکەی پێ بشکێنێ. پێغەمبەر ( ﷺ) پێی فەرموو: هەموویان تێریان خوارد، گوتی: بەڵێ! فەرمووی: واتە تەنیا من و تۆ ماویین؟ گوتی: بەڵێ! بە زەردەخەنەوە فەرمووی: دە تۆش بخۆرەوە! ( ابو هريرة ) دەمی نا بە جامەکەوەو هەڵێنۆشی و دایەوە دەست پێغەمبەر ( ﷺ)، ئەویش فەرمووی: جارێکی تریش بخۆرەوە، دیسانەوە دەمی نا بە جامەکەوەو لێی خواردەوە، دیسانەوە پێغەمبەر ( ﷺ) پێی فەرموو: بخۆرەوە! ئەمجارەش لێیخواردەوە هەتا تەواو تێر بوو، پێغەمبەر ( ﷺ) فەرمووی: ئەمجارەش لێی بخۆرەوە! گوتی: بەوەی تۆی کردووە بە پێغەمبەر تەواو تێر بووم و توانای خواردنەوەم نەما! ئینجا پێغەمبەر ( ﷺ) بەشی خۆی خواردەوە!

Remove Watermark Now

(ابو هريرة ) لەبەر ئەوەی نزیکی پێغەمبەر ( ﷺ ) بوو، تەواو لە بەرەکەتی دوعای دڵنیابوو، بۆیە کە لەگەڵ دوو برادەریدا لە مزگەوتدا دانیشتبوون باسی خوایان دەکرد، پێغەمبەر ( ﷺ ) هاتە لایان، ویستیان هەڵسن، فەرمووی: هەڵمەسن و بەردەوام بن لەو کارەی کە دەتانکرد، دوانەکە دوعایەکیان کرد، پێغەمبەریش ( ﷺ ) داوای پەسەندکردنی دوعاکەیانی بۆ کردن، ئینجا (ابو هريرة) گوتی: خوایە ! ئەوەی ئەو دوانە داوایان کرد بۆیان بێنەرە دی و داوای زانستێکم بۆ بکە ، کە هەرگیز لە بیر نەکرێ، پێغەمبەر ( ﷺ ) داوای پەسەندکردنی دوعای ئەوەشی بۆ کرد، ئینجا ئەو دوانەش داوای هەمان شتیان کرد کە ( ابو هريرة) داوای کرد، بەڵام پێغەمبەر ( ﷺ ) فەرمووی: گەنجە دەوسیێکە پێشتان کەوت ! بەو دوعایە، (ابو هريرة) بوو بە بەناوباگترین هاوەڵێك کە فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بگێڕێتەوە.

## لە کارەساتەکاندا

(ابراهيم)ی کوڕی پێغەمبەر (ﷺ) شانزە مانگی تەواو کرد. شانزە مانگ لە خۆشی... شانزە مانگ لە شادمانی لەگەڵ ئەو کوڕە ساوایە . ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەر چاوی گەورە دەبوو، پێغەمبەر ( ﷺ ) زۆر دڵی پێی خۆشبوو، چونکە تەنیا ئەو کوڕەی هەبوو، لەوەو پێش دوو کوڕی تری لە خەدیجە هەبوو، بەڵام هەموویان کۆچیان کردو تەنیا کچەکانی بۆ مایەوە، هەرچەندە سێ لەو کچانەش ( رقية و زينب وأم كلثوم ) یەك بە دوای یەك کۆچیان کردو تەنیا (فاطمة)ی مایەوە.

Remove Watermark Now

بەڵام ئەوەی جێی داخ وپەژارەیە، کە چەند رۆژێکە (ابراهیم) تەندروستی بەرەو خراپی دەچێ، پێغەمبەر (ﷺ) بە بەزەییەوە، سەیرێکی کوڕەنەخۆشەکەی کرد، بەڵام هەست دەکات ناتوانێ هیچی بۆ بکات، دیارە دەستی قەدەر بڕیاری کۆتایی دابوو، کە دەبێ ئەم کوڕەی کۆچی دوایی بکات، هۆیەکەش ڕوون و ئاشکرایە، دەبێ پێغەمبەر (ﷺ) ببێ بە نموونە بۆ هەموو کەسێك بەدوای ئەودا بێ، گەر هاتوو تووشی کارەساتی وا بێتەوەو تەنیا ئارامگرتنی لەبەردەمدابێ.

وەنەبێ پێغەمبەر (ﷺ) بە تەواوەتی هیچ ڕێگایەکی نەبێ بۆ ڕزگارکردنی کوڕە نەخۆشەکەی، بەڵکوو ڕێگایەکی مسووگەری لەبەر دەستدابوو بۆ چاکبوونەوەی، ئەوەش پاڕانەوەو دوعاکردنە لە خوای گەورە. دوعای پێغەمبەران گیراوە، بەڵام هەر پێغەمبەرێك، خوای گەورە بواری یەك دوعای پێ بەخشیوە، تەنیا یەك دوعا، کە گەڕانەوەی نیە و گیرابوونی مسۆگەرە، هەموو پێغەمبەران تێکڕا، لە کاتی تەنگانەدا، ئەم دوعایەیان بەکارهێناوە، تەنیا پێغەمبەر محمد(ﷺ)نەبێ، چونکە بە میهرەبانی خۆی بۆ ئومەتەکەی، بڕیاری داوە کە ئەم دوعایەی بۆ دوارۆژ دوابخات، بۆ ئەوەی داوای شەفاعەت بۆ گوناهبارانی میللەتەکەی پێ بکات و لە دژواریی ڕۆژی قیامەت ڕزگاریان بکات. بە درێژایی تەمەنی پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەر (ﷺ) تووشی چەندەها هاوشێوەی کارەساتی ئەمڕۆ بۆتەوە، لە کۆچکردنی خەدیجەی هاوسەری بۆ مردنی (أبو طالب)ی مامی، کە بە بێ باوەڕی کۆچی دوایی کردو هەموو ئاواتی

Remove Watermark Now

پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە بوو کە باوەڕ بە خواو پەیامی خوا بهێنێ، بۆ کۆچکردنی کچەکانی، بەڵام لەو هەموو کارەساتانە ئەو دوعایەی بەکار نەهێناوە، چونکە هەستی کرد کە بەرژەوەندی میللەتەکەی لە بەرژەوەندی خۆی و بنەماڵەی گرنگترە، هەروەها چارەسەرکردنی کێشەکانی دواڕۆژ لە چارەسەرکردنی کێشەکانی دونیا گرنگترە.

بەهەرحاڵ، پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆڵەی شیرینی خستە ناو باوەشی، کوڕە ناسکەکە هەموو گیانی دەلەرزاو چاوە لاوازەکانی دەیڕوانیە باوکە خەفەتبارەکەی، پێغەمبەریش (ﷺ) داوای لێبوردنی لێکرد، کە هیچی لەدەست نایە بۆ ڕزگارکردنی لەدەست قەدەری خوای پەروەردگار، تەنیا فرمێسکی چاوو خەفەتی دڵ!!.

(ابراهیم)ی کوڕ گیانی بەرەو بارەگای ڕەحمەتی خوا بەرزبووە و لە ناشتنیدا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر گۆڕەکەی، بە غەمباری وەستاو چەند هاوەڵێك فرمێسکی چاویان بینی، پێغەمبەریش (ﷺ) بە دەنگێکی پڕ لە پەژارە فەرمووی:

ئەی ئیبراهیم!

ئەگەر فریشتەکانی خوا هاتنە لات، پێیان بڵێ:

(الله) خوای ئەرزو ئاسمانەکان خوامەو...

ئیسلام ئاینمەو...

پێغەمبەری خوا باوکمە...!

ئەی ئیبراهیم!

pdfelement

Remove Watermark Now

لە چاو فرمێسک دەڕژێ...

دڵیش خەمبار دەبێ...

بەڵام وشەیەکمان لە دەم دەرناچێ، ڕەزامەندی خوای تیا نەبێ!

ئێمەش بە کۆچکردنت، ئەی ئیبراهیم! دڵتەنگ و خەفتبارین!

لەبەر ئەوەی (ابراهیم) هێشتا شیرخۆر بوو و ماوەی شیرخواردنی تەواو نەکردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) سەیرێکی گۆڕەکەی کردو بە ڕوویەکی خەفەتبارەوە سەیرێکی هاوەڵانی کردو فەرمووی: لەبەهەشتدا، خوای پەروەردگار دوو دایەنی بۆ (ابراهیم) تەرخان کردووە شیری بدەنێ!

عومەر لە پشتەوە دەنگی گریانی هات، پێغەمبەریش (ﷺ) لاری نەبوو لەسەر فرمێسکی چاو، بەڵام بە دەنگی گریان بێتاقەت دەبوو، بۆیە پێی فەرموو: بۆ دەگری؟ گوتی: بۆ حاڵی خۆم دەگریم ئەی پێغەمبەری خوا، ئەو کوڕەت، کە هێشتا منداڵە و حیسابی ڕۆژی قیامەتی لەسەر نیەو پێویستی بە تەلقین نیەو تەلقینی دەکەی، ئەی دەبێ (عمر بن الخطاب) چیبکات، کە حیسابی لەسەرەو کێ دەڵێ یەکێکی وەکوو تۆی دەست دەکەوێ تەلقینی بکات! پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: خوای پەروەردگار لە قورئاندا لەباتی من وەڵامی دایتەوە، خوا باوەڕداران بە وشەی نەگۆڕ، لە دونیاو لە دوارۆژدا، جێگیر دەکات (يثبت الله الذين آمنوا بالقول الثابت في الحياة الدنيا والآخرة).

لەو ساتە خەمناکەدا، ڕۆژ گیرا، زۆربەی موسڵمانان ئەو ڕووداوەیان بە کۆچکردنی (ابراهیم) بەستەوە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ)، وەك فێرکاری

pdfelement

Remove Watermark Now

نموونەیی، ئەو بۆچوونەیانی ڕەتکردەوەو فەرمووی: مانگ و ڕۆژ دوو بەڵگەی خوان، هەرگیز بۆ ژیانی کەس یان کۆچکردنی، ناگیرێن!

## دڵدانەوەی هاوەڵێکی هەژار

لە گەڕانەوە لە یەکێ غەزاکان، پێغەمبەر(ﷺ) ناوە ناوە دەگەڕایەوە بۆ پشت لەشکرەکە، بۆ ئەوەی هەواڵی هەموو چەکدارەکان بزانێ و بە هانای پێداویستەکانیانەوە بچێ، بینی (جابر بن عبدالله) زۆر دواکەوتووە، چووە لای و پێی فەرموو: ئەوە بۆ لە لەشکرەکە دواکەوتووی؟ گوتی: خەتای ئەم حوشترەمە، زۆر خاوەو هێزی نەماوە، فەرمووی: دابەزەو ئەو لقە دارەم بۆ بێنە. پێغەمبەر(ﷺ) بە سووکی یەك دوو دارێکی لێدا، حوشترەکە، لە گورج وگۆڵیدا، بوو بە حوشترێکی تر، بەشێوەیەك کە بۆ (جابر) ڕانەدەگیرا، پێغەمبەریش(ﷺ) ویستی قسەی خۆش لەگەڵ جابردا بکات، چونکە ئەو لەو شەشە کەسە بوو، کە پەیمانیان لە (عقبة)ی یەکەمدا پێدابوو و باوکی لە ( أحد)دا شەهید بوو. پێی فەرموو: ژنت هێنا؟ گوتی: بەڵێ! فەرمووی: کچ یان قەیرە ژن؟ گوتی: قەیرە ژن، فەرمووی: ئەی بۆ کچێکی گەنجت نەهێنا؟ گوتی: لەبەر ئەوەی باوکم چوار خوشکی بۆ جێهێشتم، منیش گوتم با ژنێکی بە تەمەنیان بۆ بهێنم ئاگاداریان بێ، فەرموی: ئیشێکی باشت کرد! ئینجا فەرمووی: کە گەیشتینە مەدینە، یەکسەر مەچۆرە ماڵەوە، داب و نەریتم کە لە سەفەرێك بگەڕێمەوە، خۆمان ناکەین بە ماڵەوە، چونکە

Remove Watermark Now

ئافرەتەکانمان خەریکی ناو ماڵن و ئاگایان لە ڕووخساری خۆیان نابێ، پێشەکی دەچینە مزگەوت و دوو ڕکات نوێژ دەکەین، هەتا هەواڵیان پێ ئەگات و خۆیان ئامادە ئەکەن و سەرین و گۆشە ڕائەخەن، گوتی: سەرین و گۆشەمان نیە ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: لە ئایەندەدا سەرین و گۆشەتان دەبێ!

نەختێکی تر ڕۆیشتن و دیسانەوە پێغەمبەر(ﷺ) هاتەوە لای (جابر) و پێی فەرمو: ئەم حوشترە نافرۆشی؟ (جابر) زۆر پێی خۆشبوو، چونکە لێی وەڕس بوو بوو، گوتی: نەخێر ئەی پێغەمبەری خوا، هەر پێشکەشت دەکەم، فەرموی: نەخێر! پێم بفرۆشە، گوتی: چەنی پێ ئەدەی؟ فەرموی: یەك دیرهەم! گوتی: حوشتر هەیە بە یەك دیرهەم؟ فەرمووی: خوا لێت خۆشبێ و بە دوو دیرهەم پێم بفرۆشە! گوتی: دوو دیرهەم هیچ ناکات! فەرمووی: خوا لێت خۆشبێ و بە سێ دیرهەم پێم بفرۆشە! ئیتر ئاوا بەو شێوەیە پێغەمبەر(ﷺ) دیرهەم دیرهەم بۆی زیاد دەکات و پێی دەفەرمووێ: خوا لێت خۆشبێ، هەتا گەیاندیە بیست و پێنج دیرهەم، هەر دەیویست فێری مامەڵەی بازرگانی بکات وقسەی خۆشی لەگەڵدا بکات، ئینجا فەرموی: ئەی بە چەند ئەیفرۆشی؟ گوتی: لە بازاڕ لەوانەیە چل دیرهەم بکات، فەرموی: ڕازیم، کە گەیشتینە مەدینە پارەکەت ئەدەمێ، گوتی: منیش کە گەیشتینەوە، حوشترەکەت ئەدەمێ، بەڵام لە ئیستاوە ماڵی تۆیە، فەرمووی: منیش ڕازیبووم.

Remove Watermark Now

که گەیشتنه مەدینه، چوون بۆ مزگەوت ودوو ڕکات نوێژیان کرد، (جابر) هات و حوشترەکەی بە داری مزگەوتەکەی بەستەوەو بە پێغەمبەر(ﷺ)ی گوت: ئەوە حوشترەکەیە، لەبەر دەرگای مزگەوتەکەدا بەستوومەتەوە، پێغەمبەر( ﷺ) بە هاوەڵانی فەرمو: هەڵسن با ئەو حوشترەی کە لە (جابر)م کڕیوە ببینن، پێغەمبەر( ﷺ) ویستی دڵی (جابر) بداتەوە، بۆیە بە دەوری حوشترەکە سووڕاو بە هاوەڵانی فەرموو: سەیر بکەن چ حوشترێکی باشمان لە (جابر)کڕیوە؟ دواتر بە (بلال)ی فەرموو: بلال! چل دیرهەم بە (جابر) بدەو بۆشی زیاد بکە! (جابر) ئەوەندە دڵی بە زیادەکە خۆشبوو، لە چل دیرهەمەکە زیاترو گوتی: بە خوا ئەم زیادەیە لەلایەك دادەنێم و دەستی لێ نادەم، چونکە لە پێغەمبەرەوەیە! ئەم چل دیرهەمەش حوشترێکی چاکی پێ دەکڕمەوە، بە خوا باش ڕزگارم بوو لەو حوشترە، بەڵام دوای چەند هەنگاوێگ، گوێی لە دەنگی (بلال)بوو بانگی دەکاتەوە، ئەمیش ترسی لێ نیشتەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: بە خوا ئەوە پێغەمبەر( ﷺ) لە کڕینی حوشترەکە پەشیمان بۆتەوە، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە کە کەڵکی نیە! گوتی: چیت دەوێ بلال؟ گوتی: پێغەمبەر( ﷺ) ئەم حوشترەکەشی بۆ کردی بە دیاری!

هەتا ماوەیەکی زۆر، ئەو حوشترە لای (جابر) مابووە، هەتا گەیشتە سەردەمی خیلافەتی عومەر! ڕۆژێکیان (جابر) حوشترەکەی هێناو بە عومەری گوت: ئەم حوشترەم پیر بووە و بۆم هێناوی و

Remove Watermark Now

بەسەرهاتەکەشی بۆ گێڕایەوە، عومەریش زۆر دڵی بەو حوشترە خۆشبوو، بۆیە فەرمووی: کەس دەست لەو حوشترە نەدات و لەگەڵ ئاژەڵەکانی خێرخوازی (صدقات) دایبنێن بلەوەڕێ.

ماوەیەکی پێچوو، (جابر) بوو بە خاوەن پارە، ڕۆژێك هاوسەرەکەی دەچێتە بازاڕو گۆشە و سەرین دەبینێ، کە لە وڵاتی ڕۆمەوە، بازرگانەکان هاوردەیان کردبوو، پێی جوان دەبێ و دەیکڕێ، کە (جابر) دێتە ماڵەوەو ئەو گۆشەو سەرینانە ئەبینێ، قسەی پێغەمبەر(ﷺ)ی بیر ئەکەوێتەوە کە دەیفەرمو: لە ئایندەدا گۆشەو سەرینشتان دەبێ، ئەو یادەوەریە فرمێسکی بە چاوەکانیا هێنا!

## لەگەڵ بنەماڵەی (أم سليم)

ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) مندا لێك بە ناوی (أبوعمیر) دەبینێ چۆلەکەیەکی پێیە یاری لەگەڵدا دەکات . پێغەمبەر (ﷺ) ئەو منداڵەی زۆر خۆشدەویست، چونکە دەیکردە برای (أنس بن مالك)ی خزمەتکاری، هەروەها دەیکردە کوڕی (أم سليم) کە خۆی و بنەماڵەی گرنگیەکی تایبەتیان لەلایەن پێغەمبەر (ﷺ) پێدەدران. بۆیە هەر جارێك (عمیر) هەواڵی چۆلەکەکەی لێدەپرسی. ڕۆژێکیان (أنس)ی برای دەبینێ و لێی دەپرسێ، ئەویش پێی دەڵێ: بە داخەوە! چۆلەکەکەی (أبو عمیر) مرد! پێغەمبەر (ﷺ) بەو دەروونە ناسکەی، هەستی کرد کە ئەو منداڵە دەبێ چەند خەفەتبار بێ، بۆیە یەکسەر چووە لای و لێی پرسی: (أبو عمیر کوا چۆلەکەکەت؟ ئەویش بە گریانەوە گوتی: چۆلەکەکەم مرد ئەی

پێغەمبەری خوا! پێغەمبەر (ﷺ) دانیشت لە رێگا لەگەڵیدا دڵی دایەوە هەتا کارەساتەکەی لەبیر بباتەوە ! لەو کاتەدا هەندێ لە هاوەڵانی بەو ناوە دەڕۆن، دەبینن پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ منداڵێك لە ڕێگادا دانیشتووە، لێی دەپرسن: خێرە وا لەم ڕێگایە دانیشتووی ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئەویش پێیان دەڵێ: ئەی نازانن چۆلەکەکەی (أبو عمیر) مردووە، منیش وا دانیشتووم دڵی ئەدەمەوە !

ڕووداوە دڵتەزێنەکەی ئەو ماڵە لەوەدا بوو، کە (أبو عمیر) نەخۆش کەوت، ئەوانیش بە باوك و دایکەوە بە دیاریەوە غەمبار دانیشتن، کە کەمێك باشبوو، ( أبو طلحة )ی باوکی گوتی: دەچمە سەر ئیش و بەزووترین کات دێمەوە، بەڵام لەبەر ئیشی ناو کێڵگەی، درەنگ کەوت، منداڵەکەش تای بەرزبووەوەو کۆچی دوایی کرد، دایکەش نەیدەزانی چیبکات، چونکە کاتەکە درەنگ بوو، کە مێردەکەی هاتەوە، حەزی نەکرد بەو شەوە هاوسەرکەی خەفەتبار بکات، چونکە دەیزانی کە زۆر خۆشی دەوێ وبەو کارەساتە لەوانەیە تێك بچێ، بۆیە کە مێردەکەی لە بارەی کوڕەکەی پرسی گوتی: کوڕەکەمان ئارام بووە، مەبەستی کۆچی دوایی کردووە ! پیاوەکەش بەو هەواڵە دڵخۆشبوو، بۆیە دوای نان خواردن چووە لای هاوسەرکەی، بەو جۆرە (ام سلیم) هەڵوێستێکی بێ وێنەی پیشاندا کە ڕۆڵەکەی مردووەو نایەوێ بەو شەوە بە هاوسەرکەی بڵێ! کە بەبیانیان لێ هاتەوە، (أم سلیم) هاوسەرەکەی بۆ نوێژ هەڵساندو ویستی بە شێنەیی هەواڵی کۆچکردنی ڕۆڵەکەی پێ بگەێنێ.

Remove Watermark Now

پێی گوت: ( أبو طلحة )! گەر هاتوو دراوسێیەکمان بە قەرز شتێکیان داینێ و داوایان کردەوە، هەڵوێستمان چۆن دەبێ؟ گوتی: دەبێ بیاندەینەوەو سوپاسیشیان بکەین، گوتی: دە سوپاسی خوا بکەو ئارام بگرە لەسەر بردنەوەی کوڕەکەت! پیاوەکە خۆی پێ نەگیراو بۆ مزگەوتی پێغەمبەر ( ﷺ) بە توورەیی چوو، بۆ ئەوەی سکاڵا لای پێغەمبەر ( ﷺ) بکات دژی هەڵوێستی هاوسەرەکەی، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هەر ئەو کاتە لە ئاسمانەوە ئەو هەواڵەی بۆ هات کە مێژوو بە سەربەرزیەوە نەوە دوای نەوە باسی دەکات، بۆیە پێی فەرموو: خوا بەرەکەت بخاتە شەوەکەتان! دوای نوێژ دەچین کوڕەکەتان دەنێژین!

pdfelement

## ئەنجامی راستگۆیی

(کعب بن مالك) یەکێ لەو هاوەڵانەی پێغەمبەر ( ﷺ) بوو، کە لە غەزای (تبوك) دواکەوت، بۆ هەندێ برادەری خۆی بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە:

لە یەکەم بانگەواز بۆ دەرچوون بۆ (تبوك)، بە ئاگابووم، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ دەمگوت: هێشتا زووە، سبەینێ خۆم ئامادە دەکەم، لە ناو دڵمدا هیچ جۆرە نیازێکم نەبوو کە نەچم، بەڵام ئەوە بوو ئامادەبوونم دوادەخست، هەتا لەشکرەکە لە شار دەرچوو. کاتێك سەیری خۆم کرد، دەبینم ماوە بەسەر چووەو پێغەمبەر ( ﷺ) و لەشکرەکەی ماوەیەکی زۆرە دەرچوون وتازە فریایان ناکەوم و نایانگەمێ، بەڵام کە بە ناو

Remove Watermark Now

مەدینەدا، هاتوو چۆم دەکرد، بزانم کەس هەیە لە موسڵمانی پایە بەرزی وەك من مابێتەوە، دەبینم ئەوەی ماوە، یان پەککەوتەیە، یان دووڕووە، بۆیە هەر لەو کاتەوە، غەمباری دڵی داگرتم. کە هەواڵمان پێ گەیشت لەشکری موسڵمانان لە ڕێدان بۆ گەڕانەوە، منیش دەمزانی کە یەکەم هەنگاو، پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو مزگەوت دەچێ، دوو ڕکات نوێژ دەکات، ئەوەش داب ونەریتێتی لە پاش هەر غەزایەك، بڕیارم دا کە بە زووترین کات بگەمە خزمەتی.

بیرو ڕام لەگەڵ خزم وناسیاو دا ئاڵوگۆڕکرد، کە چی بە پێغەمبەر (ﷺ) بڵێم، ڕاستەکەی پێ بڵێم ،کە هیچ پاساوێکم نیەو خەتای خۆم بوو کە لەو غەزایەدا دواکەوتم، یان وەك دووڕووەکان، درۆیەکی بۆ بکەم و پاساوێکی بۆ بێنمەوە. ئەوەی دڵی زیاتر نیگەران کردم، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ گەیشتنی بۆ (تبوك) هەواڵی منی پرسیبوو، یەکێ لە قەومی خۆم پێی گوتبوو، ئەوە هەر خەریکی خۆیەتی، بەڵام ( معاذ بن جبل)ی برادەرم ڕەتیدایەوەو پێی گوت: بە خراپە باسی (کعب) مەکە، بە خوا لە چاکە نەبێ هیچ شتێکی ترم لێ نەبیستووە. کە چوومە مزگەوتەکە، بینیم دووڕووەکان پۆل پۆل دێن وپاساوی درۆ بۆ پێغەمبەر (ﷺ) هەڵدەڕێژن. پێغەمبەر ( ﷺ) پاساوەکانیانی پەسەند ئەکردو ناو دڵیانی بۆ خوا جێدەهێشت، هەتا سەرەی من هات، کە منی بینی، فەرمووی: وەرە لێم نزیکبەرەوە، منیش بە هەنگاوی قورس بەرەو ڕووی ڕۆیشتم و بینیم بە زەردەخەنەیەکی تووڕە لێم دەپرسێ: بۆ لەم غزایە

Remove Watermark Now

دواکەوتی، لە ئامادەباشیدا نەبوویت؟ گوتم: بەڵێ! قەناعەت بکە، ئەگەر لای یەکێ لە پاشاکانی دونیا وەك ئەم وەستانە بوەستمایە، زۆر بە ئاسانی بە پاساوێکی درۆ خۆم ڕزگار دەکرد، چونکە من خاوەن زمانێکی ڕەوانم وشاعیرشم، بەڵام ئەگەر ئەوە لەگەڵ تۆدا بکەم، لەوانەیە خوای گەورە لەلات ئابڕووم بەرێ، بەڵام ئەگەر ڕاستگۆ بم، هیوادارم ئەم ڕاستگۆییە ڕزگارم بکات، نەخێر! من هیچ پاساوێك ناهێنمەوە، چونکە هیچ ڕۆژێك لە ژیانمدا وەك ئەو ڕۆژە لە ئامادەباشی وبەهێزیدا نەبووم، و هیچ ڕێگرێك لەبەردەممدا نەبوو تا نەیەم لەگەڵتدا!

پێغەمبەر (ﷺ) بە موسڵمانانی فەرمو: ئائەمەیان ڕاستی کرد! هەڵسە بڕۆ هەتا خوای گەورە بڕیاری خۆی لەبارەتەوە ئەدا. بەڵام کە ویستم دەرچم، چەند کەسێك لە قەومی خۆم دوامکەوتن و ویستیان پەشیمانم کەنەوەو گوتیان: بەر لە ئێستا، هیچ تاوانێکی وات نەکردووە، بڕۆرەوە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پاساوێکی بۆ بێنەرەوە بەشکم لێت خۆشبێ، منیش خەریکبوو بە قسەیان بکەم، بەڵام گوتم: کەس هەیە وەك من، هەمان هەڵوێستی هەبێ و هەمان وەڵامی منی وەرگرتبێ؟ گوتیان: بەڵی! دوو کەس، گوتم: ئەوانە کێن؟ گوتیان: (هلال بن امیه الواقفی) و(مراره بن الربیع العمری)، گوتم: بە خوا ئەم دوو کەسە پیاوی چاکن و ئامادەی غەزای (بەدر) بوون، نەخێر! هەڵوێستی خۆم ناگۆڕم!

پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی دا بە موسڵمانانی مەدینە کە کەس قسەمان لەگەڵدا نەکات، هەتا خوای گەورە بڕیاری خۆی دەربارەمان ئەدات،

Remove Watermark Now

بەوەش لاپەڕەی ژیانێکی تاڵمان بۆ کرایەوە، چونکە هەر هەموو خەڵکی دەوروبەرمان پابەندی ئەو فەرمانە بوون، تەنانەت ئامۆزایەکم هەبوو، زۆر لام خۆشەویست بوو، گوتم: ئەگەر کەس قسەم لەگەڵ دا نەکات، ئەو شتێکم هەر پێ دەڵێ، بەڵام کە چوومە باغەکەی و سەلامم لێ کرد، وەڵامی نەدامەوە، لێی پاڕامەوە: سوێندت ئەدەم بە خوا، گومانت لەوە هەیە کە خواو پێغەمبەر (ﷺ)م خۆشبوێ، کەچی وەڵامی نەدامەوە، کە دووبارەم لێ کردەوە، گوتی: خواو پێغەمبەر (ﷺ) ئەزانن! باغەکەم بە گریانەوە جێهێشت و چوومە مزگەوت، سەیر دەکەم پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتووە، سەلامم لێ کرد، سەیری لێوەکانیم کرد بزانم وەڵامی دامەوە، دواتر چوومە ناو نوێژ، ودوای نوێژ دانیشتم ناوی خوام دەهێناو بە تیلەی چاو سەیرم دەکرد، هەستم دەکرد سەیرم دەکات، کە ئاوڕی لێ دەدەمەوە ڕووی خۆی وەردەگێڕێ! لە ناو بازاڕیشدا هەر ئەمە حاڵم بوو، هەتا ڕۆژێك دەبینم دوو جووتیاری ناوچەی نزیك وڵاتی ڕۆم هەواڵم لە خەڵکەکە دەپرسن، کە هاتن، نووسراوێکیان دایە دەستم لە پاشای غەسانیەکانی سەر بە ڕۆم، تێیدا پێم دەڵێ: زانیومانە کە برادەرەکەت (واتە پێغەمبەر (ﷺ) پشتی تێکردووی، وەرە لامان دڵت دەدەینەوەو پاڵپشتت دەبین، ئەوان دەزانن کە من شاعیرم و دەیانویست لەشەڕی ڕاگەیاندن دژی موسڵمانان بەکارم بهێنن. ئەو نامەیە زیاتر بێ تاقەتی کردم، هەر یەکسەر فڕێمدایە ناو ئاگرو سووتاندم.

Remove Watermark Now

پاش تێپەڕبوونی چل ڕۆژ، پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی بۆ ناردین، ئێمەی سێ کەسەکە، کە نزیکی هاوسەرکانمان نەبین، گوتم: لێی جیاببمەوە؟ گوتیان: نەخێر! بەڵام نزیکی مەبەرەوە، منیش بە هاوسەرەکەم گوت: بڕۆرەوە ماڵی باوکت، هەتا بزانین ئەم مەسەلەیە چی لێ دێ. سەبارەت بە (هلال بن أمیه) کابرایەکی بە تەمەن بوو و هاوسەرەکەی چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) وپێی گوت: (هلال) کابرایەکی بە تەمەنە و کەس نیە خزمەتی بکات، ئەگەر مۆڵەت ئەفەرموی لای بمێنم؟ فەرموی: لای بمێنە، بەڵام نزیکت نەبێتەوە، گوتی: نزیکبوونەوەی چی ئەی پێغەمبەری خوا؟ بە خوا لەوەتەی ئەو ڕووداوەی بەسەردا هاتووە، لە ماڵەوە کەوتووەو هەر خەریکی گریانە!

بەڕاستی ئەو ماوەیە تاریکترین و تاڵترین ڕۆژانی ژیانم بوو، هەر وەکوو قورئان دواتر وەسفی حاڵی کردین و فەرموی: ئەو زەویە فراوانە تەسك بوو لەبەر چاومان و دەروون تاریك ودڵتەنگ بووین و هەستمان دەکرد کە تەنیا چارەسەر لە خواوەیە. لە دواڕۆژەکاندا وازم لە مزگەوتیش هێنا، چونکە بە بینینی پێغەمبەر (ﷺ) دڵخۆش دەبووم، بەڵام کە دەبینم نامدوێنێ خەریکبوو بمرم لە خەفەتدا.

لەبەرەبەیانێکدا، لەسەر سەربانی ماڵەکەمدا نوێژم دەکرد، گوێم لە دەنگی هاواری کابرایەك بوو، لەلای مزگەوتەوە دەڵێ: موژدە بێ (کعب بن مالك) موژدە! هەر یەکسەر چوومە ناو سوجدەی سوپاس بۆ خوا، چونکە زانیم هیچ موژدەیەك دڵم خۆش ناکات تەنیا لێخۆشبوونی خواو

Remove Watermark Now

پێغەمبەر (ﷺ) نەبێ. تومەز وەحی هاتۆتە خوارەوە کە خوا لێمان خۆشبووە، پێغەمبەر یش (ﷺ) یەکسەر بە موسڵمانانی مزگەوتی ڕاگەیاندبوو، ئێنجا هەر موسڵمانێك و بە لایەکا چووە، بۆ گەیاندنی ئەو هەواڵە خۆشە، ئەسپ سوارێك لە مزگەوت غار دەدا بۆ ئەوەی پێم بگات، بەڵام یەکێکی تر سەر گردێك دەکەوێ و هاوارم بۆ دەکات، بێ گومان دەنگەکە لە ئەسپەکە خێراتر بوو، کە کابرای دەنگەکە گەیشتە لام، هەر یەکسەر کراسی بەرمم بۆ داکەنی و چووم کراسی ترم قەرزکرد، چونکە خوا شاهیدە لەو کاتەدا، تەنیا ئەو کراسەم هەبوو.

بە پەلە چوومە مزگەوت و لە پێغەمبەر (ﷺ) نزیکبوومەوە، باری دەروونی پێغەمبەر (ﷺ) بە ڕوویەوە دیار دەبێ، گەر دڵخۆشبێ یان بێ تاقەت بێ، بەڵام ئەوەتا ڕووی لە ڕووناکیدا ئەدرەوشێتەوە، ئەڵێی مانگی چواردەیە، موسڵمانانیش یەکە یەکە پیرۆزباییان لێکردم، بەڵام (طلحة بن عبيد الله) هەڵسایە سەر پێ و پێشوازی لێکردم وتەوقەی لەگەڵ کردم وپیرۆزبایی لێکردم، من هەرگیز ئەم هەڵوێستەی (طلحة)م لەبیر ناچێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: موژدە بێ لێت ئەی(كعب بن مالك)! لەوەتەی لەدایکبووی، ئەمڕۆ گرنگترین و خۆشترین ڕۆژێکە لە ژیانتدا، خوای پەروەردگار پەشیمانبوونەکەتی بە ئایەتی قورئان پەسەند کرد..

گوێبگرە: ﴿وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لاَ مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ (سورة التوبة، 118) سەرنجی ئەو ئایەتانەم دا ، دڵنیابووم کە خوای گەورە بە عیلم و میهرەبانی خۆی هەر ئەو ئاگای لەو

Remove Watermark Now

ئاگرە بوو، کە لەم پەنجا ڕۆژە دڵمانی سووتاندبوو. بە پێغەمبەری خوام (ﷺ)گوت: ئەی پێغەمبەری خوا! لە خۆشی لێبوردنی خوای گەورەو بە مەبەستی سوپاسکردنی، دەبێ هەموو ماڵی خۆم پێشکەشی خواو پێغەمبەری خوا بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: هەمووی نا، بەشێك بۆ خۆت هەڵگرە سوودی لێ وەربگرە، گوتم: بەڵێ باشە، بەڵام پەیمانت پێ دەدەم کە هەمیشە لە ژیانمدا ڕاستگۆ بم، چونکە بە هۆی ئەو ڕاستگۆییە لە تووڕەیی خوا دەربازبووم و بە دووڕوو لە قەڵەم نەدرام.

## چەند هەڵوێستێکی پەروەردەیی

زۆرن ئەو دیمەنانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هەڵوێستی نموونەیی لە پەروەردەی تیا پیشانداوە، کە تیایدا سنگ فراوانی و ئارمگری و دڵسۆزی تیا دەردەکەوێ، کە تەنیا پێغەمبەر دەتوانێ لەو ژینگەیەدا بەوە هەڵسێ:

– دەشتەکیەك هاتە مزگەوت و پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ هاوەڵانی دانیشتبوو، پێیگوت: لەو پارەیەم بەرێ، ئەم پارەیە، نە پارەی تۆیەو نەپارەی باوکتە! موسڵمانان زۆر بەم ڕەفتارە ناشیرینە تووڕە بوون، پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی پێدان کە وازی لێبێنن، پاشان چووە ناو ماڵ و هەندێ شتی هێناو دای بە دەشتەکیێکە و پێی فەرمو: باشم کرد بۆت؟ گوتی: نەخێر، دیسانەوە موسڵمانان بەو ڕەفتارە ناشیرینە هەڵچوون، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی دا کە وازی لێ بێنن، دیسانەوە چووە ماڵەوەو شتی تری بۆ هێناو پێی فەرمو: باشم کرد بۆت: گوتی: بەڵێ!

Remove Watermark Now

خوا پاداشتت باتەوە! پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرمو: کە ئەو شتانەی پێشووت گوت، هاوەڵانم پێیان ناخۆش بوو، ئەگەر ئارەزووت لێ بێ، دوا ووتەت دیسانەوە لەبەردەمیان دووبارە بکەیتەوە، بۆ ئەوەی لە ناو دڵیاندا بەرامبەرت هیچ هەڵنەگرن! گوتی: باشە. پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرمو: ئەم پیاوە شتێکی گوت پێتان ناخۆش بوو و پاش ئەوەی بۆم زیاد کرد، دیارە ئێستا ڕازی بووە، وایە؟ دەشتەکیەکە گوتی: بەڵێ! خوا پاداشتت باتەوە!

– بەهەمان شێوە، دەشتەکیەك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و بە تووڕەیی داوای قەرزەکەی لێ کرد، هاوەڵانیش بە گژیا چوون و پێیان گوت: جوان قسە بکە! نازانی بەرامبەر کێ وەستاوی؟! ئەویش گوتی: من تەنیا مافی خۆم دەوێ، پێغەمبەریش(ﷺ) پێیانی فەرمو: بە ڕوویدا هەڵمەچن! بەڵکوو واچاکترە لەگەڵ خاوەن ماف بوەستن، دواتر ناردی هەندێ خورمای قەرزکردو لەبری قەرزەکەی، دای بە دەشتەکیەکەو بانگێشی خواردنیشی کرد، کابرا لەو ڕەفتارە جوانە سەری سوڕما، بۆیە بە پێغەمبەر(ﷺ)ی گوت: بە زیادەوە قەرزەکەت دامێ، خوا لێت زیادکات، کە ڕۆیشت، پێغەمبەر(ﷺ)فەرموی: بەڕاستی مەرد بوو (چونکە سوور بوو لەسەر مافی خۆی)، لە ناو هەر میللەتێکیش، لاوازێکی خاوەن ماف، ئاوا بە سەربەرزی وبێ دڵەڕاوکێ و ترس و لەرز، نەتوانێ مافی خۆی داوابکات و وەربگرێ، ئەو میللەتە شایەنی ڕێزلێنان نیە!!

pdfelement

Remove Watermark Now

– پیاوێك یەكەم جار دێتە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)، لە ناكاودا لە پەنای دیواری مزگەوتەكە میزیكرد، هاوەڵانیش زۆر بەم كارە نیگەران بوون، بۆیە پێی هەڵشاخان و هاواریان بەسەرداكرد، پێغەمبەر(ﷺ)پێی فەرمون: لێی گەڕێن با تەواو بێ!كە تەواو بوو، پێیانی فەرمو: نەختێ ئاوی بەسەردا بكەن، پیاوەكەشی بانگ كردو بە هێمنانە پێی فەرمو: ئەم مزگەوتانە نابێ پیسی تیدابكرێ، بەڵكوو تەنیا نوێژو خوێندنەوەی قورئانی تێدا دەكرێ و ناوی خوای گەورەی تێدا دەوترێ!

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد ﷺ.... گەورەترین رزگاریخوازە

پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر لوتکەی ڕزگاریخوازی مێژوو وەستاوەو، کەس نەیتوانیوە شان لە شانی ئەو بدا، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە و، هەرگیز لە پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ کۆیلەکان، بە مەبەستی ڕزگارکردنیان لە دۆزەخی کۆیلایەتی، دریغی نەکردوە، چ بە ڕزگارکردنی هەتا هەتایی، یاخود لابردنی ئازاردان و چەوسانەوە لەسەر شانیاندا.

سەرەڕای ئەوەش، یاسای وای بۆ داڕشتوون، کە وەك خاوەنەکانیان، مافی ژیان و پێداویستی ژیانیان دەستکەوێ، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بەردی بناغەی بنەبڕکردنی کۆیلایەتی لە مێژوودا داڕشت، ئەوەش بە هاندانی موسڵمانان بۆ ڕزگارکردنی کۆیلە کان، لەبری لێخۆشبوونی خوا لەو تاوان و سەرپێچیە بچووك و گەورەکانیانداو لەبری گەشتنیان بە ڕەزامەندی خواو دەستکەوتنی مەلەکووتی ئاسمان. هەتا لە ژیاندا مابوو، دریغی نەدەکرد لە جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە و پێداچوونەوەی بەردەوامی دەکرد لە هەر ئازاردانێك یان مافخورانێك کە دژ بە کۆیلەکان دەکرا.

بە کۆیلەکردنی ئافرەت و منداڵ پاش هەر جەنگێك، داپ و نەریتێکی پێش هاتنی ئیسلام بوو، ئیسلام نەیدەتوانی کتوپڕ هەموو کۆیلەکان ئازاد بکات، چونکە ژمارەیان زۆر بوو و ئەوەش دەبووە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، هەروەها باری دەروونی کۆیلەکان دەبێ بە جۆرێك ئامادە

Remove Watermark Now

بکرێ، کە لەگەڵ ژیانی سەربەستی بگونجێ. هەروەها نەیدەتوانی کۆیلەکردن قەدەغەبکات، چونکە لە سەرانسەری جیهان ئەو دیاردەیە باوبوو، بۆیە نەدەکرا موسڵمانان قەدەغەی کەن و غەیری موسڵمان ئافرەت و منداڵی موسڵمانانیان کۆیلە دەکرد. هۆیەکی تری پەروەردەیی لە بنەبڕنەکردنی کۆیلایەتی هەبوو، کە خوا ویستی دڵ و دەروونی کۆیلەکان بە ئیسلام رۆشن بێ، بە هۆی ئەو رەفتارو هەڵسوکەوتە جوانەی خاوەنە موسڵمانەکانیان، کە خزمەتیان دەکردن. لە هەمان کاتدا، ئیسلام چەندەها هەنگاوی دانا بۆ ئازادکردنی کۆیلەکانی و مامەڵکردن لە گەڵیان بەو شێوەیەی کە لەگەڵ پێکهاتەی مرۆییان بگونجێ...

یەکەم ، فەرمانی دا بە خاوەنی کۆیلەکان مامەڵەیان لە گەڵیاندا باش بکەن: ﴿ **وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا وَبِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَالْجَارِ ذِي الْقُرْبَى وَالْجَارِ الْجُنُبِ وَالصَّاحِبِ بِالْجَنْبِ وَابْنِ السَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ مَنْ كَانَ مُخْتَالاً فَخُورًا** ﴾ (النساء 36).

پێیانی راگەیاند کە پەیوەندی لە نێوان کۆیلەو خاوەنەکەی دەبێ پەیوەندی خزمایەتی و چاکە بێ، کاتێ داوابکرێ بۆ هاوسەرگیری دەبێ لە خاوەنەکەی داوابکرێ، چونکە کەسی نیە ﴿ **فَمِنْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ مِنْ فَتَيَاتِكُمْ الْمُؤْمِنَاتِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَانِكُمْ بَعْضُكُمْ مِنْ بَعْضٍ فَانكِحُوهُنَّ بِإِذْنِ أَهْلِهِنَّ وَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ** ﴾ (النساء25). ئەوانیش بە برای خاوەنەکانیان هەژمار دەکرێن(پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: خزمەتکارەکانتان براتانن، ئەوەی برایەکی کەوتە ژێر دەستی دەبێ لە هەمان خۆراکی خواردنی

Remove Watermark Now

باتیَ و لەهاوشێوەی جلەکانی جلی باتیَ، بە ئیشی زیاد راینەسپێریَ، و ئەگەر رایبسپێریَ بە ئیشێك هاریکاری بکات (**اخوانك خولكم، فمن كان اخوه تحت يده فليطعمه مما يطعم وليلبسه مما يلبس ولاتكلفوهم مايغلبهم، فان كلفتموهم فأعينوهم** )(رواه البخاري). لەوەش زیاتر ئەڕوات و ئەفەرمویَ: (**لايقل احدكم هذا عبدي وهذه امتي، وليقل هذا فتاي وفتاتي**)(رواه ابو هريرة) و دەفەرمویَ:خوای پەروەردگار ئەم بەندانەی خستۆتە بەردەستان، ئەگەر بیویستایە ئێوەی ئەخستە بەردەستیان( **ان الله ملككم اياهم ولو شاء لملكهم اياكم** ). بۆیە هەر ( أبو هريرة) خۆی بە کابرایەك ئەڵیَ کە دەیبینیَ سواری ئێسترێك بووە و بەندەکەی لە پشت خۆی بە پیادە بە دوایدا رائەکا: لە پشت خۆت سەری بخە، چونکە ئەو بەندەیە براتە، گیانت وەکوو گیانی ئەوە). مافی جەستەییان پارێزراوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (من قتل عبده قتلناه ) ئەوەش بنەمایەکی ئاشکرایە لە یەکسانی لە مرۆڤایەتی لە نێوان بەندە و خاوەنەکانیان، بە رادەیەك ئەگەر تەنیا زللەیەکی لێبدریَ بە بیَ هیچ هۆ، دەبیَ ئازادبکریَ.

هاوەڵێك بە ناوی ( هلال بن يساف ) ئەڵیَ: بە حەوت برا، خزمەتکارێکمان هەبوو، ڕۆژێکیان یەکێکمان زللەیەکی لێدا، کە پێغەمبەر(ﷺ) بەوەی زانی، فەرمانی پێداین لەبری ئەو زللەیە ئازادی بکەین!

ڕۆژێك ( أبو ذر ) لەگەڵ خزمەتکارێکی دەچیَ بۆ بازاڕ، سەرنجی خەڵکیان راکێشا، چونکە هەردووکیان هەمان جلی جوانیان لەبەر بوو، گوتیان: ئەوە چۆن خزمەتکارەکەت جلێکی لەبەرە، لە جلی تۆ کەمتر

Remove Watermark Now

نیە؟ گوتی: پێغەمبەر ﷺ فێری کردم کە ئەگەر هاتوو خزمەتکارمان هەبوو، دەبێ ئەوە بزانین، کە خوا ئەوانی خستۆتە ژێر دەستمان، چیمان خوارد، دەبێ ئەوانیش لەوە بخۆن و وەك جلی خۆمان جل بکەینە بەریان، زۆریش ئەرکیان قورس نەکەین، ئەگەر بە ئیشێکشمان ڕاسپاردن، هەتا بتوانین یارمەتیدەریان بین و ئاسانکاریان بۆ بکەین.

ئەوەی پێشو، ئازادکردنی دەروونی بوو، بەوە نەوەستا بەڵکوو دوابەدوای ئەوە دەستی کرد بە ئازادکردنی تەواو، ئەوەش بە دوو جۆر ئەنجامی دا، یەکەم بە ئازادکردنی ڕاستەوخۆ و دووەمیش بە گرێبەست. سەبارەت بە ئازادکردنی سەربەخۆ، ئەوەی ئیسلام کردی بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان لە مێژوودا بێ وێنە بوو، لە خودی پێغەمبەر (ﷺ) خۆی و دواتر هاوەڵەکانی وەك ئەبو بەکر کە پارەی خۆی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبوو، تەنانەت لە خەزینەی دەوڵەت پارەیەك تەرخانکرابوو تەنیا بۆ ئازادکردنی کۆیلەکان، بەشێوەیەك کە لە سەردەمی خەلافەتی عمر بن عبد العزیز کە ویستیان پارەی زەکات دابەش بکەن بەسەر هەژاراندا، هەژار نەمابوو پارەکە وەربگرێ، بۆیە بەو پارەیە کۆیلەیان دەکڕی و ئازادیان دەکردن! پێغەمبەر (ﷺ) کۆیلەی ئازاد دەکرد ئەگەر نەخوێندەوارێك فێری خوێندن و نووسین بکات. بۆ ئەوەی بوار بۆ ئازادکردنی کۆیلە زیاد بکات، ئیسلام لێخۆشبوون لە گوناهەکانی بە ئازادکردنی کۆیلەکانی بەند کردو لەبەر ئەوەی گوناە زۆرە، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلە، ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا ئازاد دەکران. یەکێ لەو

Remove Watermark Now

گوناهانە کوشتنی بە هەڵە، کە کەفارەتەکەی ئازادکردنی کۆیلەیەکەو قەرەبووکردنی کەس و کارێتی. ئەوەش بۆ ئەوەی موسڵمانان تێبگەیێنیٚ کە ئەو کەسەی کوژراوە نەفسێکە، بۆیە دەبیٚ بەرامبەر ئەو تاوانە نەفسێك رۆح بکرێتە بەر، واتە ئازاد بکریٚ، واتە کۆیلایەتی وەك مردن وایەو بە ئازادکردنی زیندوو دەکرێتەوە.

گرێبەستیش ماناکەی ئەوەیە کە ئازادی تەواو بە کۆیلە بدریٚ ئەگەر هاتوو داوای بکات. ئەم جۆرە ئازادکردنە، دوای پێدانی پارەی گرێبەستەکە، ناتوانیٚ خاوەنی کۆیلەکە رەتیبکاتەوە یان دوایبخات، ئەگینا حاکم دەتوانیٚ گرێبەستەکە بە هێزی یاسا جێبەجێبکات. بەوەش ئیسلام دەروازەیەکی گەورەی بۆ کۆیلەکان کردووە ئەگەر هاتوو ئارەزوویان هەبوو ئازاد بن. لەیەکەم ساتی نووسینی ئەم گرێبەستەو رازیبوونی خاوەنەکەی، ئەو کارەی کە کۆیلەکە دەیکرد، پارەی لەسەر وەردەگرت و دەشیتوانی لە شوێنێکی تر ئیشبکات بۆ ئەوەی پارەی گرێبەستەکە پەیدابکات. یەکێك لە برگەکانی زکات لە ئیسلامدا، وەکوو قورئان روونیدەکاتەوە، تەرخانکردنی بەشێك لەو پارەیە بۆ ئازادکردنی کۆیلەکانە ﴿ **إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ** ﴾ (سورة التوبة 60).

دوای موسڵمانبوونی (سلمان فارسی)، پێغەمبەر(ﷺ) بینی هاوەڵان مشتومڕیانە، لایەنگران ئەیانگوت: (سلمان) لە ئێمەیە، چونکە لە مەدینەبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) تەشریفی کردین، کۆچبەرانیش ئەیانگوت:

Remove Watermark Now

نەخێر! (سلمان) کۆچبەرە، چونکە لە وڵاتی دەرەوەی مەدینە هاتووە، لەبەر ئەوەش هاتووە بۆ ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) ببینێ و ڕێگای ڕاستی خوا بدۆزێتەوە! پێغەمبەر(ﷺ) کە گوێی لەم مشتومڕە بوو، فەرمووی: نەخێر! (سلمان) لە ئێمەیە، لە بنەماڵەی پێغەمبەرە!

(سلمان) بەو بەرزنرخاندنەی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر دڵخۆشبوو، بەڵام یەك ڕێگر لەبەردەم مانەوەی هەمیشەیی لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)دا ماوە، ئەویش کۆیلایەتیە! پێغەمبەر(ﷺ) ناو دڵی (سلمان)ی خوێندەوە، بۆیە پێی فەرموو: بڕۆ خۆت لە خاوەنە جوولەکەکەت ئازاد بکەو گرێبەستی ڕزگاربوونی لەگەڵدا مۆر بکە. (سلمان) گوتی: ئەو جولەکەیە سێ سەد دارخورمای چێنراو و چل ئۆقیە زێڕ لەبری ئازادکردنم داوادەکات، پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو: هاریکاری براتان بکەن، بۆ ئەوەی لە کۆیلایەتی ڕزگاری ببێ، ئەوانیش هەریەکەو ژمارەیەك نەمامی دارخورمایان پێدا، هەتا توانی سێ سەد نەمامی دارخورما کۆبکاتەوە، ، پێغەمبەر(ﷺ) پێشتر پێی فەرموو بوو کە ئەگەر نەمامەکانی دەست کەوت، بە ئاگای بێنێ، بۆ ئەوەی بە دەستی خۆی بیانچێنێ، چونکە مەرج نیە هەر هەموویان بڕوێن. پاش ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بەدەستی خۆی نەمامەکانی چاند، (سلمان) ئەڵێ: بە خوا قەسەم هەر هەموو ئەو سێ سەد نەمامە ڕووان و بەوەش بەشێکی گرنگ لە قەرزەکانم دا. ڕۆژێك پارچە زێڕێکیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) هێنا، ئەویش (سلمان)ی بانگکرد و فەرمووی: ئەم پارچە زێڕە بەرە بۆ کابرای جوولەکە با بیکێشێ، (سلمان)

pdfelement

Remove Watermark Now

گوتی: باوەڕ ناکەم کێشی ئەم زێرە بگاتە چل ئۆقیە، فەرمووی: تۆ برۆ بۆی بەرە، بزانە چەندە، (سلمان) ئەڵێ: منیش بۆم بردو پاش کێشانی، ڕێك چل ئۆقیە دەرچوو، بەوەش ڕزگاری بوو لە کۆیلایەتی.

پێغەمبەر(ﷺ) هەنگاوی زۆری تری نا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەکاندا، لەوانە هاوسەرگیری لە نێوان (زینب)ی پوورزای، کە سەربەست بوو و (زید) کە کۆیلە بوو. هەروەها کردنی زید بە سەرکردەی لەشکری موسڵمانان لە جەنگی (مۆتە)دا، دواتریش سپاردنی سەرکردایەتی لەشکری موسڵمانان بە (أسامە)ی کوری (زید)، ئەو لەشکرەی کە بەرەو شام دەچوو و پیاوانی وەك ئەبو بەکرو و عومەری تیا بوو. کار گەیشتە ئەوەی فەرمانی فەرموو کە گوێڕایەڵی سەرۆکەکان بن، ئەگەر هاتوو ڕەشپێستیشبن بەو مەرجەی کە لەسەر بنەماکانی یەکتابی خوا حوکمڕانیتان بکەن:( اسمعوا واطعوا ولو استعمل عليكم عبد حبشي كأن رأسه زبيبة ما اقام فيكم كتاب الله تبارك وتعالى)(رواه البخاري )، بەوەش بەرزترین پۆستی دەوڵەتی بە کۆیلە بەخشی. سەرچاوە هەرە سەرەکێکەی بە کۆیلەکردن جەنگ بوو، کە جۆرەها ناونیشانی هەبوو، بۆ ئەوەی ئیسلام ئەم سەرچاوەیە وشك بکاتەوە، تەنیا یەك جۆرە شەڕی هێشتەوە، کە بریتیە لە جەنگکردن لە پێناو سەرخستنی وشەی خوا، کە جەنگکردن بۆ مەبەستی لابردنی زوڵم وستەمکاری لەسەر خەڵکی و بۆ پارێزگاری لە مافی سەربەستی لە باوەڕهێنان و هەڵبژاردنی ئاینی خوادا ﴿وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ

Remove Watermark Now

الدِّينُ كُلُّهُ لِلَّه فَإِنْ انتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ بِمَا يَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾ ( سورة الانفال39)،

هەروەها بەرگریکردن لە وڵات و خاك و پارەو ناموسیش

دەگرێتەوە﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾ (سورة البقرة 90). (جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ أَرَأَيْتَ إِنْ جَاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخْذَ مَالِي ؟ قَالَ : فَلَا تُعْطِهِ مَالَكَ ، قَالَ : أَرَأَيْتَ إِنْ قَاتَلَنِي ؟ قَالَ : قَاتِلْهُ ، قَالَ : أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلَنِي ؟ قَالَ : فَأَنْتَ شَهِيدٌ ، قَالَ : أَرَأَيْتَ إِنْ قَتَلْتُهُ ؟ قَالَ: هُوَ فِي النَّارِ)(رواه مسلم 140)

سەبارەت بە ئافرەتیش، هەمان ئەو شێوەیە لە مامەڵەو ئازادکردن، ڕاستەوخۆ یان بە گرێبەست، دەیگرێتەوە، بەڵام کێشەی ئافرەتی کۆیلە لەوەدایە کە دەبێ بێجگەلە خۆراك و مامەڵەی نەرم ، دابینکردنی پێداویستیە جەستەکانی بوو. لە غەیری ئیسلامدا ئافرەتی کۆیلە بۆ هەموو کەسێك ڕەخسابوو، واتە هەر کەسێك، خاوەنیشی نەبێ، بۆی هەبوو بچێتە لای، بەڵام کە ئیسلام هات ئەمەی قەدەغەکردو ئەو مافە تەنیا بە خاوەنەکی داو ناوی نا (وماملکت ایمانکم)، بۆ ئەوەی نەبێتە ئامرازی خۆشی جەستەیی، کێ دەستی بەسەرا گرت بیبات.

نەك تەنیا لەگەڵ کۆیلەکان، بەڵکوو مامەڵەکردن لەگەڵ خزمەتکارەکانیش، کە لە بنەڕتدا ئازادن، بەو پەڕی نەرم و نیانی کردووە. ( أنس بن مالك ) کە بوو بە خەمەتکاری پێغەمبەر (ﷺ)، دوای ئەوەی ( أم سليم )ی دایکی، بۆ دەربڕینی خۆشیی، بە پێغەمبەر (ﷺ)ی پێشکەش کرد، ئەنەس ئەڵێ: دەساڵ خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ)م کرد، نە ڕۆژێك فەرموی بۆ ئەو ئیشەت کرد، یان بۆ ئەو ئیشەت نەکرد، تەنانەت

Remove Watermark Now

جارێکیان منی بۆ ئیشێك نارد، بەڵام لە ڕێگادا کۆمەڵە منداڵێکم بینی یاریان دەکردو منیش وەستام سەیرم دەکردن، کاتێك دەبینم لە پشتەوە پێغەمبەر ( ﷺ) کراسەکەم لە پشتەوە دەگرێ و بە شێنەیی پێم دەفەرموێ: چووی بۆ ئەو ئیشەی کە ڕامسپاردی؟ گوتم: ئێستا ئەچم! ئەویش بەزەردەخەنەوە فەرمووی: دەباشە بڕۆ!

pdfelement

Remove Watermark Now

# دامەزرێنەری بنەماکانی زانستخوازی

محمد (ﷺ) ئەو پێغەمبەرەیە کە بەردی بناغەی دەوڵەتی زانست ، شان بە شانی باوەڕ بە خوای، دامەزراند، بەو هەموو فەرموودانەی کە هانی خەڵکی دابوو بۆ دەستکەوتنی زانیاری لە هەموو بوارەکان دا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی دونیا و دواڕۆژ، بێ گومان لەگەڵ ئایەتەکانی قورئان. ئەو ڕێنمایانە ئەم ڕەوتەیان وەرگرتووە:

– هانی موسڵمانانی داوە بۆ فێربوون و گواستنەوەی ئەو زانستە بۆ خەڵکی، واتە پرۆسەی فێربوون وفێرکردن: (وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلتمسُ فِيهِ عِلْمًا سهَّلَ اللهُ له طَرِيقًا الى الْجَنَّةِ) (رواه مسلم).

–پرۆسەی زانستی بەستووە بە عەقیدەی باوەڕ بە خواو ڕۆژی دوایی، واتە بۆ مەبەستی ڕەزامەندی خوا، بەوەش ئەو هەوڵە و دەستکەوتەکانی دوور خستۆتەوە لە ریایی و ناودەرکردن (طَلَبُ الْعِلْمِ فَرِيضَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ).(ابن ماجه رقم 183 )

– هەڕەشەی توندی ئاڕاستەی ئەو کەسانە کردووە کە زانیاری دەشارنەوە (مَنْ كَتَمَ عِلْمًا يَعْلَمُهُ أُلْجِمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ ) (قال الترمذي: حسن صحيح).

بەهۆی ئەوەوە، موسڵمانان توانیان لە ماوەیەکی زۆر پێوانەییدا دەوڵەتی زانست دروست بکەن، کە توانی زانستی شارستانیەتی ڕۆم و ئەغریق وەربگرێ و بۆ زمانی عەرەبی وەربگێڕێ و ڕەوتێکی زانستی، کە مۆرکی ئیسلامی پێوە دیار بوو، دروست بکات بە شێوازێك کە ببێت بە

Remove Watermark Now

سەرچاوەی مەعریفەت لە جیهاندا. ئەو ڕەوتە لە کاتێکدا پەرەی سەند، کە شارستانیەتی زانستی ئۆروپا بە قەیران و تەنگەژەیەکی تاریکدا دەڕۆیشت، بەهۆی دەست تێوەردانی کڵێسە بە کاروباری زانستی و ململانی نێوان کڵێسەو زانایان ، کە گەیشتە ڕادەی داپلۆسین ولە ناوبردنی زاناو رۆشنبیران، بەوەش جیهانی ئیسلامی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پاراستن و گەشەپێکردنی زانست و بوو بە سەرچاوەی زانست و مەعریفەت لە جیهاندا، بۆیە ئۆرۆپا ناچار بوو لە وڵاتانی ئیسلام زانست و مەعریفەت وەربگرێتەوە و شارستانیەتی ئەمڕۆی پێ دروستبکات.

لەبەر ئەوەی زانست بە تەنیا ناتوانێت شارستانیەت دروست بکات، بۆیە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بۆ میللەتەکەی بەو ئاڕاستەیە بوو کە دەبێ فاکتەری تر پاڵپشتی زانست بێ بۆ ئەو مەبەستە، ئەویش کاروچالاکی بە هەموو جۆرەکانی وەك کشتوکاڵ و بیشەسازی و دارایی و پاراستنی سەرچاوە سروشتیەکان، چونکە کاروچالاکی ئامرازی پەرەسەندن و بنیاتنان و پێشکەوتنی شارستانیەتە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# خەم هەڵگر

نەك تەنیا لە ژیانی دونیا ، بەڵكوو لە دواڕۆژیشدا، خەم هەڵگری میللەتەكەی بووە. خەڵكی، بۆ ڕزگاربوونیان لە قەرەباڵغی و مەینەتیی چاوەڕێكردن لە پانتایی مەحشەردا، ڕوو لە پێغەمبەران دەكەن، بەو هیوایەی داوا لە خوای گەورە بكەن چارەنووسیان دەست نیشان بكات و لەو بارە قورسە ڕزگاریان بكات. بەڵام پێغەمبەران (دروودی خوایان لەسەر بێ) ئامادەیی خۆیان دەرنابڕن بۆ ئەو كارەو، هەر هەموویان بەیەك زمان دەڵێن: ئەمڕۆ خوای گەورە زۆر تووڕەیەو هەرگیز لەمەو پێش و لەمەوپاش، بەو ڕادەیە، تووڕە نەبووەو نابێ، هۆی تووڕەبوونیشی كاری چەوتی ئادەمیزادەو لادانیان لە ڕێی خوایە، بۆیە پێغەمبەران لەو هەڵوێستە، دوورەپەرێز دەوەستن، چونكە هەر یەكێكیان كەم و كورتی تایبەتی خۆی لەبەر چاوە. مرۆڤایەتی ئەمڕۆ یەك ڕێگا چارەی هەیە، ئەوەش ڕووكردنە بەرەو پێغەمبەر محمد ( ﷺ)، چونكە تەنیا محمد(ﷺ) دەتوانێ ئەمڕۆ، لەم ڕۆژە سەخت و دژوارەدا، ڕوو لە خوای گەورە بكاو داوای لێ بكات بە هانای ئەو خەڵكە بێ. بەڵێ! تەنیا ئەوە، بەرژەوەندی خەڵكی لەبەر چاوەو بەرەو عەرشی خوای گەورە دەڕوات و كڕنووشی بۆ دەبات و دەپاڕێتەوە، كە ئەو خەڵكە لەو بارە سەختە ڕزگاربكات. هەر ئەو دڵە ناسكەو دەروونە پاكەشە، كە تەنانەت لەناو بەهەشتیشدا ئۆقرە ناگرێ و ناوە ناوە، لە خوای گەورە داوادەكات كە ژمارەیەك لە خەڵكی، لە ئاگری دۆزەخ دەربێنێ، پێگەی

Remove Watermark Now

پیرۆزی لای خوای گەورە ڕێی پێ دەدات کە خوای گەورە داواکارێکەی جێ بە جێ بکات و ژمارەیەکی بێ شومار لە گوناهباران لە دۆزەخ ڕزگار بکات...

ئەو ئارامی و سنگ فراوانیەی کە پێغەمبەر(ﷺ)، پیشان سەرانی بێ باوەڕ، وەك (صفوان بن أمية) و (عكرمة بن أبي جهل) و (سهيل بن عمرو) و لە ئافرەتانیش وەك (هند بن عتبة) هاوسەری ( أبو سفيان)، وێنەی نەبوو. ئەوانە هەمیشە درێغیان نەدەکرد لە پیشاندانی دوژمنایەتی و بەردەوامبوون لە پیلان گێڕی. بەڵام پێغەمبەریش (ﷺ)، لەلایەن خۆیەوە، درێغی نەدەکرد لە خۆبردنە پێشەوە بە ڕەفتاری جوان بۆ ئەوەی دڵیان بەرەو ئەم ئاینە رابکێشێ.

هەر کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) تەرمی جوولەکەیەك یان گاورێك لەبەردەمی تێپەڕبوایە، ڕەنگی ڕووی دەگۆڕا و دەیفەرمو: گیانێکە، لە دەستم دەرچوو و نەمتوانی لە دۆزەخ ڕزگاری بکەم!

pdfelement

Remove Watermark Now

# لە روانگەی مێژووناس و ئەدەب دۆستاندا

پێغەمبەر محمد (ﷺ)، ئەو کەسەیە، کە توانیوێتی کەسایەتی خۆی بەسەر مێژووناس و ئەدەب دۆستاندا بسەپێنێ، هەرچەندە لێرەو لەوێ، هەندێ دەنگی نالەبار، لە دەمارگیرو نەفامان، بەهۆی جیاوازی ئاینیی و نەتەوەیی، لەو سیمفۆنیا گەردوونیە گشتیە ، نەشاز دەبن و لادەدەن و هێرشی نادروستی دەکەنە سەر، بەڵام خۆشبەختانە، دەنگیان، لەناو دەنگی گشتی، لە یاران و لایەنگرانی پێغەمبەر(ﷺ)و، لەناو لاپەڕەکانی خاوەن ویژدان لە نووسەرانی دونیاو بە درێژایی مێژوو، ونبووەو نابیستری و گوێ و بایەخی پێ نادرێ، بەڵکوو زۆر جاری ئەوانیش، دوای پێداچوونەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی ورد رای خۆیان دەگۆڕن و بە پێچەوانەوە دەست دەکەن بە بەرگری لێی ...

ئەوەتا فەیلەسوف و ڕۆمان نووسی بە ناوبانگی رووسی (تولستوی)، دەربارەی گەورەیی پێغەمبەر(ﷺ) دەنووسێ:

– ( محمد) دەزگادروستکەرو پێغەمبەرە، لەو کەڵە پیاوانەیە کە خزمەتێکی گەورەی بە مرۆڤایەتی گەیاندووە، هەر ئەوەندەش بەسە کە پێشەنگی میللەتێك بەرەو ڕوناکی راستی بکاو ، وایلێکردن لایەنی ئارامی و ئاشتی لەبری خوێن رشتن هەڵببژێرن و دەروازەی شارستانیەتیان بۆ بکاتەوە، ئەوەش کارێکە تەنیا بە کەسێکی بەهێز دەکرێ، بەڕاستی ئەو پیاوە شایەنی ڕێزلێنانە.

pdfelement

Remove Watermark Now

نووسەرو فەیلەسووفی ئینگلیزی (تۆماس کارلیل) لە کتێبەکەی (بلیمەتەکان و پەرستنی بلیمەتی) لە ژێر ناونیشانی (بلیمەتێك لە شێوەی پێغەمبەرێك) لەوە دوورتر دەڕواو دەڵێ:

(هیچ ڕەوا نیە قسەی ئەو کەسانەی کە لەبەر دەمارگیری ئاینی دەڵێن: (محمد) پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی هەڵبەستووە، من دەڵێم: قەت نەبووە کەسێك، کە هەرگیز شارەزای سیفەتەکانی کەرەستەی بیناکردنی نەبێ، پیشەی بیناکاری بۆ خۆی هەڵبەستێ و بڕوا تەلارێك دروست بکات، بێ گومان ئەو تەلارە بەرگەی گەرماو باو باران و بەسەرچوونی کات ناگرێ و دوای ماوەیەکی کورت درز دەبات، یان تێك دەچێ و دەڕووخێ. (محمد) کە پیاوێکی نەخوێندەوار بووە، توانی بینایەکی مەزن لە ڕەوشتی بەرزو دەقی یاسایی و بنەمای باوەڕی پتەوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ریسای پێکهێنانی پەیکەرو تەلاری دەوڵەتی وا دروست بکات، کە دوانزە سەدە لە ڕووداوی جۆراوجۆرو دوژمنی جیاجیادا، درزێکی تیا دروست نەبووەو، هێشتا هەر ماوەو هەرەسی نەهێناوە، بەڵکوو بە بەردەوامی پەرەدەسێنێ! سەرەڕای ئەوەش، ملیۆنەها ژمارە لە دانیشتووان، بە درێژایی مێژوو، لەو تەلارە(واتە لە ئاینی ئیسلام) جێنیشین بوون، ئەوەش گەورەترین بەڵگەیە کە سەرچاوەیەکی ئاسمانی لە پشت ئەم پیاوەو ئەم ئاینە بووە). هەروەها کارلیل دەڵێ: هەندێ لە گاوران دەڵێن: (محمد) هەمیشە لە پێناوی ناودەرکردن کاری دەکرد، نەخێر! هەرگیز (محمد) بەدوای شوهرەت و

Remove Watermark Now

ناودەرکردن ئەو ئیشە مەزنانەی نەدەکرد، بەڵکوو لە دەروونێکی هێوری وەك دەروونی (محمد)، تەنیا ڕاستگۆیی دەخوێنی، بۆیە بەڕاشکاوی دەڵێم، من لەبەر ڕاستگۆیی و بێ ریایێکەی ، (محمد)م خۆش دەوێ!

(فیلیب حتی) دەڵێ: بنیاتنانی برایەتی رەسەن لە نێوان پێکهاتەی کۆمەڵگای (مەدینە) لەبری رەگەزپەرستی هۆزایەتی، یەکێك بوو لەو کارە هەرە بوێرانەی کە (محمد) پێی هەڵسا.

نووسەری پەرتووکی بەناوبانگ (چیرۆکی شارستانیەت) (وێل دیورانت) ئەڵێ: زۆربەی فەرموودەکانی پێغەمبەر محمد، هانی موسڵمانان ئەدا لەسەر وەرگرتنی زانست، بەوەش جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ چاکسازە ئاینیەکان.

pdfelement

زانای ئەمریکی (مایکل هارت) لە کتێبەکەیدا (مەزنترین سەد کەس لە مێژوودا)، (محمد) لە لوتکەی گرنگترین سەد کەس لە مێژوودا دادەنێ و دەڵێ: (محمد) تاکە کەسێکە کە توانی لە هەردوو بواری ئاینی و دونیایی، بە تەواوەتی سەرکەوتوو بێ و ببێ بە گرنگترین پێشەو ای سیاسی و سەربازی و مرۆڤایەتی.

هەرچەندە نووسەرو فەیلەسووف و وتاربێژی بەناوبانگی فەرەنسی فرانسوا ماری ارویە ناسراو بە (ڤۆڵتێر)، کە هەمیشە رەخنە لە بیرو هەڵسوکەوتی کڵێسەی کاتۆلۆکی دەکرد، لەسەرەتادا، دژایەتی پێغەمبەر (ﷺ)ی کرد، بەمەبەستی هێرشکردن لەسەر بیروڕاوی پیاوانی ئاینی مەسیحیەت لەو شانۆگەریەی کە لە ساڵی 1741 نووسیبووی و لە

Remove Watermark Now

زمانی فەرەنسیەوە لە لایەن شاعیری گەورەی ئەڵمانیا (گیتە) بۆ ئەڵمانی وەرگێڕا. بە شێوەیەکی ناشیرین لەو شانۆگەرییە مێژووی پێغەمبەر (ﷺ) نمایشکرا. بەڵام هەندێ لە برادەرانی ڤۆڵتێر کە شانۆگەریەکەیان بینی، رەخنەیەکی توندیان ئاڕاستە کرد و تێیان گەیاند کە پێغەمبەر (ﷺ) لەو ئاستە بەرزترە کە باسی دەکات، بۆیە ڤۆڵتێر رووی لە سەرچاوە مێژوویەکان کردو و بە وردی و سەر لە نوێ مێژووی پێغەمبەر (ﷺ) خوێندەوەو ئەنجا بە راشکاوی گەورەیی پێغەمبەر **(ﷺ)ی بۆ دەرکەوت و** دەرهەق بە پێغەمبەر **(ﷺ) لە وتارێکی بەناوبانگدا نووسی: بەڕاستی پیاوێکە تابلێی مەزن بوو،** یاسادارێژ و رزگاریخواز بوو، بە گەورەترین رۆڵێك هەڵسا کە مرۆڤێك بتوانێ پێی هەڵسێ. لەهەمان کاتدا، شاعیری گەورەی ئەڵمانیا(گیتە)، لەلایەن خۆیەوە، پێغەمبەر **(ﷺ)** بۆ پلە یەکەمەکانی گەورەپیاوانی مێژووی گواستەوەو بە هۆی شیعرو و نووسینەکانی، پێغەمبەر (ﷺ)ی بە ئۆرۆپا ناسان، بە تایبەتی کتێبە بەناوبانگەکەی ( **الديوان الشرقي للمؤلف الغربي**)، کە تیایدا بە راشکاوی دەڵێ: بەو شێوەیە، دەبێ ئەو راستییەی کە محمد پێی گەیشت ئاشکرا ببێ، تەنیا بە یەکخواپەرستی محمد بەسەر جیهاندا بالآبوو .

ئەدەبناسی گەروەی بەریتانیا (جورج برناردشۆ) نازناوی (زرگاریخوازی مرۆڤایەتی) لە پێغەمبەر (ﷺ) ناو وتی: مێژووی ئەو

Remove Watermark Now

پیاوە مەزنەم خوێند، بەڕای من دەبێ نازناوی رزگاریخوازی مرۆڤایەتی لێ بنرێ و، زۆر لەوە دوورە کە دژی مەسیح شتی هەڵبەستبێ.

تۆێژەر لە بواری مێژووی ئاینەکان و نووسەری بەریتانی کارین ئارمسترۆنگ لە کتێبەکەی (محمد پێغەمبەری ئەم سەردەمەمان) ئەڵێ: دیارە پاڵپشتیی خوا، تاکە هۆیەك بووبێ بۆ ئەو هەموو سەرکەوتنانەی کە محمد ئەنجامی داوە، چونکە هاتنە دی بەرهەمێکی ئەدەبی توکمەی وەك قورئان و دامەزراندنی ئاینێکی گەروە و هێزێکی جیهانی مەزن لەخۆیەوە نایەتە دی).

گوستاف لوبون دووپاتی دەکاتەوە کە ئەگەر ئەنجامەکان پێوەر بن بۆ گەورەیی کەسایەتی، دەتوانین بڵێین کە محمد گرنگترین و مەزنترین کەسایەتیەکی مێژووی مرۆڤایەتیە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# پێوەری نموونەیی مرۆڤایەتیە

پێغەمبەر محمد (ﷺ) خاوەن بەرزترین ئاستی مرۆڤایەتی و خاوەن شێوەیەکی نموونەیی مرۆڤداریە، کە لە ژێر چاودێریی پەروەردگار دروست بووە، بۆ ئەوەی ببێ بە پێوەرێك بۆ هەرکەسێ کە بیەوێ ئاستی مرۆڤایەتی خۆی هەڵسەنگێنێ و بەرزبکاتەوە، یان خۆی لە خوای گەورە نزیك بکاتەوە. بوونی محمد (ﷺ) بە پێوەر، لە دوو رووەوە خۆی نمایش دەکات:

**یەکەم:** لە فراوانی رووبەری سیفەتە مرۆڤداریەکانی: بە درێژایی مێژوو، چەندەها کەسی لێهاتوو هەبووە، هەر یەکەیان بە سیفەتێك یان زیاتر لە سیفەتی لیهاتوویی، لە زیرەکی و دەست پاکی و راستگۆیی و ئارامی...هتد لەو سیفەتە بەرزانە بەناوبانگ بووە، بەڵام ئەو هەموو سیفەتە بەرزانەی مرۆڤایەتی، کە لە مێژوودا ئامازەی پێ کرابێ، لە پێغەمبەر(محمد) (ﷺ)دا بە بەرزترین ئاست خۆی گرتۆتەوە.

**دووەم:** لە ووردی پێوەری رەفتارو کردەوەکانی: محمد (ﷺ) بە پاڵپشتی وەحی ئاسمان، توانی پرۆگرامێکی تەواو لە رەوشت بەرزی، لە هەموو بوارەکانی ژیان و، بە وردترین کێش، دابرِێژێ! وەنەبێ ئەو سیفەتە، واتە کێش دانان بۆ چالاکی ئادەمیزاد، تەنیا لە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)بێ، بەڵکوو ئەوە سیفەتی قورئانی پیرۆزیشە.

<u>**کێشی وشە :**</u> کە دەفەرموێ: کاتێ ئادەمیزاد یەك وشە لە دەمی دەردەچێ، کە بە بێ بەهای تێبگات، خوای گەورە بەهۆیەوە، چەندەها

Remove Watermark Now

پلە بەرزیدەکاتەوە. بە پێچەوانەوە، لەوانەشە وشەیەکی خراپ، پێی بچێ بە ناخی دۆزەخەوە.

**کێشی پیت:** خوێندنەوەی یەك پیتی قورئان بە دە چاکە هەژمار دەکرێت.

**کێشی هەنگاو:** ئەوەی یەك هەنگاو بۆ مزگەوت بنێ، چاکەیەکی بۆ دەنووسرێو، خراپەیەکی لێ هەڵدەگیرێ و، پلەیەك بەرز دەکرێ.

**جیاوازی لە نێوان کێشی کاری تاك و کاری کۆ:** کاری کۆمەڵ لە کاری تاك، لە پێوانەدا، گرنگترە، بۆ نموونە، نوێژێکی کۆ، دە جار خێری لە نوێژی تاك زیاترە، پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: ئەو کارەتان بۆ ئاماژە بدەم کە لە نوێژو رۆژو خێرکردن گرنگتر بێ؟ ئاشتکردنەوەی دوو کەس، کە پەیوەندی لە نێوانیاندا پچرابێ.

**کێشی کار، بە گرنگیەکەی بەندە:** پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: سێ کەس نوێژیان بستێك بۆ ئاسمان سەرناکەوێ، یەکەمیان: زەلامێك کە پێش نوێژی خەڵك دەکات، هەرچەندە لێی نارازین (نموونەیە بۆ حاکمێکە کە بە زەبر حوکمڕانی خەڵك دەکات، ئەوەش بۆ ئەوەی دەوڵەت لە ستەمکاری و دیکتاتۆرییەت بپارێزێ)، دووەمیان: ئافرەتێکە کە مێردەکەی توورە دەکات (ئەوەش بۆ ئەوەی خێزان لە ئاشووبەو دووبەرەکی دووربخاتەوە)، سێهەمیانیش: دوو برادەری ناکۆك و دابڕاون لە یەکتری (ئەوەش بۆ ئەوەی کۆمەڵ لە ناکۆکی بپارێزێ).

pdfelement

Remove Watermark Now

**کێشی هەستی دەروون:** پێغەمبەر (ﷺ) ئەفەرموێ: پێ نانێتە بەهەشت، ئەو کەسەی بەقەدەر کێشی میسقالێك فیزی لە دڵدا هەبێ.

لەبەر کاریگەری توندی فیز لە ناو کۆمەڵدا، ئەو کێشەی پێ دا، هەروەها هانی خەڵك ئەدا کە تووڕەیی خۆیان رابگرن و ئەفەرموێ: گرنگترین ژەم لای خوای گەورەدا، ژەمی تووڕەبوون، کە مرۆڤ لە پێناوی رەزامەندی خوا رایدەگرێ.

بەو شێوەیە، پێغەمبەر (ﷺ) بەو فەرمایشتانەی کە رۆژانە بۆ موسڵمانانی دەگوتەوە، توانی پێوانەیەکی وورد بۆ زۆربەی کارو هەست ونەستی مرۆڤ دابرێژێ کە پێکهاتەی تاك و کۆمەڵی پێ رێك بخرێ.

بۆیە پێویستە محمد (ﷺ) بکرێتە پێوەرێکی نموونەیی بۆ مرۆڤایەتی، بۆ دروست کردنی ئادەمیزادی خاوەن رەوشت و باوەڕی پتەو. لەو روانگەیە، دژایەتی ئەو پێغەمبەرە، دژایەتیە لەگەڵ بنەماکانی پێکهاتەی رەسەنی مرۆڤایەتیە. هەوڵی تێکشکاندنی وێنەی لە دڵی خەڵکیدا، بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتی نیە، چونکە ونبوونی پێوەر، ئەبێتە هۆی فرێدانی ئادەمیزاد بۆ ناو فەوزای گشتی بەدڕەوشتی. ئایا دەکرێ، لە بواری تەندروستیدا، پێوەرەکانی تەندروستی لەش، وەك رێژەی نموونەیی شەکرو چەوری و ئاستی پەستانی خوێن رەچاو نەکرێ، بێ گومان ئەو ونبوونە دەبێتە هۆی دروستبوونی فەوزای تەندروستی، چونکە ئەو کاتە، نازانرێ ئەو رێژانە لەگەڵ چیدا بەراورد بکرێ و بپێورێ. بۆیە دەبێ کەسایەتی محمد (ﷺ) بپارێزرێ و بانگەوازی بۆ

Remove Watermark Now

بکرێ، هەر چۆن لە پێناوی پاراستنی ژینگە، کەماڵی گشتی مرۆڤایەتیە، ئیمڕۆ شارستانیەت خوازان، دژایەتی تێکدەرانی ژینگە دەکەن، بەهەمان شێوە، بگرە زیاتریش، دەبێ مرۆڤدۆستان لە نووسەران و شاعیران و ئەدەب دۆستان و زانایان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ، هەوڵی تەواوی خۆیان بدەن بۆ پارێزگاریکردن لە مێژوو و وشەکانی (محمد) (ﷺ)، چونکە پێوەری گشتی ژیانی مرۆڤی نموونەیی و،گرنگترین هێڵی بەرگریکردن لە رەوشت بەرزی دەنوێنێ.

pdfelement

# پاراستنی بەڵێن و پەیمانەکان

(سراقة بن مالك) دوای پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵکانی لە رێی کۆچکردن بۆ مەدینە کەوت، کە گەیشت پێیان ویستی دەست بەسەریان بکات، بەڵام نەیتوانی، چونکە جارێك دەیویست بیانگرێ پێی ئەسپەکەی لە ناو لمدا دەچەقا، بۆیە دڵنیابوو کە هێزێکی گەورە ئەم پیاوە دەپارێزێ. بۆیە داوای لێکرد لەسەر پارچە ئێسقان بەڵێنێکی بۆ بنووسێ ئەگەر هاتوو خوا سەریخست پاداشتی باتەوە. پێغەمبەر ﷺ نەك تەنیا ئەوەی بۆ نووسی، بەڵکوو پەیمانیشی پێدا کە دوو بازنەکەی کیسرای دەست کەوێ. سوراقە وتی: کیسرای پاشای فارس؟ فەرموی: بەڵێ! کیسرای کوڕی هرمز پاشای فارس! کە خوای پەروەردگار پێغەمبەری ﷺ بەسەر قورەیشدا سەرخست، سوراقە هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و پارچە ئێسقانەکەی پیشان دا، ئەویش ﷺ بەڵێنی خۆی هێنایە دی و پاداشتی دایەوە. بەڵام لەوە گرنگتر ئەوە بوو کە لە کاتی خەلافەتی ( عمر بن الخطاب)دا، کاتێك کە وڵاتی فارس بۆ ئیسلام کرایەوە، (عمر) سوراقەی بانگکرد و پێی وت: هەردوو دەستم بەرێ، ئەنجا دوو بازنەکەی پاشای فارسی خستە دەست و پێی راگەیاند: ئەمەش بەڵێنی پێغەمبەرە ﷺ بۆت، دوای ئەو هەموو ساڵانە وا هاتە دی.

لەگەڵ هەر کەسێك پەیمانی بەستبێ، پەیمانەکەی پاراست ووە، بۆیە دوژمنان هەمیشە لەو لایەنەوە لێی دڵنیا بوون و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکردو بە تەواوەتی متمانەیان پێ دەکرد. ( حذیفة ) و

pdfelement
Remove Watermark Now

Remove Watermark Now

باوکی، هاتنە ڕیزی هێزی موسڵمانان لە شەڕی (بەدر)دا، پێغەمبەر ﷺ، هەرچەندە زۆر پێویستی بە چەکدار بوو، بەڵام فەرمانی پێدان لەو شەڕەدا بەشداری نەکەن و بۆ مەدینە ب گەڕێنەوە، چونکە ئەو دوو هاوەڵە، بەرلەوەی بگەنە هێزی موسڵمانان، کەوتنە دەست هێزی قورەیش و لەبری ئەوەی دەست بەرداریان بن پەیمانیان بە قورەیش دابوو کە لەم شەڕەدا بەشداری نەکەن و ڕاستەوخۆ ڕوو لەمەدینە بکەن، بۆیە پێغەمبەر ﷺ پەیمانی ئەوان بە پەیمانی خۆی زانی و ویستی پەیمانیان لەگەڵ بێ باوەڕان بپارێزێ، هەرچەندە لەگەڵ بەرژەوەندی سەربازی هێزی ئەو نەبوو.

کاتێ پێغەمبەر( ﷺ) گەیشتە دۆڵەکانی کێوی (ئوحود)، گوێی لە دەنگی (أبی بن خلف) بوو بانگی دەکات: (محمد)! یان نەمانم، یان نەمانت! موسڵمانێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! با یەکێکمان بۆی بچێ؟ فەرمووی: نەخێر! دەمێکە پەیمانم پێ داوە کە من دەیکوژم، لێیگەڕێن! من چاری دەکەم! ئینجا دەستی دایە ڕمی هاوەڵێکی تەنیشتی، و بە چاوتروکاندنێك لە دەستی سەندو باری هاویشتنی وەرگرت، ئەوەندە بە توندو خێرا ڕمەکەی هاویشت، موسڵمانانی تەنیشتی هەژاند. هەرچەندە (ابی بن خلف) زرێیەکی لەبەردا بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ڕمەکەی وا بە ڕاستی تێگرت، کە بەر کەلێنێکی بن ملی کەوت ولە سەر ئەسپەکە ختیە خوارەوەو بە ناو زەویدا تلی خوارد. بەدەگمەن پێغەمبەر(ﷺ) خەڵکی کوشتووە، بەڵام ئەم (ابی بن خلف)ە

Remove Watermark Now

**هەر لە ( مەککە) هەڕەشەی لە پێغەمبەر( ﷺ )ی دەکردو پێی دەگوت: من لەسەر ئەم ئەسپە دەتکوژم، پێغەمبەریش( ﷺ ) پێی دەفەرمو: نەخێر من دەتکوژم! بۆیە ئەو کابرایە هەمیشە دڵنیابوو کە ڕۆژێك بە دەستی پێغەمبەر( ﷺ ) دەکوژرێ، چونکە دەزانیێ بەڵێنی خۆی دێنێتە دی. کە گەڕایەوە لای کافران و بینیان ژێر زرێکەی خوێناوی بووە، دڵیان دایەوەو پێیان گوت: گوێی مەدەرێ، برینەکەت سووکە، ئەویش پێیانی گوت: گرنگ نیە برینەکەم سووك بێ یان سەخت بێ، لەبەر ئەوەی (محمد) پێی گوتم: دەتکوژم، دەزانم هەر ئەو دەمکوژێ، بە خوا قەسەم گەر (محمد) نەك بریندارى کردبم، بەڵکوو گەر تەنیا تفی لە من بکردایە، هەر بەوە دەمردم. ئەوندەی نەبرد (أبی بن خلف) لە ڕێگادا، بەر لەوەی بگاتە مەککە، بەو برینەوە مرد!**

pdfelement

Remove Watermark Now

# هەڵگری سیفەتە جیاوازەکان

پێغەمبەر(ﷺ) ئەو کەسەیە، کە توانیوێتی بە جوانترین و وردترین شێوە، سیفەتە جیاوازەکان لەناو پێکهاتەی دەروونی خۆیدا کۆبکاتەوەو، بەکاریان بێنێ بۆ بنیاتنانی بەرزترین پێکهاتەیەکی دەروونی و رەوشتی کە ئادەمیزاد گەیشتبێتێ:

– ئازاترین کەس بوو، لە هەمان کاتدا بە شەرمترین کەس بوو.

– تێکەڵی تەواوی خەڵکی دەکرد، بەڵام لە خواپەرستی و تەنیایی لە میحرابدا، باڵاترین دەستی هەبوو.

– وەحی ئاسمانی بۆ دەهات، کەچی ڕاو بۆچوونی خەڵکی دەخوێندەوەو زۆر جار بە قسەشی دەکردن.

– سیاسەتمەداری لێهاتوو بوو، لەهەمان کاتدا ڕاستگۆترین کەس بوو! کەچی ئێستا وای لێهاتووە گەورەترین سیاسەتمەدارێك بەوە پێناسە دەکرێ کە بتوانێ زۆرترین بەڵێنی درۆ بدات و بتوانێ لە پاش بوونی بە سەرۆك، درۆکانی بباتە سەر!

– لە هەموو کەسێك زیاتر چێژی لە ژیان وەردەگرت، کەچی لە هەموو کەسێك زیاتر بیری لە مردن و دوارۆژشی دەکردەوە.

– بۆ مردنی خۆشەویستانی، خەفەتی دەخواردو فرمێسکی دەڕژاند، بەڵام لە چوارچێوەی باوەڕ بە قەدەری خوا دوورنەدەکەوتەوە.

pdfelement

Remove Watermark Now

– هەڵگری باوەڕی پتەو بە خوای گەورەو دروستکراوە نەبینراوەکان، وەك جنۆکە و فریشتە، بووە، بەڵام بواری نەدەرەخسان بۆ خورافەو جادووگەری.(لە کاتی ناشتنی ئیبراهیمی کوڕی، رۆژ گیرا، موسڵمانان گوتیان: ئەوە لەبەر مردنی ئیبراهیم رۆژ گیرا، بەڵام پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: خۆر و مانگ، دوو بەڵگەن لەسەر گەورەیی خوای پەروەردگار، بۆ مردن و ژیانی هیچ کەسێك ناگیرێن).

– کە لەو پەڕی هێزو توانا بێ، دەست بۆ ئاشتی درێژ دەکاتەوە: بۆ نموونە، پاش شەڕەکانی بەدرو ئوحود و خەندەق، هێزەکەی ڕوو لە زیادبوون بوو، بەڵام هێزی قورەیش بەرەو لاوازی دەڕۆیشت، کەچی هەواڵی بۆ دەناردن: من ئامادەم دانوستانی ئاشتیانە لەگەڵتاندا سازبدەم!

– لە هەموو ئیشێکدا پشتی بە خوای پەروەردگار دەبەست، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پێداویستیەکانی ئیشەکەی ئامادەدەکرد. یەکێك پێی گوت: ئەم حوشترەم بەڕەڵابکەم و پشت بە خوا ببەستم؟ فەرموی: بیبەستەو پشت بە خوا ببەستە!

– هانی موسڵمانانی ئەدا، بۆ پاش مردن هەوڵ بدەن و نەهێڵن خۆشی دونیا بەها بەرزەکانی باوەڕیان لە بیر باتەوە، لە هەمان کاتدا ئامۆژگاری دەکردن کە پلانێك بۆ ئایندەی دونیایان دابنێن. بۆ نموونە (**عمر بن الخطاب**) فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا! پارچە زەویەکم هەیە، ئایا هەمووی بکەم بە خێرو لە ڕێی ڕەزامەندی خوای گەورە

Remove Watermark Now


بیبەخشم؟ پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرمو: نەخێر! بەشێکی بکە بە خێرو ئەوی تر بۆ دوارۆژی منداڵەکانت جێبهێڵە!

– لەبەر خەمخ ۆریی چارەنووسی میللەتەکەی، هەرگیز قاقای پێکەنینی لێی نەبیستراوە، کەچی زۆر جار زەردەخەنە لێوەکانی داپۆشیوەو زۆرجاریش گاڵتەی لەگەڵ گەورەو بچووك و گەنج وپیرو پیاوو ئافرەت کردووە، بۆ نموونە ئەو پیرێژنەی کە داوای لێکرد بخرێتە بەهەشتەوە، پێی فەرموو: جا کێ ئەڵێ پیرێژن ئەخرێتە بەهەشتەوە؟ ئەویش بە گریانەوە ڕۆی، بەڵام دیسانەوە بانگی کردەوەو پێی فەرموو: ئافرەت ی پیر، پێش ئەوەی بخرێتە بەهەشتەوە، گەنج دە ێتەوە، بۆیە بە پیری کەس ناخرێتە بەهەشتەوە! یان بەو ئافرەتەی کە بۆ سکاڵاکردن لە مێردەکەی هاتبوو پێی فەرمووی: پیاوەکەت ئەوەیە کە لە چاویدا سپێتی هەیە؟ ژنەکە کەوتە گومان لە مێردەکەی، بەڵام دیسانەوە فەرمووی: چاو هەیە سپێتی تیا نەبێ؟!

– خەوەکانی هەمووی ڕاست دەردەچوون، بەڵام هەرگیز پشتی بە خەو نەدەبەست بۆ بڕیاردان و نەخشەکێشان بۆ ڕووداوەکان. لە شەڕی (ئوحود)دا ئەو خەوەی کە بینی، بەر لەوەی لە مەدینە لەشکرەکەی دەربچێ، وای دەگەیاند کە بەرژەوەندی لەشکرەکە لەوەدایە کە لە مەدینە سەنگەر دابنێن و بەرەو کۆبوونەوەی هێزی دوژمن نەچن، بەڵام لەبەر ڕای زۆرینەی موسڵمانان، بڕیاری دا بە

Remove Watermark Now

دەرچوون بەرەو مەیدانی جەنگ لە دەرەوەی مەدینەدا. هەروەها کە سیٚ شەو لەسەر یەك، لە خەوەکەیدا، خەوی دەبینی کە ( عائشة) دەبێتە هاوسەری، بەڵام دەیفەرموو: گەر ئەو خەونە لە خواوە بیٚ ، دێتە دی و خوا ئاسانکاری بۆ دەکات!

pdfelement

Remove Watermark Now

# دڵسۆزی لە گەیاندنی پەیامی خوا

ئەو خاوەن پەیامەیە، کە مەبەستی سەرەکی گەیاندنی پەیامی خوای گەورە بوو بە خەڵکی ، نەك بۆ ژمارە زیادکردن یان بۆ دەستکەوتی مادی، بەڵکوو بۆ ڕزگارکردنیان لە دۆزەخی خوای گەورەو بانگێشیان بۆ بەهەشتی ژیان لە ژێر سێبەری ئیسلامدا لە دونیاو بەهەشتی گەورە لە دواڕۆژدا. لە ناسکترین قۆناغی بانگەوازی بۆ ئاینی خوا، لە خوای گەورە دەپاڕایەوە کە دڵی دوژمنترین کەس بۆ لای ئاینی خوا ڕابکێشێ، ( عمرو بن هشام ،أبو جهل) و (عمر بن الخطاب) دوو دوژمنی سەرەکی موسڵمانان بوون، کەچی لە خوای گەورەی داوادەکرد، کە بۆ ئاینی خوا، دڵیان نەرم بکاو بیانکاتە پاڵپشتی ئەو ئاینە. ئەو بەتەنگەوە هاتنە، کە لەگەڵ بێ باوەڕان و نەفامان دەینواند، سیفەتێکی بێ هاوتاوبوو لە کەسایەتی ئەو پێغەمبەردا:

- ( ثمامة بن اثال ) گەورەی قەومی خۆی لە ( **يمامة** )بوو. زۆر ڕقی لە پێغەمبەر(ﷺ)بوو، جارێك خۆی ئامادەکرد و ویستی بەرەو مەدینە بچێ بۆ ئەوەی بیکوژێ، بەڵام ئامۆزایەکی نەیهێشت بڕواو پەشیمانیکردەوە. جارێکی تریش کۆمەڵێك لە موسڵمانانی مەدینەی بە دیل گرت و هەموویانی کوشت، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکرد. ڕۆژێك بەرەو مەککە دەکەوێتە ڕێ بۆ جێبەجێکردنی (عومرە)، بەڵام خۆشبەختانە کۆمەڵێك چەکداری موسڵمان بە دیل لە نزیك مەدینە

pdfelement

Remove Watermark Now

ئەیگرن، بێ ئەوەی بیناسن و بە داری مزگەوتەکەوە دەیبەستنەوە. پێغەمبەر(ﷺ) دەیبینێ و لەو موسڵمانانە دەپرسێ: دەزانن کێتان بە دیل گرتووە؟ دەڵێن: نەخێر! وا دەزانن کە سەر بە قورەیشە. پێغەمبەر(ﷺ) پێیان دەڵێ: ئەوە (**ثمامة بن اثال**)ی (یمامە)یە! دواتر پێغەمبەر(ﷺ) دەچێتەماڵەوەو خواردنی بۆ دەهێنێ و بە موسڵمانان دەڵێ: ئاگاتان لێ بێ و حورمەتی بگرن. کە نوێژ تەواو دەبێ، دێتە لای و پێی دەفەرموێ :هیچ هەیە پێم بڵێی (**ثمامة**)؟ ئەویش دەڵێ: بەڵێ! سێ شتم پێیە، گەر بمکوژی، هەیە تۆڵەم بسێنێ و گەر بمبەخشی سوپاس گوزاریت دەکەم و گەر لەبری دەستبەردارکردنم پارەت دەوێ، چەند ئەڵێی ئەیدەم! پێغەمبەر(ﷺ) هیچی پێ ناڵێ. بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پێغەمبەر(ﷺ) هەمان پرسیاری لێ دەکاتەوە، ئەویش هەمان وەڵام ئەداتەوە، دواتر پێغەمبەر(ﷺ)بە هاوەڵانی دەفەرموێ: (ثمامة) ئازاد بکەن! ئەویش ئەو ڕەفتارەی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر بەلایەوە سەیر بوو، دڵنیابوو کە پێغەمبەر(ﷺ) هەڵگری پەیامی خوایە، بۆیە کە لە شارەکە دوورکەوتەوە، چوو دەست نوێژێکی گرت و هاتە مزگەوت و بەهەموو خەڵکی ڕاگەیاند:أشهد ان لااله الا الله وان محمداً رسول الله، دواتر ڕووی کردە پێغەمبەر(ﷺ)و پێی گوت: ئەی (محمد)! تۆ پێشتر دوژمنترین کەسی من بووی، سوێند بە خوا ئێستا خۆشەویسترین کەسی منی، ئاینت ناشیرینترین ئاین بوو لای من، بەڵام ئێستا جوانترین ئاینە لای من، شارەکەشت ناخۆشترین شاربوو لای من، کەچی ئێستا شارەکەت

Remove Watermark Now

خۆشترین شارە لای من! ئەی پێغەمبەری خوا! مۆڵەتم بدەرێ بەرەو مەککە بچم بۆ جێبەجێکردنی ( عمرة ). پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دایەو فێریکرد چۆن (عمرة) بەپێی ڕێنمایەکانی ئیسلام جێبەجێبکات. پاشان چووە مەککە و بە وشەی یەکخواپەرستی، کە ئەمە یەکەم جارە موسڵمانێك بەو شێوەیە (عمرة) بکات، عومرەی خۆی کردو ڕووی کردە کافرەکان و پێیانی ڕاگەیاند: من موسڵمان بووم! لەمەولا چاوتان بە دەنکێك گەنم ناکەوێ، هەتا پێغەمبەری خوا( ﷺ) مۆڵەت نەدا! پاش ماوەیەك شاندێکی مەککە چووە لای پێغەمبەر( ﷺ)وپاڕایەوە کە بە ناوی خزمایەتی، فەرمان بە (ثمامة ) بدا گەنمیان بۆ بنێرێ، ئەویش( ﷺ)، لەبەر خزمایەتی، هەرچەندە دوژمنی سەرەکی بوون، مۆڵەتی دا بە (ثمامة) کە گەنمیان بۆ بنێرێتەوە!

– داب و نەریتی پێغەمبەر ( ﷺ) لە پاش جەنگدا ئەوە بوو، کە دەستکەوتی شەڕەکە بەسەر چەکداراندا بەش بکات، بەڵام لە جەنگی (هوازن)دا بەشێکی زۆری دایە تازەموسڵمانانی مەککەو دەوروبەری، بۆ ئەوەی دڵیان زیاتر بەرەو ئیسلام ڕابکێشێ و دڵنیا بن کە مەبەستی سەرەکی شەڕ لە ئیسلامدا، کۆکردنەوەی پارەو پوول نیە، بەڵکوو بەرزکردنەوەی وشەی خوایە. لەو تازە موسڵمانانە (صفوان) بوو، ئەو پیاوە دژایەتیەکی زۆری ئیسلامی کردبوو، لەبەر ئەوەی باوکی لە شەڕی (بەدر)دا بەدەست موسڵمانان کوژرا، زۆری لە دڵدا بوو بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام لەو جەنگەدا ، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەندەی دایە،

Remove Watermark Now

هەتا هیچی لە دڵا نەما، تەنانەت دۆڵێك پڕ لە مەڕو ماڵات بوو، كە بینی چاوی لێیەتی پێی فەرمو: ئەو مەڕو ماڵاتەت بە دڵە؟ گوتی: بەڵێ! فەرموی: هەمووی پێشكەش بە تۆ بێ. بەو بەخشینە، دڵی (صفوان) و كەسانی وەك ئەو، بە تەواوەتی لە ئیسلام نزیك كردەوە، بە شێوەیەك كە پێغەمبەر (ﷺ) ویستی قەڵغانەكانی بۆ بگەڕێنێتەوە، چونكە ، بەرلەوەی بچن بۆ جەنگ، بە قەرز لێی وەرگرتبوو، گوتی: ئەوانە پێشكەش بە خوا بێ، ئێستا دڵم بە باوەڕو ئیسلامەتی لە ماڵی دونیا خۆشتر بووە. پێغەمبەر (ﷺ) هەمان هەڵوێستی لەگەڵ (سهیل بن عمرو) كرد. ئەو پیاوە، هەرچەندە هێشتا لەسەر باوەڕی مابووە، بەڵام بەشداری جەنگەكە كرد و لە گەڕانەوە لە ڕێگادا موسڵمان بوو، ئەوەش بووە خۆشحاڵی پێغەمبەر (ﷺ)، بۆیە سەد سەر ئاژەڵ لە دەستكەوتی جەنگەكەی پێدا.

## مامەڵەی لە گەڵ تیرۆریستان

پاش كارەساتەكەی شەڕی (بەدر)، كە بەسەر كافرەكانی مەككەدا هات و سەرەگەورەكانی قورەیش تێیدا لە ناوچوون، سەرانی بێ باوەڕ بۆ هەلێك دەگەڕان بۆ تۆڵە سەندنەوە، بەر لەوەی جارێكی تر هێزی خۆیان كۆبكەنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی.

(عمیر بن وهب) كە دوژمنێكی گەورەی پێغەمبەر(ﷺ)بوو، ڕۆژێكیان لەگەڵ (صفوان بن امیة) لە پەنای كەعبەدا دانیشتبوون، یادی كوژراوانی

Remove Watermark Now

(بەدر)یان دەكرد. (صفوان) گوتی: بەڕاستی ژیان دوای ڕۆیشتنی ئەو خۆشەویستانە تام وخۆشی نەماوە، (عمیر): گوتی: بە خوا ڕاست دەكەیت، گەر نەختێ پارەی زیادم هەبوایە، بۆ منداڵەكانم جێبهێشتایە و قەرزەكانیشم پێی بدایە، وە بە بیانووی برا ئەسیرەكەم، كە لای موسڵمانان بە دیل گیراوە، هەر ئێستا بەرەو(یثرب) دەچووم و بەدەستی خۆم (محمد)م دەكوشت. لێرەدا (صفوان) ئەمەیانی بەهەل زانی و بە (عمیر)ی گوت: برا! من قەرزەكانت بۆ دەدەمەوەو منداڵی تۆ لەگەڵ منداڵەكانی خۆم بەخێو دەكەم. (عمیر) دڵی بەم بەڵێنەی (صفوان) خۆشبوو، بۆیە گوتی: كەواتە هەر ئێستا دەچم بۆ ( یثرب) بۆ ئەم مەبەستە، بەمەرجێ ، هەتا دێمەوە، لای كەس باسی مەكە.

(عمیر) بەرەو مەدینە كەوتە ڕێ، كە گەیشت، لە دوورەوە ( عمر بن الخطاب) بینی، عمریش دەزانێ كە ئەم پیاوە دوژمنێكی پێغەمبەرە(ﷺ)، بۆیە بە كۆمەڵێك لە لایەنگرانی گوت: ئاگاداری ئەم پیاوە بن، بە دووری نازانم كە بۆ مەبەستێكی گڵاو هاتبێ. عومەر پێش (عمیر) كەوت و چووە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە (عمیر) كوڕی (وهب)ە، هەست دەكەم بۆ مەبەستێكی خراپ هاتبێ، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: لێیگەڕێ بابێتە ژوورەوە. (عمیر) هاتە ژوورەوەو عومەریش پەلی گرتبوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: لێیگەڕی با نزیك بێتەوە! (عمیر) نزیك بووەو گوتی: بەیانیت باش! پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: خوای پەروەردگار سڵاوێكی تر لەوەی تۆ

Remove Watermark Now

باشتری پێ بەخشین، کە سڵاوی دانیشتوانانی بەهەشتە، خێرە وا هاتووی (عمیر)؟ گوتی: برام لای ئێوە ئەسیرەو دەمەوێ پارەی بۆ بدەم و ڕزگاری بکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: ڕاستیەکەم پێ بڵێ، بۆ هاتیتە لامان؟ ئەویش ئەوەی دوپات کردەوە، کە تەنیا بۆ ئەو مەبەستە هاتووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: ئەگەر تەنیا بۆ ئەم مەبەستە هاتبی، ئەم شمشێرەت بۆ هەڵگرتووە؟ گوتی: خوا ئەم شمشێرانە تێکبشکێنێ، لە (بەدر)دا چ سوودێکیان بە ئێمە گەیاند؟! پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: نەخێر! تۆ بۆ ئەم مەبەستە نەهاتی، تۆ لە پەنای کەعبە لەگەڵ (صفوان)دا دانیشتبووی و پلانتان دانا من تیرۆر بکەن، تۆش خەمی ماڵ و منداڵ وقەرزەکانت بۆ (صفوان) دەربڕی، (صفوان)یش گوتی: گوێ مەدەرە قەرزەکانت، من دەیاندەمەوە، منداڵەکانیشت وەکوو منداڵی خۆم مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەم! (عمیر) ڕووی گۆڕاو یەکسەر گوتی: شایەتی ئەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوای، قەسەم بە خوا، کە ئەو پیلانەمان دانا، دڵنیام کە کەسمان لەگەڵدا نەبوو! ئێمە هەمیشە تۆمان بە درۆزن لە قەڵەم دەدا ،کە لەلایەن خواوەوە وەحیت بۆ دێ، بەڵام من هەمیشە ئەو هەستەم هەبوو کە تۆ درۆت لێ ناوەشێتەوە، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە منی گەیاندە ئێرە، بۆ ئەوەی موسڵمان بم. دواتر داوای مۆڵەتی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە مەککەو دەست کات بە بانگێشکردنی خەڵکی بۆ ئیسلام، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) بە هاوەڵانی فەرمو: ئەم برایەتان فێری ئیسلام و قورئان بکەن.

Remove Watermark Now

(صفوان) ڕۆژانە بە خەڵکی رادەگەیاند، کە ڕووداوێکی خۆش بەڕێوەیە، کارەساتەکەی (بەدر)یان لە بیر بباتەوە. کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو، گوێیان لێ بوو کە (عمیر) موسلْمان بووە، بۆیە (صفوان) زۆر لێی تووڕە بوو و بڕیاری دا هەموو جۆرە پەیوەندیەکی لەگەڵدا ببڕێ.

(عمیر) گەڕایەوە مەککەو دەستی کرد بە بانگەوازی بۆ ئاینی ئیسلام و توانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی، ڕوو لە ئیسلام بکات. هەرچەندە بارودۆخی مەککە، بە هۆی شکستیان لە (بەدر)دا، شڵەژاو بوو، بەڵام لەبەر بەهێزی و بلیمەتی (عمیر)، کەس نەیدەتوانی رێی لێبگرێ.

(عمیر)یش زۆر هەوڵی دا قەناعەت بە (صفوان) بکات کە (محمد) (ﷺ) پێغەمبەری خوایە، کەچی ئەو گوێی لێ ڕانەگرت.

## مامەڵەی لەگەڵ بکوژی کچەکەی

(الهبار بن الاسود) ئەو پیاوەیە کە رێی لە حوشترەکەی (زینب) کچی پێغەمبەر (ﷺ)گرت کاتێ بەرەو (مدینة) کۆچی دەکردو بووە هۆی کەوتنی و منداڵ لە بارچوونی و دواتر لێیکردە نەخۆشیەك کە بەهۆیەوە کۆچی دوایی کرد. بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کوشتنی بۆ دەرکردو فەرمووی: گەر دەست بەسەرتان کرد بیسووتێنن، بەڵام دواتر فەرمووی: گەر دەست بەسەرتان کرد بیکوژن، چونکە تەنیا خوا بە ئاگر سزا ئەداتەوە.

pdfelement

Remove Watermark Now

لە ڕێگای گەڕانەوە لە غەزای (هوازن) ، (الهبا ر) نزیك پێغەمبەر (ﷺ)بووە، یەکێ لە هاوەڵان، پێغەمبەر ( ﷺ)ی ئاگادار کردەوە، پێغەمبەر ( ﷺ) فەرمو ی: چاوم لێیەتی، لێیگەڕێن با نزیك بێتەوە، (الهبار) گوتی: سەلامی خوات لەسەر ئەی پێغەمبەری خوا! شایەتی لەسەر تاك و تەنیایی خواو پێغەمبەرایەتی تۆ ئەدەم، لەدەستت بەرەو وڵاتی بیگانە هەڵهاتم، دواتر لێبوردنتم بیرکەوتەوە، بۆیە گەڕامەوە بن دەستت، ئێمە هاوتامان بۆ خوای تاك و تەنیا دادەنا، بەڵام خوای گەورە بەهۆی تۆوە ڕێنمایی کردین، بۆیە لێمان ببورە لەو تاوانانەی کە بەهۆی نەفامیمان کردوومانە، من دان بەو تاوانانە دەنێم. پێغەمبەر ( ﷺ) پێی فەرمو: لێت خۆشبووم، خوای گەورە سوودێکی گەورەی پێگەیاندی، کە بۆ ئیسلام دڵتی ڕۆشنکردەوە، ئیسلام تاوانەکانی پێشتریش دەسڕێتەوە.

pdfelement

## هەڵوێستی بەرامبەر بوختان

داب و نەریتی پێغەمبەر (ﷺ) لە مامەڵەکردن لەگەڵ هاوسەرەکانی لە کاتی جەنگدا، تیروپشکی بۆ دەکردن بۆ ئەوەی یەکێکیان لەگەڵ خۆی بەرێ. لە یەکێ لە جەنگەکاندا ، (عائشة)ی خێزانی ئامادەبوو بوو. لە کاتی پشوودانەوە لە ڕێی گەڕانەوەدا ، بۆ ماوەیەکی کورت، ( عائشة) کەژاوەکەی جێهێشتبوو، بەرلەوەی بگەڕێتەوە ناوی، ملوانکەکەی ملی کەوت خوارێ و پچڕا، هەتا دەنکەکانی کۆکردەوە، ئەوانەی کە بە کاری هەڵگرتنی کەژاوەکە هەڵسابوون، کەژاوەکەیان هەڵگرت و خستیانەوە

Remove Watermark Now

سەر پشتی حوشترەکە، نەیانزانی هێشتا نەچۆتەوە ناو کەژاوەکەو، لەبەر لاوازی جەستەی (عائشة)، هەستیان نەکرد کە کەسی تێدا نیە. لەشکرەکە بەڕێکەوت و (عائشة) لەوێ مایەوە. کە هاتەوە، بینی کەسی لێ نەماوە، بۆیە لە شوێنی خۆی دانیشت، بەو هیوایەی کە یەکێك بەدوایدا بنێرن. ئیتر هەر لەو شوێنەی خۆی، خەوی لێکەوت.

یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) بە ناوی ( صفوان بن المعطل) ، کە زۆر جار لە پشت لەشکرەکە دەمایەوە، بۆ دڵنیابوون لە باری ئەمنی لەشکرەکە، بینی هاوسەری پێغەمبەر ( ﷺ) خەوی لێکەوتووە. ئەو بەرلەوەی حیجاب فەرزبکرێ لەسەر هاوسەرەکانی پێغەمبەر ( ﷺ)، (عائشة)ی بینیبوو، واتە دەیناسی، بۆیە ناوی خوای هێناو گوتی: هاوسەری پێغەمبەر ( ﷺ)! ، بۆ ئەوەی لە خەو هەڵیسێنێ. ( عائشة) بەخەبەر هاتەوەو (صفوان) ئەسپەکەی خۆی لێ نزیکردەوە هەتا سوار ئەسپەکە بێ. دواتر هەتا شوێنی وەستانی لەشکرەکە ڕۆیشتن، بێ ئەوەی ئەو هاوەڵە قسەیەکی لەگەڵدا بکات.

لە ناو لەشکری پێغەمبەر ( ﷺ) ژمارەیەك لە دووڕووەکان هەبوون، ئەم دیمەنەیان بە هەل زانی بۆ بوختان هەڵبستن بۆ خێزانی پێغەمبەر (ﷺ). لە ناویاندا (أبن سلول) ڕۆڵێکی سەرەکی بینی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو بوختانە. پڕوپاگەندەکە گەیشتە پێغەمبەر ( ﷺ) و زۆر دڵی پێی نیگەران بوو. ئەو ئازاری زۆری بینیبوو، بەڵام ئەمەیان باری لە سەر دەروونی یەکجار قورسبوو. سەرەڕای ئەوەش، سەرچاوەی سەرەکی

Remove Watermark Now

زانیاری پێغەمبەر (ﷺ) کە وەحی ئاسمان بوو، بۆ ماوەی مانگێك هیچ هەواڵێکی دەربارەی ئەو ڕووداوە ڕوون نەکردەوە.

سەبارەت بە (عائشة)، ئەو هیچ لەم بوختانەی نەدەزانی، چونکە هەر کە گەڕایەوە، نەخۆش کەوت، بەڵام کە چاکبووە، لەگەڵ ئافرەتێك بە ناوی (أم مسطح) چوونە دەرەوەی ژوورەکەی، ئەو ئافرەتە بە دەما کەوت و لەگەل کەوتنەکەی دوعای لە کوڕەکەی کرد. ( عائشة) لە دڵ سافی خۆی پێی گوت: بە خۆت کەوتی، ئیتر بۆ دوعا لە کوڕەکەت دەکەی؟ گوتی: ئاخر تۆ نازانی چ بوختانێکی بۆ کردووی؟ ( عائشة) بە سەرسامیەوە: بوختانی چی؟ ئینجا (أم مسطح) هەموو پڕوپاگەندەکەی بۆ گێڕایەوە، لێرەدا (عائشة) تەواو تێگەیشت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە پەرۆشەوە هەواڵی نەخۆشیەکەی ناپرسیٚ، بۆیە یەکسەر داوای پێغەمبەر (ﷺ)ی کردو هەستی کرد پێویستی بەوەیە بچێتەوە ماڵی باوکی.

پێغەمبەر (ﷺ) لەبەر بێزاری باری دەروونی، موسڵمانانی لە مزگەوت کۆکردەوەو سکاڵای ئەو پڕوپاگەندەیەی کە بۆ خێزانی هەڵبەسترابوو، بۆ کردن، یەکێك لە موسڵمانان پێی گوت: مۆڵەتمان بدەریٚ ئەی پێغەمبەری خوا با ئەو کابرایە بکوژین، یەکیٚ لە هاوهۆزی (ابن سلول)، ئەو قسەیەی پێناخۆشبوو و بووە مشت و مڕیان، پێغەمبەریش ( ﷺ) فەرمانی پێدان کە کۆتایی بەم مەسەلەیە بێنن. دواتر بۆچوونی هاوەڵە نزیکەکانی وەرگرت، یەك دوانێکیان بە ناڕاستەوخۆ گوتیان نێگەران مەبە، لێی جیابەرەوەو یەکێکی تر بهێنە، ئەوانی تر گوتیان: وازی لیٚ مەهێنە و

Remove Watermark Now

گوێ مەدە بە قسەی دوژمنان، ئەم ئافرەتە لەلایەن خواوە بۆت دەستنیشان کراوە، خوای گەورەش شتی خراپت بۆ هەڵنابژێرێ!

ئینجا پێغەمبەر ( ﷺ ) وای بەباش زانی کە بۆ ئەو مەسەلەیە ڕووبەڕووی ( عائشة) بێتەوەو لەسەر ڕاستیەکان بوەستێ. بۆیە ڕووی کردە ماڵی ئەبو بەکر و بە (عائشة)ی فەرمو: بە ناوی خوای گەورە، کە تەنیا ئەو خوای ئەرزو ئاسمانە و (محمد) پێغەمبەری خوایە، ئەگەر ئەم گوناهەت نەکردووە، دڵنیابە کە خوای گەورە فریات دەکەوێ و بۆ خەڵکی ڕوونی دەکاتەوە، ئەگەر ئەشزانی گوناهێکت کردووە، داوای لێبوردن لە خوای گەورە بکە، خوای گەورە بۆ گوناهباران، ئەگەر داوای لێبوردن بکەن، هەمیشە لێبوردەیە.

(عائشة) بەم قسانە، فرمێسك لە چاوی دەوەستێ و ڕوودەکاتە باوك و دایکی و پێیان دەڵێ: ئێوە چاکتر من دەناسن، ئێوە لە باتی من وەڵامی بدەنەوە، ئایا ئەو جۆرە ڕەفتارە لە من دەوەشێتەوە؟ کەچی بینی وا باوك ودایکی بێ دەنگ بوون، قسە لە قوڕگیان گیر بووە، بۆیە ( عائشة) بە دڵ و دەروونێکی شکاوەوە گوتی: تازە قسەیەکەو بەرگوێتان کەوتووەو لە دڵتان جێگیر بووە، گەر بڵێم نەمکردووە، خواش شاهیدە کە نەمکردووە، باوەڕم پێ ناکەن، بەڵام ئەگەر درۆبکەم و بڵێم کردوومە، باوەڕم پێ دەکەن، بۆیە منیش هیچ قسەیەکم پێ نیە تەنیا قسەی (یعقوب)ی پێغەمبەر نەبێ، کاتێ کوڕەکانی هەواڵی (یوسف)یان هێنا کە گوایە گورگەکە خواردویەتی، فەرمووی: ﴿ **فَصبرٌ جَميلٌ، واللهُ المستعانُ على**

Remove Watermark Now

**ماتَصِفونَ**﴾(سورة يوسف 18)، منیش ئارام دەگرم و پشت بە خوا دەبەستم، دڵنیام پشتم بەرنادات، چونکە نهێنیەکانمان تەنیا لای ئەوە ! ئەو دەزانێ من تاوانبارم یان نا !

(عائشة) لەبەر خەمی خۆی، سەری قورس بوو و لێی ڕاکشا، پێغەمبەریش (ﷺ) غەم دایگرتبوو، ئەو باوەڕی تەواوی بە هاوسەری هەیە، بەڵام نازانێ چۆن وەڵامی ئەو خەڵکە بداتەوە، نەی دەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ بوختانی وا بکات، بوختانی وا بەڵگەی گەورەی دەوێ بۆ ئەوەی پووچەڵبکرێتەوە، بەڵام لەپڕ پێغەمبەر (ﷺ) بێدەنگییەك ڕووی داپۆشی و پێکەنینێك لە لێوی دەرکەوت و بانگی (عائشة)ی کردو فەرمویی: بەڵێ! خوای گەورە بەرگری لێکردی و بوختانەکەی پووچەڵکردەوە ! هەر ئێستا هەواڵی ئاسمانیم بۆ هات کە ئەوەی گوترابوو، تەنیا بوختانەو هیچی تر!

دایکی (عائشة) پێی گوت: کچم هەڵسە سوپاسی پێغەمبەر (ﷺ) بکە لەسەر ئەو هەواڵە دلخۆشکەرە، (عائشة) لەبەر ناسکی دڵی و ئەو هەموو بارەدەروونیە قورسەی کە تیابوو، کە نەیبینی کەس لە دەوروبەری بوەستێ، بەرگری لێ بکات، تەنیا خوای پەروەردگار نەبێ، بۆیە بە دایکی گوت: نەخێر! من بۆ کەس هەڵناسم و غەیری خوای پەروەردگارم نەبێ، سوپاسی کەس ناکەم!. هەرچەندە (عائشة) هەتا ئەو ساتە نەیدەزانی کە ئەو هەواڵەی خوای گەورە، کە بە پێغەمبەر (ﷺ)ی ڕاگەیاندبوو، ئایەتی قورئانە، بۆیە کە زانی ئایەتی کتێبی خوایە، نەك

Remove Watermark Now

تەنیا هەواڵێکە بە وشەی بەشەر، زۆر بە میهرەبانی خوای گەورە دڵخۆش بوو، چونکە ئەو تەنیا بە هەواڵێکی وەحی، کە بوختانەکە بە درۆبخاتەوە، رازی بوو، بەڵام هەڵوێست ومیهرەبانی خوای گەورە لە ئاواتی ئەو فراوانتر بوو، و بابەتەکەی کرد بە پەندو ئامۆژگاری بۆ وەچەی داهاتووش.

لەو ئایەتانەی سورەتی (النور)دا بە ڕاشکاوی باسی بابەتی بوختان هەڵبەستن بە مەبەستی لەکەدارکردنی نامووسی موسڵمانانی کردو، فەرموی: هەست نەکەن کە ئەو بوختانە، کە چەند کەسێك لە ناوتان پێی هەڵسا، زیانی ئێوەی تیابێ، بەڵکوو سوود بەخشبوو و نابێ بە هیچ شێوەیەك، بێ بەڵگە، کەس بوختان بۆ کەس هەڵببستێ، ڕاستە ئەو بوختانە چەند وشەیەو لای ئێوە لەوانەیە بی بایەخ بێ، بەڵام لای خوا زۆر گرنگ و گرانە، نابێ هەر قسەیەکی نارەوا لەسەر زمانتان بگوێزنەوە، بێ ئەوەی لە ڕاستیەکەی بکۆڵنەوە، خوا دەیتوانی بە هۆی ئەو کارە گرانە، بەرەو ڕووی سزایەکی گەورەتان کاتەوە، ببڕاوببڕ توخنی ئەو جۆرە ڕەفتارە نەکەون، بێ بوونی چوار شایەت، نەکەن نامووسی کەس لەکەدارکەن. دەبوایە لە سەرەتادا، کە ئەو هەواڵە درۆیەتان بیست، متمانە بە خۆتان لەوە پتەوتر بوایە و بتانووتایە: شکۆداری بۆ خوا، ئەمە بوختانێکی گەورەیە.

دوای ئەو ڕووداوە، ئەبو بەکر سوێندی خوارد، چیدی دەستی یارمەتی بۆ ئەو کەسانە درێژ نەکات کە بەشداریان لە گواستنەوەی بوختانەکەی

Remove Watermark Now

دژ بە ناموسی کچەکەی وهاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) کردبوو، بەڵام چەند ئایەتێکی تر لە هەمان سوورەتدا تەواوکەری بابەتەکە بوون هاتنە خوارەوە، کە تیایدا، خوای گەورە رایگەیاند: ئەوانەی یارمەتی هەژارانیان دەدا، با بەردەوام بن لەو کارە چاکە، هەرچەندە دەستیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بوختانە هەبوو، وفەرموی: ئێوە حەزناکەن خوا لێتان خۆشبێ؟ ئەبو بەکر دوای بیستنی ئەو ئایەتانە گوتی: بەڵێ حەزدەکەین، بۆیە بەردەوام بوو لە هاریکاریکردنی داراییان.

ئەو ڕووداوە زۆر بە سوود بوو بۆ موسڵمانان، چونکە بەرەی دووڕووەکانی لاوازکرد، (بن سلول) کە پێشتر خەڵکی مەدینە گوێیان بۆ دەگرت، وای لێ هات هەر هەواڵێك لە دژ موسڵمانان و پێغەمبەر (ﷺ)یان بۆ بێنێ، بە گژیا بچن وتەریقی بکەنەوە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بە عومەری فەرمو: چاوت لێیە عومەر؟ کاتی خۆی پێشنیارت دەکرد و دەتگوت: با ئەو کابرایە بکوژین، ئەگەر من بەقسەی تۆم بکردایە، خەڵکیم دژی خۆم دەوروژان، ئێستا تەنیا بە ئیشارەتێك پێیان بڵێم بیکوژن دەیکوژن. عومەر گوتی: تەواو بۆم دەرکەوت کە بۆچوونی پێغەمبەری خوا لە بۆچوونی من پیرۆزترە.

بەو شێوەیە و هەنگاو بە هەنگاو، وشەکانی خواو فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) توانیان ئاسوودەیی وئاسایش وئاشتی کۆمەڵایەتی لە ناو مەدینەدا بەرقەرار بکەن، کە ناموس و کەسایەتی خەڵکی، بە پیاوو ئافرەتەوە، تیایدا پارێزراوبێ.

Remove Watermark Now

## موسڵمانبوونی زانایەکی جوولەکە

(الحصین بن سلام) یەکێك لە زانا ئاینەکانی جوولەکە و دانیشتووی (**یثرب**) بوو و، لەمێژە چاوەڕوانی پێغەمبەر (ﷺ)ی دەکرد، چونکە لە تەوراتدا، هەواڵی ئەوەی تێدا بوو، کە پێغەمبەرێك لە ناوچەی دوورگەی عەرەبدا هەڵدەکەوێ و هەموو سیفەتەکانی لە کتێبەئاسمانیەکاندا نووسراوە. بۆیە کە بیستی لە مەککەدا پیاوێك هەڵکەوتووە دەڵێ من پێغەمبەری خوام، هەر زوو زانیاریەکی باشی دەربارەی کۆکردەوەو، لەگەڵ ئەو سیفەتانەی کە لە تەرواتدا دەربارەی دوا یین پێغەمبەر نوسراوە بەراوردی کرد و بە تەواوەتی بۆی دەرکەوت کە ئەو هەمان پێغەمبەرەیە کە چاوەڕێی دەکەن. هەر وەکوو لە تەوراتیشدا نووسرابوو، دوایین پێغەمبەر بۆ مەدینە کۆچ دەکات، بۆیە چاوەڕوانی کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بوو و بۆ بینینی زۆر بە پەرۆشبوو!

کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) هاتە ( قباء)و ئەم هەواڵە گەیشتە (الحصین بن سلام)، بە دەنگی بەرز گوتی: الله اکبر، الله اکبر! پووری پێی گوت: ئەی خوا بتفەوتێنێ! ئەوە ئەگەر (موسی)ی پێغەمبەر بوایە، بەو شێوەیە ڕەفتارت دەکرد؟ گوتی: پووریێ! ئەوەی هاتووە برای (موسی)یەو لەسەر ئاینی ئەوە! گوتی: ئەوە ئەو پێغەمبەرەیە کە پێشتر ئەتانگوت هاتنەوەی نزیك بۆتەوەو تەواوکەری پەیامەکانی پێشتری خوای پەروەردگارە؟ گوتی: بەڵێ! گوتی: ئەوە بۆیە وا بە پەرۆشی بۆی!

Remove Watermark Now

(الحصين بن سلام) بەرەو پێغەمبەر(ﷺ)چوو، پێیەك هەڵیدەگرت و پێیەك لەشی قورس دەكرد، چونكە چەندەها بیرۆكەو خەیاڵ لە ڕێگادا دەیهێناو دەیبرد، تۆ بڵێی ئەوە ئەو پێغەمبەرەیە كە چاوەڕێی دەكرد؟ ئەگەر ئەو بێ، دەبێ مۆڵەتێك پەیدا ببێ بتوانێ ببینێ! ئەگەر بینی، دەبێ دیداری لەگەڵیدا چۆن دەبێ و چی پێ بڵێ و ڕەفتاری لەگەڵیدا چۆن دەبێ؟

كە لێی نزیكبووە، بینی خەڵكێكی زۆر دەوریان دابوو، بۆیە بەرە بەرە جێی خۆی كردەوەو خۆی لێی نزیك كردەوەو سەیری ڕوو و سیما جوانەكەی كردو سەرنجی هەڵسوكەوتی داو گوێی لێگرت بەو دەنگە خۆشەی بە خەڵكەكە ئەڵێ: ئەی خەڵكینە! گەر سڵاو لە ناسیاوو نە ناسیاو بكەن، خۆراك بە هەژار ببەخشن، لە شەوگاریشدا، كاتێ خەڵكی نووستووە، نوێژ بۆ خوا بكەن، لە چوونە بەهەشتی خوا دڵنیابن، ( **أيها الناس! أفشوا السلام، واطعموا الطعام، وصلوا بالليل والناس نيام، تدخلوا الجنة بسلام** ). بەم ڕووخسارە جوانەو قسەخۆشانە، دڵی خورپەیەكی بێ وێنەی لێدا، چونكە دڵنیابوو كە لە قسەی پێغەمبەران دەچێ و ئەمەی بەرامبەری وەستاوە دوایین پێغەمبەری خوایە كە لەمێژە چاوەڕوانی دەكات، لەبەر ئەوە كە ڕووبەڕووی پێغەمبەر بووە، گوتی: قەسەم بە خوا، ئەم ڕووە ڕاستگۆیە، درۆی لێناوەشێتەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕوویدا، زەردەخەنە بە لێویدا هات و پێی فەرمو: تۆ ناوت چیە؟ گوتی:الحصين بن سلام، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵكوو

Remove Watermark Now

ناوت: (عبدالله بن سلام)ە ! ئەمیش زۆر بەم ڕەفتارە جوانەو ناوە تازەیەی کە دواین پێغەمبەری خوای پەروەردگار ناوی لێناوە، دڵخۆشبوو، بۆیە گوتی: قەسەم بەوەی تۆی کرد بە پێغەمبەر ئەم ناوە تازەیەم لە هەموو ناوێکی تر لا خۆشترە !

پاش ئیسلامبوونی، هەر یەکسەر(عبدالله بن سلام) گەڕایەوە ماڵەوەو منداڵ و هاوسەرو پووری بۆ ئیسلام بانگێشکردو هەموویان موسڵمان بوون، پێشیانی گوت: با جاریێ کەس نەزانێ کە من موسڵمان بووم، گوتیان: بۆ؟ گوتی: مەبەستێکم لەوە هەیە !

کە (عبدالله بن سلام) گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و موژدەی موسڵمانبوونی خێزان و کەس و کاری پێ گەیاندو، پێ گوت: ئەی پێغەمبەری خوا ! من زۆر شارەزای قەومی خۆمم، ئەمانە بوختان هەڵبەست و ئاژاوەگێرن، بەرلەوەی بێن بۆ لات، لە شوێنێك بمشارەوەو،کە زانیت لاریان لەسەر پێغەمبەرایەتی تۆ هەیە، لێیان بپرسە: ئێوە چۆن (الحصين بن سلام) دەناسن؟ ئینجا بزانە دوای زانینی موسڵمانبوونم، ڕەفتاریان چۆن دەبێ. هەر کە ئەو جوولەکانە هاتن و گفت و گۆیان لەگەڵ پێغەمبەر دا(ﷺ) کردو پێغەمبەر( ﷺ) بۆ ئیسلام بانگێشی کردن و باوەڕیان لا خۆشەویست کرد و بیری خستنەوە کە سیفەتەکانی لە تەوراتدا بە تێرو تەسەلی هاتووەو موژدەی پێدان ئەگەر باوەڕی پێبکەن، لەباتی پاداشتێك، دوو پاداشتیان دەست دەکەوێ ، چونکە ئەوان خاوەن کتێبی ئاسمانین، بەڵام ئەوان هەر مشت و مڕیان

pdfelement

Remove Watermark Now

لەگەڵدا کردو بە ئیسلام قایل نەبوون. پێغەمبەر(ﷺ) کە دڵنیابوو باوەڕی پێ ناکەن، فەرموی: (الحصین بن سلام) چۆن پیاوێکە لە ناوتان؟ گوتیان: کابرایەکی بەڕێزە، ئەوە گەورەمانەو کوڕی گەورەمانەو، زانامانەو کوڕی زانامانە. فەرموی: باشە ئەگەر ئەو باوەڕی تەواوی بە پەیامی من هەبوو و موسڵمانبوو، ئایا ئێوە دان بە پێغەمبەرایەتی من دێنن؟ گوتیان: خوا نەکات! ئەو هەرگیز موسڵمان نابێ، خوا نەکات ئەو موسڵمان بێ! لێرەدا (عبدالله بن سلام) خۆی ئاشکراکردو پێیانی گوت: ئەی خەڵکینە! لە خوا بترسن و ئەوەی بۆ (محمد) هاتووە پەسەندی بکەن، قەسەم بە خوا ئێوە دەزانن کە ئەو پێغەمبەری خوایە، چونکە لە تەوراتدا ناوی هاتووەو ڕووخساری وەسفکراوە! ئەو پێغەمبەری خوایە، باوەڕی تەواوم پێیەتی، ئینجا ئەوان گوتیان: درۆت کرد! تۆ نەفامانی و کوڕی نەفامانی و پیاوخراپمانی و کوڕی پیاوخراپمانی!(عبدالله بن سلام) گوتی: پێم نەگوتی ئەی پێغەمبەری خوا، کە ئەمانە قەومێکی پوختان هەڵبەست و خاوەن غەدرو بەدڕەوشتن! ئەمجارە پێغەمبەر(ﷺ) موژدەی دایەو بە موسڵمانانی فەرمو: ئەوەی پێی خۆشە لە ئێستاوە سەیری بەهەشتییەك بکات، با سەیری (عبدالله بن سلام) بکات! بەڕاستی ئەوە خۆشترین ڕۆژێکی (عبدالله بن سلام) بوو، کە بەهۆی شوێنکەوتنی دوا یین پێغەمبەری خوا، بەڵێنی دەستکەوتنی بەهەشتی پێدرا.

Remove Watermark Now

## موسڵمانبوونی ئافرەتێکی جوولەکە

وەك داب و نەریتی شەڕی ئەو کات و سەردەمە، کە هەموو جیهانی گرتبووە، ئافرەتانی لەشکری شکاو لە جەنگدا دەستبەسەر دەکرێن و وەك کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ، بەڵام ئیسلام، جگەلە فەرمان و ڕێنمایەکانی بە مامەڵەی نەرم و مرۆڤانە لەگەڵیاندا، ڕێنمایی زۆری دانا بۆ دەست بەرداریان، کە لە ئەنجامدا کۆیلایەتی لە جیهاندا بنەبڕکرد.

لە کۆتایی جەنگی (خیبر) دا، (صفیة) ی کچی توندڕەوترین دوژمنی پێغەمبەر(ﷺ)، لە ناو کۆیلەکاندا بوو. (بلال) خۆی و خوشکەکەی بە ناو مەیدانی جەنگەکە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)یانی هێنا، پێغەمبەریش (ﷺ)ئەو دیمەنەی زۆر پێ ناخۆشبوو و بە تووڕەییەوە بە (بلال)ی فەرموو: ئایا سۆز لە دڵتدا بڕا (بلال)؟ چۆن ئەو دوو ئافرەتە بە ناو لاشەی کەسوکاری خۆیاندا دێنی؟ دواتر بە ( صفیة) ڕاگەیاند کە ئارەزووی لە هەر شتێك بێ، ئامادەیە بۆی بکات؟ ئەویش ئەم هەڵوێستەی پێغەمبەر(ﷺ)ی پێخۆشبوو و داوای لێکرد، کە گرێبەستێکی لەگەڵدا بکات بۆ ئازادکردنی، بە مەرجێك پارەی ئازادکردنی بە قەرز بداتێ، چونکە حەزی نەکرد بە کۆیلایەتی بمێنێتەوە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمو: با شتێکی باشترت پێشکەش بکەم، ئیسلام پەسەند بکەو من پارەی ئازادکردنت پێ دەبەخشم، نەك بە قەرز، بەڵکوو لەبری مارەییت، ( صفیة) بە بێ دڵەڕاوکێ بەوە ڕازی بوو و بە پێغەمبەر (ﷺ)ی گوت: من پێشبینی

Remove Watermark Now

ئەوەم دەكرد كە ببم بە هاوسەرت ، پێغەمبەر (ﷺ) بە سەرسوڕمانەوە فەرمووی: چۆن؟ گوتی: لە شەوی یەكەمم لەگەڵ هاوسەرەكەم ( كنانة بن أبي الحقيق)دا، وەنەوزێك منی بردەوەو لە خەومدا بينيم مانگ كەوتۆتە باوەشمەوە، كە بۆ مێردەكەم گێڕایەوە، كوتوپڕ زللەیكی لێدام ، كە هێشتا ئاسەواری لە بن گوێم ماوەو گوتی: دیارە ئارەزووت لێیە ببیتە هاوسەری پاشای حیجاز( مەبەستی تۆ بوو)! هەر ئەو كاتەش لە پێغەمبەرایەتی تۆ دڵنیابووم، چونكە كە مێردەكەم لە باوكمی پرسی، دوای ئەوەی تۆیان بینی، ئایا (محمد) ئەو پێغەمبەرەیە كە لە تەوراتدا ناوی هاتووە و چاوەڕێی دەكەین؟ باوكم لە وەڵامدا گوتی: بەداخەوە ئەوە! منیش لەو كاتەوە تامەزرۆی بینینی تۆ بووم و دڵم بۆ پەیامەكەت بزوا. پێغەمبەر (ﷺ) بەو قسانەی (صفية) زۆر دڵخۆشبوو، و پاساوی بۆ هێناو پێی فەرموو: باوەڕ بكە كە پڕ بە دڵ ، حەزم دەكرد باوك و هاوسەرەكەشت، بەڵكوو هەموو جوولەكە موسڵمان بوونایە، بەڵكوو وەكوو موسڵمانیش نەبوون، حەزم دەكرد پیلانمان بۆ دانەنێن و پشتگیری دوژمنانمان نەكەن و بە ئاسوودەیی پێكەوە بژیاینایە، بەڵام ئەوان، بە تایبەتی باوكت، لە بەرهەڵستكاریمان زیادەڕەوی دەكرد.

(صفية) قەناعەتی تەواوی بە قسەكانی پێغەمبەر ( ﷺ) هەبوو، چونكە ئەو لەبەر ئەوەی كچی سەركردەی جوولەكەكانە، لەسەر ئەو پیلان گێڕیە شایەت حاڵ بوو. لە ڕێگادا، لەشكرەكە پشوویدا، ( صفية) بە پێغەمبەر (ﷺ)ی گوت: با زۆر لەم ناوچەیە نەمێنینەوە، چونكە من

Remove Watermark Now

شارەزای ئەم ناوچەیەم، جوولەکەی زۆر تێدایەو لە غەدریان دەترسم.

دوای ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) زانی کە مەترسیەکەی خودی خۆی نیە، بەڵکوو لەسەر گیانی پێغەمبەر (ﷺ) دەترسا، دڵنیابوو کە ئەو ئافرەتە پاکەو ڕاستگۆیە، هەرچەندە هەندێ موسڵمانان هێشتا لێی دوودڵبوون، بۆیە لەبەر دەرگای خێوەتەکەی پێغەمبەر (ﷺ) تاکوو بەرەبەیان پاسەوانیان دەکرد.

پێغەمبەر (ﷺ) نەیدەهێشت کەس ئازاری دڵی (صفیة) بدات. جارێکیان (عائشة) بە پێغەمبەر (ﷺ)ی گوت: (صفیة) زۆر جوانە، بە ئیشارەتیش تێیگەیاند کە کەمێك کورتە باڵایە، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) یەکسەر ڕەنگی ڕووی سوورهەڵگەڕاو فەرمووی: وشەیەکت گوت، گەر بیخەنە ناو دەریایەك، ڕەنگی دەگۆڕێ. هەروەها ڕۆژێك بینی دەگری، کە لێیپرسی، گوتی: یەکێك لە هاوسەرەکانت پێی گوتم: تۆ بە ڕەچەڵەك جوولەکەی، پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرموو: ئەم جارە ئەگەر هاوسەرێکی من شتێکی وای پێ گوتی، بڵێ من باوکم پێغەمبەرە (واتە موسی سەلامی خوای لەسەر بێ) و مامم پێغەمبەرە (واتە هاروون سەلامی خوای لەسەر بێ) و مێردەکەشم پێغەمبەرە ، واتە محمد (ﷺ)، ئیتر بە چی شانازیم بەسەردا دەکەن؟

## موسڵمانبوونی گەنجێکی جوولەکە

کوڕێکی گەنجی جوولەکە، لەلای پێغەمبەر(ﷺ) خزمەتی دەکرد، ڕۆژانە دەگەڕایەوە لای باوك و دایکی و باسی ڕەوشت بەرزی (محمد

Remove Watermark Now

ﷺ) ی بۆ دەکردن، بەڵام ئەو خێزانە هەر لەسەر ئاینی خۆیان مانەوەو ڕازی نەدەبوون ئاینی خۆیان بگۆڕن بە تایبەتی ئیسلام ڕێی پێدابوون بە ئاینی خۆیان بە سەربەستی لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامدا بژین.. بۆ چەند ڕۆژێك کوڕەکە دیار نەما، پێغەمبەریش( ﷺ) هەواڵی پرسی، گوتیان نەخۆشەو لە ناو جێ کەوتووە. پێغەمبەر( ﷺ) لەگەڵ یەك دوو هاوەڵی چوون سەریان لێ دا. لە دەرگایان داو مۆڵەتیان وەرگرت کوڕەکە ببینن، کە چاوی پێ کەوت، دڵی بۆی جووڵا و بەزەیی پێ هاتەوەو فرمێسك بە چاویدا هاتە خوارەوە، چونکە بینی وا گیان ئەدا، بۆیە خۆی پێ نەگیراو بۆ ئیسلام بانگێشی کرد، تا دوێنێ لە ماڵی خزمەتی دەکرد، ڕۆژێك پێی نەگوت موسڵمان بە، بەڵام لەم ساتە ناسکەدا، کە ساتی مەرگە، نابێ ئاوا سەیری بکات بەرەو دۆزەخ بچێ و ئامۆژگاری نەکات.

کوڕەکە نەك ئێستا، بەڵکوو دیارە دەمێکە ئارەزووی هەبووە بچێتە سەر ئاینی ئەم پێغەمبەرە مەزنە(ﷺ)، بەڵام لەبەر دایك و باوکی، نەیدەوێرا موسڵمان بێ، دیارە پێشتریش ئارەزووی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا کردووە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون. کوڕەکە سەیرێکی باوك ودایکی کرد، ویستی مۆڵەتیان لێ وەربگرێ بە دەم بانگێشەکەی (محمد)( ﷺ) بچێ و موسڵمان بێ، باوکەکە ئارەزووی کوڕەکەی خوێندەوەو حەزی نەدەکرد لەم سەرەمەرگەدا دڵی ڕۆڵەی خۆی بشکێنێ، سەری ڕازیبوونی بۆ باداو بە زەردەخەنەیەکی خەمناك بە کوڕەکەی گوت: کوڕە شیرینەکەم! گوێ ڕایەڵی قسەی (محمد) بە ! کوڕەکە، بە پەرۆشەوە، ئاواتە کۆنەکەی

pdfelement

Remove Watermark Now

هێنایە دی و گوتی: (أشهد ان لا اله الا اللە، وأشهد ان محمداً رسول اللە)، دوای ئەو شایتمانە، دوا هەناسە دەرچوو، هەر ئەڵێی بارێکی قورسی لەسەر شانی داگرتبێ، بە چاوی ئەوینیەوە ڕوانیە پێغەمبەر(ﷺ)، ویستی پێی بڵێ:گیانم فیدات بێ، چۆن بووی بە مایەی بەختەوەریم و لە دۆزەخ ڕزگارت کردم! باوك ودایك بە کۆچکردنی جگەرگۆشیان خەفەتبار بوون، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئاوڕێکی لێدانەوە، ویستی لەم بارە ناخۆشەدا دڵیان باتەوەو فەرموی: سوپاس بۆ خوای پەروەردگار، کە کوڕەکەتانی لە دۆزەخ ڕزگارکرد! باوك و دایکەکە بەم هەواڵە دڵخۆشبوون، لە ناخی دڵیانەوە دەشزانن کە محمد(ﷺ) ڕاستگۆو پێغەمبەرە، بەڵام دەمارگیری ڕێی لێگرتن کە دان بەو ڕاستیەدا بنێن.

ئەوە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مەبەستی سەرەکی ئەم پێغەمبەرە(ﷺ) ناو دەرکردن و زیادکردنی ژمارەی هاوەڵان نیە، بەڵکوو ڕزگارکردنی ئەو خەڵکەیە لە سزاو تووڕەیی خوا، ئەگینا ئەو کوڕە هەر دەمردو بە ئیسلامبوونی، ژمارەی موسڵمانان زیاد نەدەبوو.

کابرایەك ناوی (عبداللە) بوو، زۆر جار بە سەرخۆشی دەیانهێنایە لای پێغەمبەر(ﷺ)، ئەویش سزای ئەدا، لەو جارانە، یەکێ لە هاوەڵان لێی بیزاربوو و پێی گوت: نەفرەتی لێ بێ چەند بەو کارە ناشیرینە دەیهێنن و دەیبەن! پێغەمبەریش (ﷺ) بەو قسەیە رازی نەبوو و فەرموی: لەعنەت و نەفرەتی لێ مەکە، هەرچەندە ئەو کارە ناشیرینە

pdfelement

Remove Watermark Now

دەكات و سزای دەدەین، بەڵام سوێند بە خوای گەورە، ئەمە پیاوێكە خواو پێغەمبەری خۆشدەوێ!

لێرەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ)گرنگی بە خاڵەپتەوەكانی ناو دەروون دەدا، نەك بە دوای خاڵە لاوازەكاندا بگەڕێ.

## موسڵمانبوونی گاورێك

ژمارەیەكی زۆر لە عەرەبی ئەو ناوچانەی دوورگەی عەرەب، كە لەسەر ئاینی مەسیحیەت بوون، موسڵمان بوون و هەندێكشیان لەسەر ئاینی خۆیان مانەوە، چونكە خاوەن كێتبی ئاسمانی بوون، ئاینی ئیسلامیش ئەو مافەی پێدان كە لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە. یەكێ لەوانەی كە موسڵمان بوون، (عدي بن حاتم الطائي ) بوو، كوڕی كەسایەتی عەرەبی بەناوبانگ (حاتم الطائي). ئەو پیاوە، بیستی لەشكری موسڵمانان بەرەو ناوچەكەیان هاتووە، بەرەو ناوچەكانی دەوڵەتی ڕۆم هەڵهات.

خوشكەكەی، كە بە دیل كەوتە دەست موسڵمانان، بە پێغەمبەر (ﷺ)ی گوت: من كەسم نەماوە، براكەم ڕۆی و باوكم نەماوە؟ فەرموی: براكەت كێیە؟ گوتی: عدی بن حاتم، فەرموی: ئەوەی لەدەست خواو پێغەمبەر هەڵهاتووە، دواتر بە موسڵمانانی فەرمو: لێی گەڕێن و ئازادی كەن، با بۆ لای براكەی بڕوات و خۆراك و حوشترێكی بدەنێ.

pdfelement

Remove Watermark Now

ئەو ئافرەتە بەرەو شام کەوتە ڕێ و گەیشتە لای براکەی، پێی گوت: تۆ لێرە ئاسوودەی؟ گوتی: لە ڕاستیدا پێم ناخۆشە لێرەبم، ئەڵێی بچمە لای (محمد)، و گوێی لێبگرم، ئەگەر ڕاستگۆ بوو، دوای دەکەوم، ئەگەر نا، باوەڕناکەم زیانم پێ بگەیێنێ، خوشکەکەی گوتی: بەڕای من ئەوە بکە، سەبارەت بە خۆم، ئەوەی لەگەڵ منی کرد باوکیشمان بۆ کەسی خۆی نەکردووە.

پێغەمبەر (ﷺ)کە (عدی)ی بینی، بردیەوە ماڵی خۆی، لە ڕێگادا ئافرەتێکی هەژار هاتە سەر ڕێیان، پێغەمبەر (ﷺ) بۆی وەستا و گوێی لێ گرت هەتا تەواو بوو و ئیشەکەی بۆ کرد، (عدی) لە دڵی خۆیدا گوتی: وامدەزانی ئەم پیاوە پاشایە، بەڵام نەخێر! دواتر چوونە ماڵەوە، پێغەمبەر (ﷺ) سەرینێکی سادەی پێ داو فەرموی: پاڵبەرەوە، گوتی: بۆ خۆتی دابنێ، فەرموی: نەخێر! من لەسەر زەوی دادەنیشم!

دیسانەوە (عدی) دڵنیابوو کە ئەم پیاوە موڵکی دونیای ناوێ و ئەم هەڵسوکەوتە هی پێغەمبەرانە. پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمو: پێم بڵی بۆ هەڵهاتی؟ لەبەر وشەی یەك خوا پەرستی (لا اله الا الله)؟ ئایا باوەڕ بەوە ئەکەی کە غەیری خوا خوایەکی تر هەبێ؟ گوتی: نەخێر، فەرموی: یان لەبەر ئەوەی دەڵێین: (الله اکبر)؟ بۆ کەس لە خوا گەورەتر هەیە؟ گوتی: نەخێر، فەرموی: یان دەبینی ئەوانەی دەوروبەرم دەست کورتن و دوژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان داوین؟ شاری ( الحیرة)ت بینیوە؟ گوتی: بیستوومە ونەمدیوە، فەرموی: ئەگەر خوا تەمەنت درێژ بکات، کاروانی

Remove Watermark Now

موسڵمانان لە (الحيرة)وە بەرەو مەککە دەڕوات و خاوەنەکەی تەواف بە دەوری کەعبە دا دەکات، لە غەیری خوا لە کەس ناترسێ، ئەگەر خوا تەمەنت بداتێ، بە چاوی خۆت گەنجینەکانی (کسرى)ی فارس لە ناو دەستی موسڵماناندا دەبینی، گەر تەمەنت درێژ بێ، دەبینی پیاوی موسڵمان دەستی پڕ لە ئاڵتون و زیو دەبێ، کەس نیە لێی وەربگرێ! (عدی)! موسڵمان بە! سەرفراز دەبی! گوتی: من ئاینی خۆم هەیە! فەرموی: (عدی)! موسڵمان بە! سەرفراز دەبی! گوتی: من ئاینی خۆم هەیە، فەرموی: (عدی)! موسڵمان بە! سەرفراز دەبی! گوتی: من ئاینی خۆم هەیە! فەرموی: من لە ئاینی خۆت لە خودی خۆت شارەزاترم، گوتی: تۆ شارەزاتری؟ فەرموی: بەڵێ! تۆ گەورەی قەومی خۆت نیت؟ گوتی: بەڵێ! فەرموی: تۆ چارەکی پارەی دەستکەوتی قەومت وەرناگری؟ ئەوە بە پێی ئاینەکەت ڕێی پێ نادرێ، لێرەدا (عدی) قسەی پێ نەما، چونکە زانی قسەکانی پێغەمبەر (ﷺ) ڕاستەو هی مرۆڤی ئاسایی نیە، بەڵکوو هی پێغەمبەرە. ئینجا ئەم ئایەتەی بۆ خوێند: (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ) عدی گوتی: بەڵام ئێمە ئەوانەمان بە خواوەند دانەدەنا، فەرموی: بەڵێ! بە خواوەندتان دادەنان، گوتی: چۆن؟ فەرمووی: ئەو پیاوە ئاینیانە شتی حەڵاڵیان حەرام دەکردو حەرامیان حەڵاڵ دەکرد، ئێوەش بەقسەتان دەکردن، ئەوەش پەرستنی ئەوان دەگەیێنێ. پاشان فەرموی: دەبێ بزانی، کە خوا توورەیی خۆی لەسەر جوولەکە تۆمار کردووەو گاورەکانیش ڕێی خوایان

Remove Watermark Now

وونکردووە، گوتی: بەڵام من ئێستا لە هیچیان نیم، من موسڵمانم!
پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بەو ئەنجامە دڵخۆشبوو و بە یەکێ لە لایەنگرانی فەرموو: میوانداری بکە، (عدی)یش ڕۆژانە دوو جار سەری لە پێغەمبەر (ﷺ) دەدا. ئەوانەی بۆ (عدی) باسکرا لە لایەن پێغەمبەرەوە، هەمووی ڕوویداو بە چاوی خۆی بینی، دەستەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام گەیشتە (الحیرة) ووڵاتی فارس و لە خەلافەتی (عمر بن عبد العزیز)دا پارەی زەکات ئەوەندە زۆر بوو، دەیانداپە هەژارو بێ دەرامەتان و لێی دەمایەوە، کەس نەبوو وەریبگرێ. ئەنجا کۆیلەیان پێ دەکڕی و ئازادیان دەکردن. لەوەش زیاتر گەنمیان دەکڕی و بەسەر شاخ و دۆڵەکاندا دەیانڕشت بۆ ئەوەی باڵندەکان لێیبخۆن بۆ ئەوەی کەس باڵندە لە ووڵاتی ئیسلامدا برسیان بووە!

pdfelement

## نموونەی ماندوونەناسی (گەشتی الطائف)

پێغەمبەر محمد (ﷺ) نموونەی ماندوونەناسی لە پێناو گەیاندنی پەیامی خوا بووە. دوای کۆچکردنی خەدیجەی هاوسەری و مامی و، دوای سووربوونی سەرانی بێ باوەڕ لەسەر هەڵوێستی خۆیان، پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە ئەو قەناعەتە، کە ناتوانێ لەم قۆناغەدا، بنکەو قەوارەی سیاسی بۆ ئیسلام لە مەککەدا دابنێ، بۆیە بۆ شوێنێکی تر دەگەڕا، کە ببێتە پەناگە بۆ ڕاگەیاندنی ئەم ئاینە. لەبەر ئەوە بڕیاری دا

Remove Watermark Now

ڕوو لە ( الطائف) بكات، چونكە شارێكی گەورەیەو موسڵمانبوونی خەڵكەكەی، كاریگەری گەورەی لەسەر دوورگەی عەرەب هەیە.

(الطائف) لە مەككەوە دوور بوو، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ)، لە چوون و هاتندا، بەپێ، لەگەڵ ( زيد بن حارثة )ی كوڕە لە خۆگرتووەكەی، ئەو ڕێگایەیان بڕی. بەسەر هەر هۆزێكدا تێپەڕ بوایە، بۆ ئیسلام بانگێشی دەكردن، بەڵام هیچ هۆزێك ڕازی نەبوو ئیسلام وەربگرێ، هەتا گەیشتنە (الطائف) ودە ڕۆژ لەوێ مانەوەو چەندەها كەسیان بینی، بەڵام ئەوانیش هەمان وەڵامیان دانەوە، بەڵكوو سێ برا، كە لە گەورە پیاوانی ( الطائف) بوون، وەڵامێكی زۆر ناشیرینیان دایەوە. یەكێكیان گوتی: پەردەی كەعبە دەدڕێنم گەر خوا تۆی ناردبێ! دووەمیان گوتی: خوا لە تۆ باشتری دەست نەكەوت بینێرێ؟! سێهەمشیان گوتی: هەرگیز قسەت لەگەڵ ناكەم، چونكە ئەگەر پێغەمبەری خوا بی، تۆ لەوە گەورەتری كە قسەت لەگەڵدا بكەم، بەڵام ئەگەر درۆزن بی، ئەوا نابێ لەگەڵ درۆزندا قسە بكەم! پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: تكادەكەم كە وەكوو باوەڕتان بە من نەهێنا، ئەم وەڵامەتان ئاشكرا مەكەن. بەڵام ئەوان بەوە نەوەستان كە باوەڕی پێ نەكەن، بەڵكوو ژمارەیەكی زۆر لە منداڵ و هەرزەكاریان كۆكردەوەو پێیان گوتن كە (محمد) ڕاوبنێن و ئازاری بدەن، ئەوانیش كۆبوونەوە لەسەری و جنێوی ناشیرینیان پێ داو پێیان گوت: بڕۆ! لە شارەكەمان دەربچۆ! ئینجا دوو ڕیزیان پێكهێناو بە هەموویان بەردیان تێگرت و سووكایەتیان پێ كرد. پێغەمبەر(ﷺ) و (زید) بە ڕاكردن و بە

Remove Watermark Now

دەست و پێی خوێناوی شاری (الطائف)یان جێهێشت و خۆیان کرد بەناو باخی دووبرای بێ باوەڕ کە خەڵکی دەوروبەری ( الطائف) بوون. پێغەمبەر(ﷺ) چووە ژێر سێبەری دارمێوێك و دەست و پێ خوێناوێکەی بە ئاوی جۆگەلەیەکی بێستانەکەی شت و دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوە و ئەم دوعا ناسکەی خوێند:

**ئەی خوایە!**

**سکاڵام بۆ تۆ بەرز دەکەمەوە..**

**منی کەم هێز..منی شکست..**

**منی کەم دەسەلاَت و لاواز..**

**ئەی خاوەن بەزەیی و میهرەبان...**

**تۆ پەروەردگاری لێقەوماوان وستەملێکراوان و..**

**تۆ پەروەردگاری منی..**

**رادەستی کێم دەکەی؟**

**رادەستی بێگانەیەك...**

**کە رووی لێم گرژ دەکا؟**

**یان دوژمنێك**

**کە ژێر دەستەلاَتی بووم؟**

**گەر لە من ڕازی بی..**

**هەرگیز گوێ بە هیچیان نادەم!**

**وەنەبێ ئارەزووم لە ڕێی دژوار بێ..**

pdfelement

Remove Watermark Now

**بەڵکوو...**

**بەخشینی سلامەتی پێم، لا خۆشترە..**

**لە ترسی دابەزینی تووڕەییت..**

**پەنا ئەبەمە نووری زاتت..**

**ئەو نوورەی کە ئەرزو ئاسمان بە هۆیەوە ڕۆشنبۆتەوەو..**

**بەردەوامیی دونیاو دوارۆژیش پێوەی بەندە..**

**هەمیشە داوای لێبوردنت دەکەم، تا دەگەمە ئامانجم..**

**کە ڕەزامەندی تۆیە...**

**هەر تۆش سەرچاوەی هێزو توانای منی..**

دووبراکە کە ئەمەیان بینی و گوێیان لەو وشە ناسکانە بوو، سۆزیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) جوولا، بە خزمەتکارێکی گاوری خۆیان، کە ناوی (عداس) بوو، گوت: بڕۆ ئەو هێشووە ترێیەی بۆ بەرە.(عداس) لێی نزیك بووەو ترێکەی دایە، ئەویش(ﷺ) بە سوپاس و زەردەخەنەیەکی خەمناکەوە هێشۆکەی لێ وەرگرت و بەرلەوەی بیخوا فەرمووی:(بسم الله الرحمن الرحيم)، ئەم وشانە وەك تیشکێك، دڵی (عداس)ی ڕۆشن کردەوە، هەرچەندە سەیری لێ هات، گوتی: قوربان! ئەم وشانە کەس لەم ناوچەیەدا بەکاریان ناهێنێ! پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بۆ تۆ خەڵکی کوێی؟ گوتی:(نینوی)، وشەی (نینوی) خەیاڵی پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو شوێنێکی دووری بردو فەرمووی: (نینوی)! شاری بەندەی خواو پیاوە چاکەکە (یونس بن متی)؟ ئەمجارەش زیاتر سەری سوڕماو خورپەی دڵی

Remove Watermark Now

زیاتر لێیداو گوتی: جا قوربان، تۆ (یونس بن متی) لە کوێ دەناسی؟ فەرمووی: چۆن نایناسم! ئەوە برامە! ئەو پێغەمبەری خوایەو منیش پێغەمبەری خوام! ئەم هەواڵە تەواو دڵی (عداس)ی هەژاندو خەریکبوو لە خۆشیدا بفڕێ، لە دڵی خۆیدا گوتی: بەڵێ! ئەمە پێغەمبەرە، ئەم پیاوە، وەکوو (یونس) لەلایەن خواوە نێردراوە، بەڵێ! قسەو سیماو هەڵسوکەوتی لە پێغەمبەران دەچێ! بۆیە هەردوو دەستی گوشی و کەوتە ماچکردنی سەرو دەست و پێی! یەکێ لەو دووبرایە بەوی تری گوت: دەست لە خزمەتکارەت بشۆ! کە (عداس) هاتەوە، پێیان گوت: (عداس)! نەکەی دوای ئاینی ئەم پیاوە بکەوی، ئاینی تۆ باشترە، (عداس) گوتی: دەبا بە ڕاشکاوی پێتان ڕابگەیێنم: کەس نیە لەسەر ڕووی زەوی، لەم پیاوە چاکتر و موبارەکتر بێ! ئەوە پێغەمبەری خوایە!

پێغەمبەر(ﷺ) لە (الطائف) بە غەمباری گەڕایەوە مەککە، چەندەها بابەت بە خەیاڵیدا دەهات و دەچوو، لەلایەك لە وەڵامی ئەو خەڵکە نەفامە سەرسام بوو، چۆن ئەم هەلە مێژوییە لە دەست خۆیان دەدەن و لەلایەکی ترەوە، نازانێ چۆن بۆ مەککە بگەڕێتەوە، چونکە ئەو دڵنیابوو کە هەواڵی گەشتەکەی ( الطائف) و هەڵوێستی دانیشتوانانی بە خەڵکی مەککە پێشیکەوتووە، چونکە پێشتر دەیانزانی کە ئەو لە مەککە دەرچووەو بۆ پەناگەیەك دەگەڕێ، ئیستاش وەك جاران کەس نیە پشتی بگرێ ی و بەرگری لێ بکات.

Remove Watermark Now

پێغەمبەر (ﷺ) هەر بەو خەیاڵ و غەم و بیرکردنەوە سەرقاڵ بوو، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، لەگەڵ (زەید)دا، دەڕۆیشت هەتا گەیشتنە نزیك مەککە . کە بە ئاگا هاتەوە، هەستی کرد هەورێکی بەسەرەوەیە، لەسەر هەورەکە (جبریل)ی بینی بانگی دەکات: ئەی (محمد)! ئەی پێغەمبەری خوا! خوای پەروەردگار گوێی لە وەڵامی قەومەکەت بوو، و دەزانێ چەند پێی خەفەتبار بووی، دڵگران مەبە، ئەوەتا فریشتەی شاخەکانی بۆ ناردووی، فریشتەکە گوتی: ئەی پیغەمبەری خوا! هەموومان ئاگامان لێیە بێتاقەت و غەمباری و خەمی کاردانەوە خراپەکەی قەومەکەتی، بۆیە پێت ڕادەگەیێنم ئەگەر ئارەزوو دەکەی، ئەو دوو شاخەی دەوری مەککە بەسەریاندا جووت دەکەم! پێغەمبەر( ﷺ) فەرموی: نەخێر! لێیانگەڕێ، هیوادارم لە ئایەندەدا و لەناو نەوەکانیاندا کەسی وایان لێدەرچێ، کە تەنیا خوای تاك و تەنیا بپەرستێ!

بەرلەوەی بچنە ناو مەککە، (زید) لە پێغەمبەر(ﷺ)ی پرسی: ئەی پێغەمبەری خوا ! بیرت لەوە کردۆتەوە، لە بنەماڵە گەورەکان ، کێ پشتمان بگرێ و بەرگریمان لێبکات. پێغەمبەریش (ﷺ) پێی فەرمو: خەم مەخۆ! خوا دەروازەیەکمان بۆ دەکاتەوە، خوای گەورە پێغەمبەری خۆی سەردەخات و ئاینی خۆی دەردەخات و زاڵدەکات!

کە نزیکبوونەوە لە مەککە، پێغەمبەر نامەی بۆ هەندێ لە گەورەپیاوانی قورەیش نارد، بە مەبەستی دەستکەوتنی بەرگریکردن، بەڵام کەسیان ڕازی نەبوو پشتی بگرن، تەنیا ( المطعم بن عدي ) نەبێ،

کە ڕازی بوو لەسەری بکاتەوەو دژ بە قورەیش، بە خۆی و هۆزەکەیەوە بوەستیٚ. پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەککە و دەستی کرد بە تەوافکردن بە دەوری کەعبەدا، لە ژێر چاودێری (المطعم بن عدي) و هۆزو بنەماڵەی کە دەوریان دابوو و هەتا ماڵەوە بەڕێیان خست. (زيد) بەو دیمەنە سەیرە، قسەکانی پیغەمبەر(ﷺ)ی بیرکەوتەوە کە لە ڕێگادا دڵی پیٚ ئەدایەوە، ئەوەتا گەورەترین هۆز بۆ پێغەمبەری خوا(ﷺ)بوون بە قەڵغان، هەرچەندە لەسەر ئاینی ئەوانیش نەبوون.

pdfelement

Remove Watermark Now

Remove Watermark Now

# محمد (ﷺ) و ئافرەت

خەدیجەی کچی خوەیلد یەکەم هاوسەری پێغەمبەر (ﷺ) بوو، هەر کە یەکتریان دی و مامەڵەیان لەگەڵ یەکتریدا کرد، داوێکی ئەوینی هەردووکیانی پێکەوە بەستەوە. خەدیجە کە ئافرەتێکی خاوەن کەسایەتی دەروونی و دارایی بەرزبوو، بە هەموو کەس رازی نەدەبوو، بەڵام کە محمد (ﷺ)ی بینی و لە کەسایەتی و رەوشتی پاکی دڵنیابوو، دڵی بۆی جووڵاو ئامادە بوو شووی پێ بکات. محمد (ﷺ) لەلایەن خۆشیەوە خەدیجەی زۆر بە دڵبوو، بۆیە هەر کە لەلایەن ئافرەتێکی خزمی، وەك هاوسەر پێشنیار کرا، لاری نەبوو، بەڵکوو زۆر پێی خۆشبوو.

قووڵی پەیوەندی لە نێوان ژن و مێرددا لە تەنگانەدا دەردەکەوێ، و لەو بوارەدا خەدیجە باشترین نموونەی پیشاندا، چونکە هەر کە خوای گەورە پەیامی خۆی بۆ نارد، یەکەم کەس کە باوەڕی تەواوی پێکرد خەدیجە بوو، واتە باوەڕی تەواوی بە کەسایەتی و راستگۆیی هەبوو و، وەکوو درۆی بەدەم کەس هەڵنەبەستووە، بێ گومان درۆ بۆ خوا هەڵنابەستێ و لەبەر ئەوەی کەسێکی پاکە و خێرخوازە، دەشێ کە خوا بۆ پێغەمبەرایەتی هەڵیببژێرێ.

پێغەمبەریش (ﷺ) هاوسەرێکی نموونەیی بوو بۆ خەدیجە، چونکە زۆر رێزی لێدەگرت و لە ئیشی ناوماڵ زۆر یارمەتیدەر بوو. بەڵکوو

Remove Watermark Now

تەنانەت پاش کۆچکردنی هاوسەری، پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە ڕێزو خۆشەویستی هەر لە دەڵدا مابوو، بەڵکوو سۆزی بۆی زۆر بەتین بوو و بە ئاشکرا باسی یادەوەریەکانی دەکرد، بە شێوەیەك کە سەرەنجی هاوسەرەکانی تری رادەکێشا. وەفاداریی سیفەتێکی سەرەکی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، بەڵام بوونی خۆشەویستیەکی قووڵ بۆ ئەو ئافرەتە هۆیەکی تر بوو بۆ یادەوەریە.

دوای کۆچکردنی خەدیجە(خوا لێی رازی بێ)، پێغەمبەر (ﷺ) ئافرەتی تری خواست، هەندێکیان کچی برادەری خۆی بوون، بۆ بتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا، هەندێکیان کچی دوژمنانی خۆی بوون، بۆ توانەوەی دەمارگیری قەومەکانیان و، هەندێکی تر ئافرەتی موسڵمان بوون و لە بارێکی دەروونی و دارایی خراپ بوون، بۆیە ئاوڕێکی لێدانەوە بۆ دڵدانەوەیان. هیچ ئافرەتێکی بە زۆر نەهێناوەو تەنانەت دوای هێنانیان نەیهێشتووە بە زۆر لەگەڵیدا بژین، و هەمیشە هەوڵی داوە دادپەروەر بێ و یەکسان بێ لە مامەڵەکردن لە گەڵیاندا.

کە لە کەسایەتی ئەو هاوسەرانە ورد دەبیتەوە، دەبینی هەر هەموویان خاوەن کەسایەتی بەرز بوون، چ لە بنەماڵە و چ لە رووی بتەوی سیفەتی دەروونی، ئەوەش ئەوە دەردەخات کە پێغەمبەر (ﷺ) لە هەڵبژاردنی هاوسەرەکانی بە دوای جۆری بەرزی وا دەگەڕا، چونکە پاش کۆچکردنی، هەر ئەم هاوسەرانە میراتی زانستی پێغەمبەرایەتی بۆ میللەتەکەیان گواستەوە.

Remove Watermark Now

پێغەمبەر (ﷺ) چوار کچی هەبوو، هەمیشە وەك باوکێکی نموونەیی پەروەردەی دەکردن و بوو بە نموونەیەکی بەرچاو بۆ موسڵمانان لەو بوارەدا، لە ژینگەیەك، کە زۆر جار بە چاوێکی سووك سەیری ئافرەت دەکرا، بەڵکوو هەر کە کچیان دەبوو، زیندە بەچاڵیان دەکرد.

سەبارەت بە ئافرەتانی ناو کۆمەڵگاش، پێغەمبەر (ﷺ) زۆر بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری دەکردن و گوێ بۆ کێشەکانیانی دەگرت و چارەسەری دەکرد. هەمیشە هەوڵی داوە ئافرەت هان بدات داکۆکی لە مافەکانیان بکەن، بۆیە کە ئافرەتێك هات و وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من نوێنەری ژنانم و پێمان خۆشە ڕۆژێکمان بۆ تەرخان بکەی بۆ باسکردنی کێشەکانمان، ئەویش (ﷺ) ئەمەی پێ خۆشبوو و ڕۆژێکیانی بۆ تەرخان کردن، بەڵکوو سەرنجی موسڵمانان بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەو ئافرەتە ڕاکێشاو بە هاوەڵانی فەرموو: چاوتان لێبوو چۆن ئەو ئافرەتە بە جوانی رای خۆی دەربڕی؟

لە زۆربەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەهای ئافرەت وەك مرۆڤێك بە ڕوونی دەردەکەوێ کە ئەفەرمووی: ئافرەتان هاوچەشنی پیاوانن ( النساء شقائق الرجال )(حديث صحيح أخرجه الامام أحمد والترمذي وابو داود)، تەنانەت دوا وشەی لە سەرەمەرگدا هاندانی پیاوانە کە ئاگایان لە ئافرەتان بێ. ئایا چ نموونەیەکی جیهانی کە پێشەنگی میللەتێکی کردبێ، لەسەرە مەرگدا کێشەی ئافرەت خەمی بووبێ؟ مافەکانی ئافرەت وەك هاوسەرو کچ و خوشك و دایك و تەنانەت پووریش لەلایەن

Remove Watermark Now

پێغەمبەر (ﷺ)وە پارێزراوبوون و گرنگیان پێدرابوو. هەروەها ئافرەتی دوژمنانیش لە جەنگدا کوشتنیان قەدەغەکراوە.

لەلایەن خۆشیانەوە، ئافرەتان پێغەمبەر (ﷺ)یان زۆر خۆش دەویست و تەنانەت لەجەنگیشدا بەشداریان دەکرد بۆ ئەوەی بەرگری لێبەکەن. بەڵکوو هەندێکیان لە خودی کەس وکاریان خۆشەویستر بوو. بەرزترین نموونە ئەو ئافرەتە لایەنگرە بوو کە لە کۆتایی شەڕی (أحد)دا هاتە مەیدانی جەنگەوە بۆ دڵنیابوون لە باری تەندروستی پێغەمبەر (ﷺ) دوای ئەوەی کە بیستی هێزی موسڵمانان زۆریان لێ کوژراوە، گوێی نەدایە کوشتنی هاوسەرو باوك و برای و تەنیا هەواڵی ئەوی دەپرسی، کە بە چاوی خۆی بینی، وتی: تەنیا سەرت سەلامەت بێ، گوێ بەهیچ کێشەیەك نادەم!

pdfelement

Remove Watermark Now

# لەگەڵ دروستکراوەکانی خوادا

لەگەڵ دروستبوونیان، گەردوون بە ئەستێرەو هەسارەکان، زەویش بە ئاوو هەواو زیندەوەران و گیانلەبەران، واتە هەموو کائینات، یەك ڕێگایان هەڵبژاردووە، ئەوەش پابەندبوون بە فەرمانەکانی پەروەردگارە، بە پێچەوانەی زۆربەی خەڵکی، کە دژی ڕەزامەندی خوا، ژیان بە ڕێوە دەبەن. هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) بەو پەیامەی خوا، بووە مایەی خۆشی بۆ هەموو کائینات، چونکە مژدەی گەڕانەوەی تەبایی لە نێوانیان و نێوان ئادەمیزاد. بۆیە بەرلەوەی محمد (ﷺ) ببێ بە پێغەمبەر، دارو درەخت کە دەیانبینی سڵاویان لێدەکرد، بە شێوەیەك کە بە ڕاشکاوی گوێی لێدەبوو.

لەلایەن خۆشیەوە، پێغەمبەر (ﷺ) کە مانگی دەبینی دەیدواندو دەیفەرموو: خوای من و تۆ خوای پەروەردگارە، ئینجا دوعای دەکرد، کە کێوی دەبینی دەیفەرموو: ئەوە کێوی ئوحودە، ئێمەی خۆش دەوێ و ئێمەش خۆشمان دەوێ.

بەرلەوەی مینبەری تەختەی بۆ دروست بکەن، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر درەختێك وتاری دەخوێند، کە مینبەرە تازەکەیان بۆ دروستکردو چووە سەری، درەختەکە سۆزی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) جووڵاو وەك منداڵ بۆ دایکی زریکانی، هەموو موسڵمانان گوێیان لەو دەنگە بوو، بۆیە

Remove Watermark Now

سەریان سوڕما لەو رووداوە. پێغەمبەر (ﷺ) کە ئەمەی بینی، رووی کردە درەختەکەو باوەشی پیاکرد هەتا هێور بووەو بێ دەنگبوو.

سۆزی بۆ ئاژەڵەکاندا دەجووڵاو بە هانای ئازارەکانیان دەهات. فەرمووی: (عُذبتْ امرأة في هرة سجنتها حتى ماتت فدخلت فيها النار لا هي أطعمتها ولا سقتها إذ حبستها ولا هي تركتها تأكل من خشاش الأرض)(رواه البخاري)، واتە ئافرەتێك خوای پەوەردگار لە ئاگری دۆزەخ سزای دا چونكە پشیلەیەكی بەندكرد، نە خواردنی دایەو نە لێگەڕا لە مێروی زەوی بخوات. هەروەها(بن مسعود)ی هاوەڵی ئەگێڕێتەوە لە سەفەرێكدا دەست ئەبەن بۆ جووجكی كۆترێك، كە دایكی هاتەوە و بینی بێچووەكانی لە هێلانە نەماوە، بە شڵەژاوی بە دەوری درەختەكە ئەسووڕایەوە، كە پێغەمبەر (ﷺ) هاتەوەوە ئەمەی بینی فەرمووی: ئەوە كێ ئەم كۆترەی بە بێچووەكانی پەژارەكرد؟ پێچووەكانی بەنەوە. لەهەمان سەفەردا بینی شارەمێرولەیەكمان بە ئاگر سووتاند، فەرمووی: ئەوە كێ ئەمەی سووتاند؟ تەنیا خوای پەروەردگار بە ئاگر سزا ئەدا(عن ابن مسعود رضي الله عنه قال: كنا مع رسول الله (ﷺ)في سفر فانطلق لحاجته، فرأينا حمرة معها فرخان، فأخذنا فرخيها، فجاءت الحمرة تعرش فجاء النبي (ﷺ):من فجع هذه بولدها ؟ ردوا ولدها إليها و رأى قرية نمل قد حرقناها، فقال: من حرق هذه ؟ قلنا: نحن قال: إنه لا ينبغي أن يعذب بالنار إلا رب النار)(رواه أبو داود باسناد صحيح).

pdfelement

Remove Watermark Now

ڕۆژێکیان پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ (جعفر)ی مامی خۆیان کرد بە باخێکدا، حوشترێکیان بینی، حوشترەکە کە پێغەمبەری خوای بینی فرمێسك بە چاوی هاتە خوارەوە، پێغەمبەریش فرمێسکەکانی سڕی و بە خاوەنکەی فەرموو: لە خوا بترسەو ئاگاداری ئەم ئاژەڵە بە، ئەوە سکاڵام بۆ دەکا کە برسی دەکەی و ئازاری دەدەی!

ژمارەیەك لە لایەنگران هاتنە لای پێغەمبەر (ﷺ)و پێیان گوت: حوشترێکمان لاساربووەو هار بووەو زیانێکی گەورەی پێداوین، چارەسەرێکمان بۆ بدۆزەرەوە. پێغەمبەر (ﷺ) بە هاوەڵانی فەرموو: هەڵسن با پێکەوە بچین، کە گەیشتنە حوشترەکە، پێغەمبەر (ﷺ) نزیکی بووە، خەڵکەکە وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا نزیکی مەبەرەوە، ئەوە وەك سگی هاری لێهاتووە، ئەترسین زیانێکت پێ بگەیێنیّ، فەرمووی: مەترسن! هیچم لێناکات. حوشترەکە نزیك پێغەمبەر (ﷺ) بووەو سوجدەی بۆ برد! پێغەمبەر (ﷺ) ملی گرت و حوشترەکە لە جاران باشتر بەرەو ئیش چوو. هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە ئاژەڵە و سوجدەت بۆ دەبات، با ئێمەش سوجدەتت بۆ بەرین، فەرمووی: نەخێر! نابیّ بەشەر بۆ بەشەر سوجدە بەریّ، سوجدەکردن تەنیا بۆ خوایە.

نەك تەنیا ئاژەڵی زیندوو، بەڵکوو پارچە گوشتی ئاژەڵیش کەوتە قسەکردن لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵی پێدا کە ئەو ئافرەتە جوولەکەیەی کە بانگێشی خواردنی کردووە، ژەهری لەناو گوشتەکە

Remove Watermark Now

داناوە بە مەبەستی کوشتنی، بۆیە کە پارچە گۆشتەکەی خستە سەر لێوی، فەرمووی: کەس لێی نەخوات، ئەم پارچە گۆشتە ئاگارداری کردمەوە کە ژەهری پێوە کراوە!

pdfelement

Remove Watermark Now

# محمد(ﷺ) و وەچەی داهاتوو

لە دواساتەکانی دونیای پێغەمبەردا (ﷺ)و، بەرلەوەی ژانەسەر بیگرێ، ئەو ژانەسەرەی کە یەکەم نیشانەی مەرگی بوو، دڵ و هۆشی زەمەنیان بڕی و خەیاڵی بەرەو وەچەی داهاتوو چوو، بۆیە بەو هاوەڵەی کە لەگەڵیدا بوو فەرمووی: دڵم براکانمی دەوێ، ئەویش بە سەرسوڕمانەوە گوتی: ئەی ئێمە برات نین؟ فەرمووی: نەخێر! ئێوە هاوەڵی منن، براکانم هێشتا نەهاتوون، براکانم ئەو کەسانەن کە لە پاش ئێوەوە دێن، نە منیان دیوەو، نە ئێوە، تەنیا لاپەڕەی قورئان دەبینن و باوەڕی پێ دەکەن! ئەو برایانەم، کەسی وایان تێدایە، ئامادەیە واز لە دونیا بێنێ و مەرگ بیباتەوە، بە مەرجێك جارێك چاوێکی بە من بکەوێ!

زۆر رووداو کە پاش وەفاتی روودەدات، بە هاوەڵەکانی راگەیاندووە، بۆ ئەوەی بیگەێننە وەچەی داهاتوو بۆ ئەوەی رێڕەوێکیان بۆ روون بکاتەوە بتوانن لەسەر رێگای خواپەرستی و رەزامەندی خوا بمێننەوە. لەو رووداوانە، هەندێکیان سەبارەت بوون بە سەردەمی خەلافەتی ئەبو بەکرو هێندێکیان بە سەردەمی خلیفەکانی تر بوون. باسی رووداوەکانی کودەتاکەی سەر ( عثمان)ی بۆ کردن و شەڕەکەی نێوان (علی) و (معاویە)و و تیرۆرکردنی (علی) و فیتنەی خەوراج و وازهێنانی (الحسن) لە خەلافەت بۆ ( معاویة) و دادپەروەری (عمر بن عبد العزیز) و

Remove Watermark Now

هێرشکردنی مەغۆل و تەتار لەسەر پایتەختی خەلافەت و تەنانەت باسی ئازادکردنی ئیستامبوولی تورکیای کردووە کە دواتر بووە بە پایتەختی خەلافەت.هەندێ لەو هەواڵانە پێوەرێك بوو بۆ دەرخستنی راستیەکان، وەك ئاماژەکردنی بە کوشتنی (عمار بن یاسر) کە پێی فەرموو: گروپە ستەمکارەکە دەتکوژن، کە شەڕی نێوان (علی) و(معاویە) قەوما، ئەو کاتە (عمار) لەگەڵ لەشکری (علی) شەڕی دەکرد دژ بە هێزی (معاویە)، بەوەش زۆربەی خەڵکەکە، کە (عمار) کوژرا، دڵنیابوون کە (علی) لەسەر هەقە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# دامەزراندنی دەوڵەتی شارستانیەت

پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بە حاکمی یەکەمی مەدینە، بۆیە دەستی کرد بە گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژێرخانەیی بۆ ئەوەی بیگوێزێتەوە لە شار بۆ دەوڵەت و، لە حوکمی هۆزایەتی و داپ و نەریت بۆ یاساو ریسای توکمەی شەرعی خواو ئیجتیهادو رای بەرامبەر وەرگرتن، واتە شوورا.

پێشەکی دەستی کرد بە دروستکردنی مزگەوت، نەك تەنیا بۆ جێی پەرستنی خوا، بەڵکو وەك سەنتەرێکی گرنگ بۆ کۆبوونەوەو ئاڵوگۆڕی راو کاروباری حوکمڕانی وڵات. لەبەر ئەوەی جێی تایبەتیان نەبوو بۆ دەستگا حکومیەکان، پێغەمبەر(ﷺ) مزگەوتی کردبووە دەستگایەکی راگەیاندنی سیاسی وئاینی، بۆیە هانی خەڵکی دا کە هەر هەواڵێك بهاتایە، یەکەم جار بێتە مزگەوت و بە پێغەمبەر(ﷺ) یان یاوەرانی رابگەێنرێ ئینجا بڵاوبکرێتەوە. هەر لە مزگەوتیش هەموو بڕیاری سیاسی و فەرمانی خوا بە خەڵکی رادەگەێنرا.

لەو کاتەدا، هێزی ئابووری بە دەست جوولەکە بوو، چونکە پارەو زێرێکی زۆریان هەبوو و بازاڕێکی گەورەیان هەبوو، کە نزیك ناوچەکانیانە، هەروەها باجیشیان لە بازرگان وخاوەن پیشەکانیان وەردەگرت. لەبەر ئەو باج وەرگرتنەو مامەڵکردن بە سوو و قۆرخکردنی شت ومەك و غەشکردن لە جۆری بابەتەکان و ناهاوسەنگی لە تەرازوودا، پێغەمبەر(ﷺ) بیری لەوە کردەوە بازاڕێك دروست بکات دوور بێ لە

pdfelement

Remove Watermark Now

دەسەڵاتی جوولەکەو موسڵمانان لەو جۆرە مامەڵانە رزگار بکات، چونکە نەدەکرا لە ناو بازاڕێك، کە جوولەکە بەڕێوەی دەبرد، کاری چاکسازی بکات. بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) بازاڕێکی دامەزراند، کە نزیك بازاڕی جوولەکە بوو، بەڵام سەرکردەی جوولەکە (کعب بن الاشرف) ئەوەی پێناخۆشبوو و، **هاتە ناوی و ئەو گومەزەی کە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ سەنتەری بازارەکەی دانبوو** تێکدا. پێغەمبەر(ﷺ) هیچ کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەو تێکدانەی نەکرد و فەرمووی: کێشە نیە، دەبێ بەوە هەقی لێبکەینەوە کە شوێنێکی ترتان بۆ تەرخان بکەم لەو شوێنە باشتر بێ.

پێغەمبەر(ﷺ) سوور بوو لەسەر سیاسەتی پێکەوە ژیان و ئارامی ناو مەدینە، چونکە بێجگەلە هێزی ئابووری، جوولەکە هێزی چەکداری بەهێز بوو و چەکێکی زۆریان هەبوو. دواتر هاوەڵێك هاتە لای پێغەمبەر(ﷺ) و پێی راگەیاند کە شوێنێکی گونجاوی بۆ بازاڕ دامەزراندن دۆزیوەتەوە، گۆڕەپانێکە کە پێشتر جێی کێبڕکێی ئەسپی تیا دەکرا و، لە ناوچەیەکە کە لە بازاڕی جوولەکە دوور بوو. پێغەمبەر (ﷺ) **کە بینی بە دڵی بوو** و بە موسڵمانانی فەرموو: لەمەولا ئەمە بازاڕی ئێوەیەو چیتر کەس ناتوانێ باجتان لێ وەربگرێ. زۆرجاریش بۆ بەدواچوونەوەی بارو گوزەرانی بازرگانی خەڵکی، ئەهاتە ئەو بازاڕەو هەر تێبینیەکی هەبوایە بە خەڵکی رادەگەیاند، واتە بۆ ئامۆژگاری و چاکسازی رەفتار تەنیا پشتی بە مزگەوت نەبەست.

pdfelement

Remove Watermark Now

شان بە شانی بازاڕ دروست کردن و، و دوای دروستکردنی مزگەوت، پێغەمبەر(ﷺ) نەخشەیەکی نوێی بۆ مەدینە کێشا، کە ڕێگاوبانەکان ڕێکبخات و بریتی بێ لە جادەی سەرەکی و لاوەکی و پانی جادەکانی بۆ دەستنیشان کردن و ئەو تۆڕە لەو جاددانە بە شێوەیەك نەخشەی بۆ کێشا کە بچێتەوە سەر سەنتەری مەدینە کە مزگەوت بوو. ژمارەیکی زۆر لە ڕێنمایی بۆ جادە پارێزی دەرکردو ئەو جاددانەی بە موڵکی خەڵکی داناو کەس بۆی نیە جادە بگرێ یان جادە لە خەڵك تەسك بکاتەوە، تەنانەت کۆمەڵێك ماف بۆ ڕێگاو بان و جادەکان دەرکرد، کە پەیوەندیەکی توندی بە ئازادای هاتووچۆدا هەیەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێکنەدات بەڵکوو بەهێزی بکات. هەروەها هانی موسڵمانانی دا کە هەمیشە چاویان لە ڕێگاوبانەکانی خەڵکی هەبێ و تا بتوانن پاك و خاوێنی جادەکان بپارێزن. وەك ڕێبازی ئیسلام لە بەستنەوەی هەر چالاکیەك بە باوەڕ بە خواو ڕۆژی دوایی، پێغەمبەر پێیانی ڕاگەیاند کە ئەو ئەرکە لەلایەن خواوە بە ئەجر بۆیان دەنووسرێ، هەروەها پاککردنەوەی ڕێگاوبان و لابردنی هەر ڕێگرێك کە هاتووچۆکردن لەسەر خەڵك گران بکات،بە لقێك لە لقەکانی باوەڕ لە قەڵەم دەدرێ:( **الإيمان بضع وسبعون شعبة فأفضلها قول: لا إله إلا الله، وأدناها إماطة الأذى عن الطريق، والحياء شعبة من الإيمان** )(**رواه مسلم**)، واتە باوەڕ بە خوا حەفتاو ئەوەندە لقە، باشترینیان وتەی یەکخواپەرستی، و نزمترینیان لابردنی خاشاك لە ڕێگاوبان و، شەرمکردن لقێکە لە باوەڕ.

Remove Watermark Now

لەبەر ئەوەی خانوو و ماڵەکانی مەدینە پەرت و بڵاو بوون و لە یەکتری دووربوون، پێغەمبەر هەڵسا بە دابەشکرنی زەوی و زار بەسەر هاوڵاتیان بۆ ئەوەی بۆشایەکان پڕ بکاتەوە. بەو پێیە، توانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەهێزتر بکات. لە لایەکی ترەوە، کۆچبەران، بەهۆی ئەو ئەرزو زەویانە توانیان ماڵ وی‌حاڵی خۆیان دابمەزرێنن و ئەرك لەسەر لایەنگران هەڵبگرن. لە لایەکی ترەوە، پێغەمبەر(ﷺ)، بە پێی پێویست، هەندێ دامەزرەکەڵکداری گشتی ( مرافق عامة )ی دروست کرد وەك یەکەیەکی تیمارکردن لە مزگەوت و سەنتەری مەشقکردنی سەربازی لە دەرەروەی مەدینەو شوێنی تایبەت وەك ئاودەستی گشتی کە ناوی نابوو (المناصع)و، و شوێنی تایبەت بە سەربڕینی ئاژەڵ، کە دوور لە ماڵەکان بێ. بۆ پێشوازیکردن لەو هۆزو کەسایەتیانەی کە بۆ پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسلام دەهاتنە مەدینە، ماڵی (عبد الرحمن بن عوف) بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان کرد.

گرنگترین پرۆسەیەك لە حوکمڕانی ئیسلام لەو ماوەیەدا دانانی دەستورو تەشریعاتی یاسایی بوو، کە سەرچاوە سەرەکیەکەی قورئان و فەرموودەو کردەوەکانی پێغەمبەر( ﷺ)و (ئیجتیهادی) هاوەڵان بوو . بەڵام ئەو دەستوورە، بە پێچەوانەی هەموو دەستوور ەکانی دونیا، بەرلەوەی ئیسلام بێت و پاش هاتنیشی، لە یەك كات و زەمەندا دانەڕێژرا، بەڵکوو بە درێژایی ئەو تەمەنەی پێغەمبەر( ﷺ) مابووی بەردەوام بوو، واتە ڕۆژانەو بە پێی پێویستی کاروباری دەوڵەت و کۆمەڵ

Remove Watermark Now

وتاك و بە پێی ئەو قۆناغەی دەوڵەت پێیدا دەڕۆیشت، دادەبەزا. بۆیە هەندێ جار، بۆ بەرژەوەندی خەڵکەکە، دەقەکان دەگۆڕان و دەقی تر دەهاتە شوێنیان.

ئامانجی سەرەکی لە دەقەکانی ئەو دەستوورەدا، پێشکەشکردنی توکمەترین مەنهەجێك بۆ ژیانی موسڵمانان کە تیایدا بتوانن مافەکانی خواو خۆیان و خەڵکی بە جوانترین و راستترین و بەرزترین شێوە بدەن، کە پەیڕەوکردنی ببێتە مایەی بەختەوەری دونیاو ئاخیرەتیان.

سیفەتە هەرە روونەکانی ئەم دەستوورە، مسۆگەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و وردی پێکهاتەو هاوسەنگی و فراوانیی بابەتی دەقەکانی، بە شێوەیەك کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتبووە، لە چۆنێتی پێڵاو لە پێکردن و ئاوو نان خواردنەوە هەتا دەگاتە حوکمڕانی وڵات و ئاوەدانکردنەوەی ئەرز و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵکی.

لەو دەستوورەدا...

مافەکان بە وردی چەسپێنران..هەندێ جار خاوەن مافەکان داوای ماف خۆیان دەکرد و دەستیان دەکەوت و زۆر جاریش بێ ئەوەی ئەو مافانە داوابکرێ بۆیان دادەڕێژرا . ماف ئافرەت وپیاو منداڵ و هەتیوو بێوەژن وکۆیلەو تەنانەت ئاژەڵ و ڕووەك و باڵندەکان لەو دەستوورەدا پارێزراو بوو.

لەو دەستوورەدا...

پەیوەندییەکان دەستنیشانکران...

Remove Watermark Now

پەیوەندی تاك بە خوای خۆی و  بە هاوسەر و باوك و  دایك و منداڵ و براو خوشك و کۆمەڵ بە گشتی و بە هاوڵاتی ناموسڵمان و دەستگای دەسەڵاتدارو حاکم و   لێپرسراوان، هەروەها پەیوەندی تاك بە ژینگەو ڕاگرتنی پاك و  خاوێنی لە خۆ دەگرت.  ئەڵقە نزیکەکانی موسڵمان، وەك دایك و باوك و دراوسێ  و خزم و ناسیاو، لەو دەستوورەدا، زۆرترین گرنگی پێدرا، چونکە پاراستنی ئەو پەیوەندیە، کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە، کۆمەڵگا بەهێز دەکات.

لەو دەستوورەدا...

یەکسانی لە هەل وەرگرتن چەسپێنرا، واتە هەموو هاوڵاتیان یەکسانن لە دەستکەوتەکان بێ جیاوازی  ئاین و  ڕەگەز و هۆزو نەتەوەو ڕەنگی پێست.

لەو دەستوورەدا...

چەندەها دەقی تیابوو کە ئاشتی گشتی لە ژیانی دەروونی تاك و پێکهاتەی خێزان و بنیاتی دەوڵەت و          جیهاندا بەربڵاو دەکاتەوەو پەیوەندی دەوڵەتی ئیسلام بە دەوڵەتانی دراوسێ       ، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ ڕێکدەخات.

لەو دەستوورەدا...

دان بە مافە سەرەکیەکانی ئادەمیزاد درا، کە بریتین لە ئازادی هەڵبژاردنی ئاین و هاوسەرگیری و دابینکردنی جێی گونجاوی حەوانەوەو تەنانەت ئامێری گواستنەوە، کە جاران ئاژەڵ بوو.

Remove Watermark Now

بێگومان باوەڕ بە تەنیا ناتوانێ ئەم دەستوورە بپارێزێ، یاخود هەموو دەستکەوتەکانی بێنێتە دی، بەڵکوو پێویستە، شان بە شانی باوەڕ، هێزێکی چەکداری دەوڵەت هەبێ ئەو ئامانجانە بپارێزێ. بۆیە لەو دەستوورەدا، کۆمەڵێك ئایەتی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) مەنهەجێکیان بۆ دامەزراندنی لەشکر لە دەوڵەتی ئیسلامدا دروست کردو ئامانج لەو لەشکر دروستکردنە روونکرایەوە. گرنگترین ونوێترین چەمك لەو بارەیەوە چەمکی ئەخلاق و رەوشتی جەنگی، واتە ئەو رەفتارو رەوشت و هەڵسوکەوتانەی جەنگاوەر کە دەبێ، لە کاتی جەنگدا، پەیڕەوی بکات. لەو رەوشتانەی کە لەو دەستوورەدا هاتووە، نابێ دەست درێژی لەسەر ئافرەت و منداڵ و پەککەوتەو پیرو ئاژەڵ و دارو درەخت و پەرستگاکان بکرێ و، چەك تەنیا بە رووی جەنگاوەر بەرزبکرێ، تەنانەت نابێ چەك بە گاڵتەوە بە رووی کەسدا بکرێ. هەروەها مافی کوژراوانی دوژمن لە جەنگدا پارێزراوە، واتە نابێ لاشەکانیان بشێوێندرێ. ئامانجی جەنگیش لەو دەستوورەدا بە راشکاوی بە ئایەتی قورئان جەختی لەسەر کرا، کە بریتیە لە بەرگری لە وڵات، بێ ئەوەی ستەم لە کەس بکرێ و نەهێشتنی زۆرەملێ و داپلۆسین لە جیهاندا. ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ(*).....وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ فَإِنْ انتَهَوْا فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾ (سورة البقرة 191-193)

لە رووی ئابووریەوە، لەو دەستوورەدا بنەمایەکی ئابووری دانرا کە هەوڵ بدرێ پارە لە دەست کۆمەڵێکی کەم دەستاودەست نەکرێ،

Remove Watermark Now

بەڵکوو دەبێ دراو سووڕی سروشتی خۆی وەربگرێ. بۆ ئەو مەبەستە، سوو، واتە ریبا، حەرامکرا، چونکە بە ڕێگای سوووەوە پارە لە دەست تاقمێك دەوڵەمەند دەستاوەدەست دەکرا و هەژرو بێ دەرامەت لێی بێ بەش دەبن. هەروەها لەو دەستوورەدا زەکات لەسەر دەوڵەمەندە موسڵمانانەکاندا فەرز کراو، لە لایەکی تردا ( جزية) لەسەر دەوڵەمەندی غەیرە موسڵمان، لە خاوەن کتێبە ئاسمانیەکان، فەرز کرا، چونکە تاکی غەیرە موسڵمان هاونیشتیمانە، بۆیە دەبێ پاڵپشتی دارایی دەوڵەت بکات، بەڵام دەوڵەت یان هۆزی غەیرە موسڵمان جزیەیان دەدا وەك بەڵگەیەك لەسەر ئاشتی بەر قەراربوون و پێکەوە ژیانە. ئەو داهاتە دەخرایە خەزینەی دەوڵەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر سووڕی دارایی خۆی وەربگرێ و بگەڕێتەوە بۆ دانیشتوانانی دەوڵەت بە شێوەی مووچەو هاریکاری بێ دەرامەتان و کاروباری دەوڵەتی پێ ئەنجام بدرێ.

بۆ ئەوەی ئەو دەستوورو دەق و ڕێنماییانە بچنە باری جێبەجێکردنەوە، ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر( ﷺ) بنەمای باوەڕ بە خواو ڕۆژی دواییان لە دڵی خەڵکیدا ڕۆژانە دەچاند، بەشێوەیەك کە ئامادەبوون بە گەورەترین و زەحمەتترین کارێك هەڵسن لە پێناو ڕەزامەندی خواو گەیشتن بە بەهەشتی خوا، چونکە لە ئیسلامدا باوەڕ پێش جێبەجێکردنی فەرمان دێت، بۆ ئەوەی قەناعەتێکی دەروونی تەواو بۆ خاوەنەکەی دروست بکات. ئەوەش تایبەتمەندیەکی

Remove Watermark Now

حوكمڕانی ئیسلامە كە مەنهەجەكانی تری غەیری خوای پەروەردگار جیادەكاتەوە، كە تەنیا پشت بە یاسا دەبەستێ.

هەروەها ئیسلام، لە ڕێگای ئایەتی قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) پاكێجێكی تۆكمە لە ڕەوشت و ڕەفتاری خستە بەردەم موسڵمانان، كە هەموو بوارەكانی ژیان دەگرێتەوە، نەك تەنیا بۆ هاوڵاتی ئاسایی، بەڵكوو لێپرسراوی دەوڵەت و حاكمی وڵاتیش دەگرێتەوە.

بەرچاوترین دیاردەو گۆڕانكاری كە پەیامی ئیسلام لەو ماوەیەدا پێی هەڵسا كاروبارو پێگەی ئافرەت بوو لە كۆمەڵگادا. یەكەم هەنگاو كە دەقەكانی ئیسلام پێی هەڵسا یەكسانبوونی پیاوو ئافرەتە لە ڕووی ماف و ئەركەكاندا، بە شێوەیەك كە لەگەڵ باری دەروونی و جەستەیی ئافرەتدا بگونجێ. ئافرەت لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە بوو بە هاوتای پیاو، ئافرەت هەلی پێدرا بە ئازادی داكۆكی لە مافەكانی بكات، چەندەها ڕێنمایی دەرچوو كە توندو تیژی دژ بە ئافرەتان قەدەغەكرا، لە هەندێ دەقدا، وەك ئافرەتی دایك، ئافرەت سێ پلە پێش پیاو كەوت ( **امك ثم امك ثم امك ثم ابوك**)، ئەركی بە خێوكردنی خێزانی خستە ئەستۆی پیاو، بەڵكوو هانی پیاوانی دا كە خزمەتی هاوسەرەكانیان بكەن (**خيركم خيركم لإهله**). هەروەها ئیسلام فەوزای جەستەیی و بوونی ئافرەت بە جەستەیەك بۆ ئارەزوو بەخشین و بەكارهێنانیان بۆ دەستكەوتی ماددی قەدەغەكرد ﴿ **وَلاَ تُكْرِهُوا فَتَيَاتِكُمْ عَلَى الْبِغَاءِ إِنْ أَرَدْنَ تَحَصُّنًا لِتَبْتَغُوا عَرَضَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَنْ يُكْرِهْهُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِنْ بَعْدِ إِكْرَاهِهِنَّ غَفُورٌ**

Remove Watermark Now

رَحِيمٌ﴾(سورة النور 33). بەر لەوەی ئیسلام بێت، ئافرەت بەشێك بوو لە میرات، واتە کە مێردی دەمرد، لەگەڵ میراتی مێردی دابەش دەکرا، بەڵام ئیسلام ئەمەی قەدەغەکردو بەشێکی گەورەی میراتی بۆ دەستنیشان کرد.

گەنجەکان کاریگەرترین ئەندامی کۆمەڵگان، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) گرنگی زۆری پێدان، بە شێوەیەك کە یەکێك لەو حەوت کەسانەی، کە سێبەری خوایان لە رۆژی دوایی دەست دەکەوێ، گەنجێکە کە بە پەرستنی خوای پەروەردگار لە هەرزەکاریدا سەرقاڵ بووبێ. هەندێك لەو گەنجانە وەك ( معاذ بن جبل ) و(جابر بن عبداللە)ی کرد بە برادەرو دۆست، و هەمیشە هەوڵی ئەدا کێشەکانیان چارەسەر بکات. ئەوەندە متمانەی بە گەنج دا، کە رۆژێك گەنجێك هاتە لای و داوای لێکرد مۆڵەتی باتیێ زینا بکات. هەرچەندە موسڵمانان بە گژیا چوون، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) هێوری کردەوەو لە خۆی نزیککردەوەو پێی فەرموو: رازی دەبی کەس ئەو رەفتارە لەگەڵ خوشکت یان دایکت بکات؟ گوتی: نەخێر، فەرمووی: دەسا خەڵکش رازی نابن ئەو رەفتارە لەگەڵ خوشك و دایکیان بکرێ، ئەنجا دەستی هێنا بەسەر سنگیەوەو دوعای بۆ کرد خوا دڵی خاوێن کات. گەنجەکە بە دڵێکی پاکەوە لە لای پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو و، خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) لە هەموو کەسێك لای بتەوتر بوو.

Remove Watermark Now

بەو شێوەیە، پێغەمبەر( ﷺ)، بەو پەیامە خواییەی و بە بوونی بە نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پەیامە، توانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەو شارەو هاوڵاتیانە بکات، بە جۆرێك کە بوو بە نموونەیەکی بەرچاوی شارەکانی ئەو ناوچەیە. بەرە بەرەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ، ئەو شارە پەرەی ئەسەند، هەتا توانی خۆی لە چوارچێوەی شار دەربکات و بچێتە باری دەوڵەتەوە، کە هەموو وڵاتانی تەنیشت دوورگەی عەرەب ، تەنانەت وڵاتە زلهێزەکان، حسابێکی گەورەیان بۆ دەکرد. هەر ئەو دەوڵەتەش بوو، کە پاش کۆچکردنی پێغەمبەر( ﷺ)، توانی نەخشەی جیهان بگۆڕێ و پەیامی ئیسلام، لە ماوەیەکی پێوانەییدا، بە هەموو جیهان بگەیێنێ و دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلام بەرفراوان بکات و شارستانیەت بە جیهان پێشکەش بکات.

pdfelement

Remove Watermark Now

# دامەزراندنی بنەمای شوورا

بەرلەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری کۆتایی وەربگرێ کە بەرەو بیرەکانی ئاوی(بدر) بڕوات بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوەی هێزی قورەیش، ویستی رای هەموو لەشکرەکە وەربگرێ، چونکە ئەوان بۆ دەست بەسەردا گرتنی قافڵەی قورەیش دەرچووبوون، نەك بۆ جەنگێکی گەورە، کە لە دەرەوەی سنووری مەدینەدا بوو. لەشکرەکەی کۆکردەوەو پێی فەرمون: پێم خۆشە گوێ لە بۆچوونەکانتان بگرم! یەکەم کەس ئەبو بەکر هەڵسایە سەر پێ و دەستخۆشی لە بڕیاری پێغەمبەر(ﷺ) کرد، ئەگەر هاتوو ڕووبەڕوونەوەی کافرانی قورەیشی تێدا بێ، دواتر عومەر هەڵساو هەمان قسەی دوپاتکردەوە، هەروەها (المقداد بن عمرو) هەڵساو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەرەو پێشەوە، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانی خوا بڕۆو ئێمەش لەگەڵتداین، ئێمە وەکوو (بنی اسرائیل) نابین، کە بە (موسی)یان گوت: برۆ تۆو خوا بجەنگێن، ئێمەش لێرە دادەنیشین، بەڵکوو دەڵێین: برۆ تۆو خوا بجەنگێن، ئێمەش لەگەڵتاندا دەجەنگین! قەسەم بە خوا! بۆ هەر کوێ پێشمان بکەوی، دوات دەکەوین! پێغەمبەر(ﷺ) سوپاسی هەرسێکیانی کردو دوعای خێری بۆ کردن و فەرموی: ئەی خەڵکینە! پێم خۆشە گوێم لە بۆچوونەکانتان بێ، دیارە ئەو سێ کەسە لە کۆچبەران بوون و پێغەمبەر(ﷺ) حەزی دەکرد گوێ لە بۆچوونی لایەنگرەکانیش بگرێ،

Remove Watermark Now

بۆیە (سعد بن معاذ ) کە گەورەی لایەنگران بوو، هەڵسایە سەر پێ و گوتی: ئەڵێی ئێمەت مەبەستە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرموی: بەڵێ! گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئێمە باوەڕمان بە پێغەمبەرایەتی تۆ هێناوەو، پەیمانمان بە تۆ داوە، کە پارێزگاریت لێ بکەین و ئاینی خوای پەروەردگار سەربخەین و گوێ ڕایەڵت بین، نەڵێی ئێوەی لایەنگران پەیمانتان داوە بەرگری لە ئیسلام وپێغەمبەری خوا تەنیا لە سنووری مەدینە بکەن، نەخێر! بەرەو کوێمان دەبەی، بمانبە، لەگەڵ کێ ئاشت دەبی، ئاشت دەبین و لەگەڵ کێ دەجەنگی، دەجەنگین، چەند لە پارەمان هەڵدەگری، هەڵبگرەو، چەندیش جێدەهێڵی، جێبهێڵە، بەوەی هەڵتگرتووە لەوەی هێشتووتەتەوە خۆشحاڵترین، هەر فەرمانێکیش دەربکەی، ئێمە پابەندی دەبین، ئارەزوومان لەگەڵ ئارەزووی تۆیە، بۆیە ئێستا بە ڕاشکاوی پێت دەڵێین: بەرەو پێشەوە بڕۆ ئێمەش لەگەڵتداین، قەسەم بە خوا، ئەگەر فەرمان بفەرموی، بە ناو ئەو دەریایە بڕۆین، دەڕۆین، یەك کەسمان پاشگەز نابێتەوە، ئێمە لە ڕووبەڕووبوونەی دوژمنانمان سڵناکەینەوە، لە جەنگیشدا ئارامگرو ڕاستگۆین، لەسەر بەرەکەتی خوا، پێشمان بکەوە! ئەم قسانەی (سعد)، پێغەمبەر (ﷺ)ی دڵخۆش و گورج و گوڵتر کردو، فەرموی: بە ناوی خوا بجووڵێن، موژدەی سەرکەوتنتان لە لایەن خوای پەروەردگاردتان پێ ئەدەم، قەسەم بە خوا! هەر دەڵێی چاوم لە شوێنی کوشتنی یەکە یەکەی دوژمنانە! خوای گەورە ئەو بەڵێنەی کە

Remove Watermark Now

به پێغەمبەرەکەی دابوو، بۆی هێنایە دی، تەنانەت لە هەمان شوێن کە بۆ موسڵمانانی دەستنیشان کردبوو، سەرکردەکانی قورەیش کوژرابوون.

pdfelement

Remove Watermark Now

# ئەنجامی بیست و سیٚ سالٚ کۆشش

**محمد** (ﷺ) ئەو پێغەمبەرەیە کە توانی بیست و سیٚ سالٚ لە هەولێکی بیٚ وچان، ڕێڕەو و مێژووی ئادەمیزاد بەرەو شارستانیەت و مەدەنیەت ئاراستە بکات بە کەمترین زیان لە گیان ومادەدا.دەتوانین بلێین لە پاش کۆششی بیست وسیٚ سالٚ لە تەمەنی پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەر (ﷺ) توانی ئەم دەرئەنجامە بە نرخانە بێنێتە دی، کە هەر یەکە کلیلێکی دامەزراندنی شارستانیەت دەگەیێنیٚ:

1) گۆڕینی فرەخواوەندی بە یەکخواپەرستی
2) گۆڕینی دووبەرەکی و پارچەپارچە بوون بە یەکگرتن و یەکبوون
3) گۆڕینی هۆز بە دەولەت
4) گۆڕینی عورف و عادەت بە یاساو تەشریع
5) گۆڕینی داب و نەریت بە دەزگا
6) گۆڕینی خێلٚ بە نەتەوە
7) گۆڕینی تێکدان بە چاکسازی و ئاوەدانی
8) گۆڕینی ئاژاوە و خورافە و ئارەزوو بە بەرنامەو زانست
9) گۆڕینی نەفامی و نەخوێنەواری بە مەعریفەت
10) گۆڕینی دەمارگیری بە زمانی دیالۆگ (گفتوگۆ)
11) گۆڕینی تاك ڕەوی لە بیروڕاو بڕیار بە شووراو گوێگرتن بۆ بەرامبەر

pdfelement

Remove Watermark Now

هەڵبەتە لە یەکەم ڕۆژی تەمەنی پێغەمبەرایەتی، پێغەمبەر (ﷺ) هەوڵی داوە لە سێ بواردا کۆشش بکات، بە ئادەمیزاد دەستی پێ بکات و بە دەوڵەت دەڕوات و بە شارستانیەت کۆتایی دێنێت، بۆ ئەوەی نامەیەکی گونجاوی هەبێ بۆ جیهان و بتوانێ بۆ ئاینی خوا بانگێشیان بکات. واتە ئامانجی کۆششی پێغەمبەر (ﷺ) لە سەردەمی پێغەمبەرایەتی دامەزراندنی شارستانیەتێکی خاوەن باوەڕ، کە پەیڕەوو پرۆگرامی لە ڕێنمایی ئاسمان وەربگرێ و وەحی ئاسمان و بوونەوەر بەیەك بگەیێنێ بۆ بەرەنگاری و تێکدانی چاکسازی و شارستانیەتی بێ باوەڕ وگومڕایی ئەو سەردەمە، چونکە هەر ئەوە گونجاوترین و هاوسەنگترین شارستانیەتە بۆ ئادەمیزاد، کە بیەوێ بە کاری خواپەرستی و ئاوەدانی زەوی هەڵسێ، دژ بە شارستانیەتی ئارەزوو ناهاوسەنگی وخواروخێچی:

﴿وَاللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ الَّذِينَ يَتَّبِعُونَ الشَّهَوَاتِ أَن تَمِيلُوا مَيْلاً عَظِيمًا﴾(النساء:27).

pdfelement

Remove Watermark Now

# هێمای ژیان... لە نێوان مردن و ژیان

هەمووی دەبێ بڕوات، هەمووی دەبێ بمرێ، چونکە ژیانی دونیا کاتیە، ماوەیەکە بۆ تاقیکردنەوە، کە تەواو بوو، دەبێ جێیبهێڵێن، کەسی تیا نامێنێ، تەنانەت فریشتەکانیش، بەڵکوو فریشتەی مردنیش دەبێ بمرێ، مانەوە تەنیا بۆ خوای پەروەردگارە. ئەی هێمای ژیان، پێغەمبەری خوا محمد (ﷺ)، دەبێ ئەویش بمرێ؟ یاخود ئەگەر رای وەرگیرا بۆ مردن یان مانەوە، دەبێ چی هەڵبژێرێ، مردن یان ژیان؟

کاتەکە، کۆتایی مانگی دووەمی ساڵی یانزەی کۆچیە، تەمەنی پێغەمبەر (ﷺ) بووە بە شەست و سێ ساڵ ، دونیا، خەریکە بەرگی ماتەمینی بۆ خۆی دەدروێ، چونکە هەواڵێکی ئاسمانی لە دەوری زەوی دەنگ دەداتەوە، کە پێغەمبەری خوا(ﷺ)، مەرگی نزیکبۆتەوەو ئەوەندەی نەماوە دونیا جێبهێڵێ. لەوەتەی بووە بە پێغەمبەر، دونیا، بووژانەوەو شادمانی بە خۆیەوە بینیوە، لە ژێر سێبەری ئەو پێغەمبەرایەتیەدا، خەریکە ستەمکاری نەمێنێ و دادگەری و ئارامی و گیانی تەبایی و برایەتی و گەشەی دارایی سەر ڕووی زەوی دا ەگرێتەوە.

لەوەتەی بووە بە پێغەمبەر، ئایەتەکانی قورئان، کاریگەرتر لە ئاوی باران، لە ئاسمانەوە، دەروونی ئادەمیزادی ئاوەدانکردۆتەوە. بەڵام گەر ئەو هەواڵە ڕووبدات، چیتر ئایەت و هەواڵی تر، لە ئاسمانەوە دانابەزێ، بۆیە سەر ڕووی زەوی، لە شاخ ودارستان و ڕووبارەکان، بەم هەواڵە، غەمبارو دڵگران و خەمناکن.

Remove Watermark Now

بە پێچەوانە، حەوت چینی ئاسمان و عەرشی خواو گشت فریشتە و گیانی پێغەمبەران و باوەڕداران، لەو دیو بەربەستی غەیب، لە خۆشیدا، ناوی خواو ستایشی میهرەبانی، بە یەك دەنگ، دەهێنن ودەبەن و خۆیان ڕازاندۆتەوە، بۆ ئەوەی پێشوازی لە هاتنی گیانی پاکی دواین پێغەمبەری خوا بکەن.

بەڵام خەڵکی زەوی هێشتا ئاگاداری هەواڵی ئەو کارەساتە نین، تەنانەت هەر بە خەیاڵیشیان نایەت کە ڕۆژێ لە ڕۆژان مردن پێغەمبەر (ﷺ) بگرێتەوە، چونکە لەو زاتە پیرۆزە، مانای راستەقینەی ژیانیان بۆ دەردەکەوت، ئەوان مانای ژیانیان لەو وەردەگرت، ئیتر چۆن مردن دەیگرێتەوە؟ پێغەمبەر (ﷺ) هەمیشە مانای قووڵی ژیانی تیا ئەچاندن، سەرەڕای باوەڕی بتەو بە دوارۆژو بەهەشتی خوا، هەوڵی ئەدا تێیان بگەیێنێ کە هەرچەندە ژیانی دونیا کورت خایەنە بە بەراوردکردن بە ئاخیرەت، بەڵام دەبێ لە چوارچێوەی ڕێنماییەکانی پەروەردگار خۆشی و لەزەتەکانی فرامۆش نەکرێ. هەندێ کەس، لەبەر باوەڕی بتەویان و لەپێناو رەزامەندی خوا، دەیانویست ماڵ و خێزان و سامانی دونیا جێبهێڵن، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) ڕێنمایی کردن کە زیادەڕەوی لە هەر شتێك، تەنانەت لە خوا پەرستی، لە ئاینی ئیسلام پەسەند نەکراوەو دەبێ هەر خاوەن مافێك مافی خۆی وەربگرێ.

ژیان بریتیە لە زەردەخەنە، وشەیەکی سۆز، پارویەك بخرێتە ناو دەمی برسیەك، یارمەتیەکی لێقەوماو، چوون بە هانای لاوازو ستەم

Remove Watermark Now

لێکراو، ڕوویەکی گەش بە دەم منداڵ و هاوسەرو دایك و باوك و دەوروبەر، چێژکردنی خواردن وخواردەمەنی دونیا، لێبوردن، دادگەری، و گەر ئەوانە لە پێناو ڕەزامەندی خواو بە پێی بەرنامەکەی بێ دەبێتە ئاینی ئیسلام. پێغەمبەریش (ﷺ) لە لوتکە بووە لەو بوارانە، بۆیە هاوەڵان بە هیچ جۆرێك ئەو ڕاستیە پەسەند ناکەن کە مەرگ پێغەمبەریش (ﷺ) دەگرێتەوە، چونکە خەریکە ئەو هەستە ئەچێتە دڵیانەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) نەك تەنیا هێمای ژیانە، بەڵکوو سەرچاوەیەکی ژیانە. بۆ ئەوەی بنەماکان ڕاست کرێنەوەو موسڵمانان تێبگەن کە پێغەمبەر (ﷺ) بەشەرەو مردن ئەویش دەگرێتەوەو تەنیا خوای پەروەردگار تاکە سەرچاوەی ژیانە، پێغەمبەر محمد (ﷺ) یش هێمایەکی ژیانە، بەڵکوو گرنگترین هێمای ژیانە. قورئان هەر زوو ئەو ڕاستیەی پیشان موسڵمانان داو پێیانی ڕاگەیاند کە مەرگ پێغەمبەریش (ﷺ) دەگرێتەوە، بەڵکوو مەرگ هەموو شتێکی غەیری خوا، تەنانەت فریشتەکانی ئاسمانیش دەگرێتەوە، بە شێوەیەك لە بوونەوەردا، کاتێ بوونی بوونەوەریش نامێنێ، تەنیا خوای پەروەردگار دەمێنێ و کە دەفەرموێ: کێ ئەمڕۆ خاوەن موڵکە؟ کەس نیە غەیری خوا وەڵام باتەوەو بفەرموێ: موڵك تەنیا بۆ خوای پەروەردگارە!

لەگەڵ ئەوەشداو لەبەر تایبەتمەندی پێغەمبەر (ﷺ) لای خوای پەروەردگار، مردن تاکە ڕێگاو چارەنووسێك نەبوو، کە ئاسمان لەبەردەم پێغەمبەر (ﷺ)ی دانابێ. گەورەی فریشتەکان، (جبریل)، بۆ ئەو

pdfelement

Remove Watermark Now

مەبەستە هاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی و ئەم دوو پێشنیاری خوای خستە بەردەم خۆشەویستی خواو پێی گوت: پێشنیازم لە خوای پەروەردگار بۆ هێناوی، بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووست، خوای گەورە ئەم دوو چارەنووسەت دەخاتە بەردەم، یان مانەوە لە دونیا هەتا کۆتایی دێ، بە مەرجێك کلیلی هەموو گەنجینەکانی دونیا بخاتە دەستت و بەهەشتیشت لە دوارۆژدا بۆ مسۆگەر دەکات، یان مردن و گەیشتن بە دیداری خوا و بە بەهەشت!

پێغەمبەر (ﷺ) پێویستی نەبوو بە مۆڵەت بۆ بیرکردنەوە، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی وەربگرێ، چونکە ئەو لە هەموو کەسێك چاکتر خوا دەناسێ و لە هەموو کەسێك زیاتر خوای خۆشدەوێ و دەشزانێ کە ئەو خۆشەویستی خوایە، بۆیە یەکسەر پێشنیازی نزیکبوونەوەو گەیشتن بە دیداری خوای پەسەندکرد. ئەو پێشتر لە دوو پێشنیار یان زیاتر لە هەر ئیشێك کامەیان ئاسانتر بوو ئەوەی هەڵدەبژارد، بە مەرجێك لە فەرمانەکانی خوا دەرنەچێ. بۆیە ئەمڕۆ لە هەڵبژاردنی دواچارەنووسی لە دونیادا، تووشی دڵەڕاوکێ نابێ، چونکە ئەو هێمای ژیانە و هەمیشە ژیانی هەڵبژاردووە، بۆیە لەم ساتەدا هەر ژیان هەڵدەبژێرێ، نەك ژیانی دونیا، چونکە ئەوە پلەی نزمی ژیانە، بەڵکوو ژیانی لای خوا، چونکە ئەوە ژیانی تەواوو راستەقینەیە. کە مردن هەڵدەبژێرێ، ژیان لە گەڵ خواو یارانی خوا هەڵدەبژێرێ، جیهانی راستگۆیی و دادگەری رەها و ژیانێك کە سنووردار نیە و بە تاقیکردنەوە نەبەستراوە. ژیانی دونیا

Remove Watermark Now

خۆشەویستانی تیایە، وەك ( فاطمة)ی پارچەیەك لە دڵ و هاوسەرو هاوەڵەكانی، ژیانی ئاسمان خوای پەروەردگارو فریشتەو گیانی پاكی بەندەكانی خوا لە پێغەمبەران و پیاو چاكانی تیایە، هەروەها (خدیجة)ی هاوسەرو شەهیدانی ئیسلامیشی تیایە، هەرچەندە گەر دونیا هەڵببژێرێ لەوانەیە برادەرەكانی لە نەوەی داهاتوو، كە هێشتا نەیبینیون و دوای چەند سەدەدا دێن و زۆر پەرۆشە بۆ بینینیان، چونكە هەر خۆی دەیفەرموو ئەوانە هەرچەندە تەنیا چەند لاپەڕەیەك دەبینن و من بە چاو نابینن، كەچی باوەڕی تەواو بە پەیامەكەم دێنن. بەڵام ئەوانیش گەر بێن، هەر دەبێ، وەك خۆشەویستانی ئیستای، دونیا جێبهێڵن، كەواتە هەروا چاكە بەرەو ئاسمان بڕوات و لەوێ چاوەڕێی هەموویان بكات و چاوی بە یارانی ئاسمان روون بێ.

ئەو بڕیارەو ئەو هەواڵە ، واتە نزیكبوونەوەی مەرگی، بە لای ئەو خۆشترین هەواڵ بوو، بەڵام چونكە قەبارەی جێی خۆی لە ناو دڵ و دەروون و ژیانی هاوەڵانیدا دەزانی، گەیاندنی ئەو هەواڵە بە موسڵمانان، گەورەترین خەمی بوو، هەرچەندە هەتا دەركەوتنی نیشانەكانی كۆچكردنی، پەلەی لەو هەواڵ گەیاندنە نەكرد.

یەكەم كەس كە پێغەمبەر ( ﷺ) ئەو هەواڵەی پێ گەیاند، ( معاذ بن جبل) بوو، ئەوەش لەبەر ئەوەی ئەو هاوەڵە خۆشەویستە، بەتەمای سەفەركردن بوو، بۆیە ویستی ماڵئاوایی لێبكات. پێغەمبەر( ﷺ) بە توندی دەستی گوشی و پێی فەرموو: ( معاذ)! ساڵێكی تر كە

pdfelement

Remove Watermark Now

گەڕایتەوە، لەوانەیە من نەبینی، بەڵکوو گۆڕەکەم دەبینی! ئەو هەواڵە دڵ ودەروونی هەژاند، ویستی بڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا، ئەم سەفەرەم لە کۆڵبکەرەوە، با تا دواساتی ژیانت لە تەنیشتت بم، بەڵام جورئەتی نەکرد ئەو داوایەی لێبکات و فەرمانی بشکێنێ ، بۆیە بە گریانەوە دوا خواحافیزی لێکرد، هەرچەندە خەریکبوو لەگەڵ دەستبەردانی دەستی، گیانی لەگەڵی دەرچێ!

ئەو دیدارەی ( معاذ)، ئەرکی گەیاندنی هەواڵی کۆچکردنی زەحمەتتر کرد، ئەی دەبێ هاوەڵی گیانی بە گیانی ئەبو بەکر، یان عومەر یان (عثمان) یاخود (علی) ئامۆزای چیبکەن؟ یان هاوسەرەکانی، بە تایبەتی (عائشة)، دەبێ هەڵوێستیان چۆن بێ؟ یاخود ( فاطمة)ی کچی، کە هەر ئەوە خۆی بە تەنیا خەمێك بوو، (فاطمة)ی پارچەیەك لە دڵ ، (فاطمة)ی میراتی خۆشەویستیی خۆشەویسترین کەسی ، خەدیجەی هاوسەری. (فاطمة)، کە گەڵاکانی درەختی بنەماڵەی، لە دایك و خوشکەکانی، لەبەر چاوی، یەك بە دوای یەك هەڵوەران، ئەوەتا ڕەگی ئەو درەختە، کە باوکێتی ( ﷺ)، بە کۆچکردنی، دوا لاپەڕەی ژیانی دادەخات. ڕاستە هاوسەرو منداڵی هێشتا ماون، بەڵام ئەوان، لە پاش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ) چۆن دەتوانن جێی ئەو بگرنەوە؟ تەنانەت ئەوان ناتوانن برینەکەی ساڕێژ بکەن، بەڵکوو ئەوان، بەو یادەوەرییەی کە لە ژیانیاندا جێیهێشتبوو، لەوانەیە برینەکەی قوڵتر بکەنەوە. بۆ هەر ئەو دەم و زمانەی (الحسین) نەبوو، کە بە زمانی موبارەکی ماچی دەکردن؟ بۆ هەر

Remove Watermark Now

ئەوان نەبوون کە دەچوونە باوەشی و تەنانەت لە ناو نوێژیشدا، دەچوونە سەر پشتی؟ هەر دەستی پێغەمبەر (ﷺ) نەبوو، کە بەسەر شانی (علی) هاوسەریدا دەهێنا، بۆ ئەوەی تەپ وتۆزی ئەرزی مزگەوتی لەسەر لابدات؟

پێغەمبەر(ﷺ) پەلەی نەکرد لە گەیاندنی ئەو هەواڵە بە هاوەڵ و خزم و ناسیاوی، چونکە نەیویست لە ئێستاوە دڵیان تەنگ بکات. لەو کاتەدا، فەرمانێکی خوایی بۆ هات کە سەردانی خۆشەویستانی بکات لە گۆڕستانی (البقیع) و مژدەی هاتنی بۆ لایان، پێ بگەیێنێ!

لەو گۆڕستانە گەڕایەوە بۆ ماڵی ( عائشة)، کە بەیانی لێهاتەوە، ژانەسەر گرتی، بەڵام حەزی نەدەکرد کە بە ( عائشة)ی هاوسەری بڵێ ئەوە سەرەتای مەرگمە، بەڵکوو کە ئەو گوتی: ئاخ لە ژانی سەرم! ئەو پێی فەرموو: بەڵکوو من ئاخ لە ژانی سەرم! ئینجا ویستی گاڵتەی لەگەڵدا بکات و پێی فەرموو: دەزانی ( عائشة)! گەر پێش من بمری، قازانج دەکەی! چونکە هەر خۆم دەتشۆم و کفنت دەکەم ونوێژت بەسەردا دەکەم! ( عائشة) لەمەبەستەکەی تێنەگەیشت و پێی گوت: ئینجا یەکسەر یەکێ لە هاوسەرەکانت دەهێنیتە ماڵەکەم بۆ ئەوەی جێم بگرێ! پێغەمبەر (ﷺ) ویستی تێیبگەیێنێ کە وا چاکە، هاوسەر لاشەی مردووی هاوسەری بشوات، بەو ئاواتەوە بوو، کە (عائشە)و هاوسەرەکانی لاشەی بشۆن و خەڵکی تر لاشەی نەبینن، بەڵام ئەو

Remove Watermark Now

خەیاڵی بۆ بابەتێکی تر چوو، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بەو قسەیەی پێکەنی!

بەو ژانە سەرەوە، هاوسەرەکانی تری بەسەرکردەوەو پێش نوێژی بۆ موسڵمانان کرد، هەتا ژانەکە لێی زیاد بوو و وای لێهات نەیدەزانی ڕوو لە کام ماڵ بکات، هەستی کرد کە هێزی نەماوەو، بەڵکوو هەستی کرد کە مەرگی نزیکبۆتەوە، لەوە دەترسا کە لە دەرەوەی ماڵی (عائشة)دا بمرێ. مرۆڤ هەمیشە پێی خۆشە کە لە باوەشی خۆشەویستە نزیکەکانیدا، ماڵئاوایی لە دونیا بکات. لەلایەك (عائشة) خۆشەویسترین کەسی بوو، لەلایەکی تر پێغەمبەران لەو شوێنە دەنێژرێن کە لێی دەمرن، ئەویش دەیویست لەو ژوورەدا بمرێ و مەرقەدی لەوێ بێ، بۆ ئەوەی هەتا دونیا مابێ، چاوی لە موسڵمانان بێ، کە سەردانی مزگەوتەکەی دەکەن. بۆیە مۆڵەتی لە هاوسەرەکانی وەرگرت، کە لە ماڵی (عائشة) خزمەت بکرێ، دڵی نەهات پێیان بڵێ: مۆڵەتم بدەنێ با لە ماڵی ئەو بمرم!

لەگەڵ ئەو ژانەسەرەی، کەچی هەر خەم هەڵگری میللەتەکەی بوو، بۆیە ویستی بچێتە مزگەوت بۆ ئەوەی هاوەڵەکانی ببینێ و دوا ئامۆژگاریان بکات، بەڵام نەیتوانی هەڵسێ، بۆیە فەرمانی دا لە حەوت بیری ئاوی جیاجیادا، ئاوی بۆ کۆکەنەوەو بیکەن بەسەریدا، بەوەش کەمێك بووژایەوە و هێزی بۆ گەڕایەوە، بۆیە بەسەر بەستراوی، چووە سەر مینبەرو بەو خەڵکەی فەرموو: وەك جوولەکەو گاوران مەکەن،

Remove Watermark Now

نەفرەتی خوایان لەسەر بێ، گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کرد بە مزگەوت، نەکەن گۆڕم بکەن بە پەرستگا.

لەبەر ئەوەی دڵنیابوو کە بەرەو بارەگای خوا دەچێ، بە موسڵمانانی فەرموو: کێتان بە ناهەق لێمدابێ یان ستەمم لێکردبێ، ئێستا ئامادەم، با بێت مافی خۆیم لێ وەربگرێ! پاش نوێژی نیوەڕۆ، دیسانەوە چووە سەر مینبەرو فەرموی: ئاگادار بن، نەهێڵن دووبەرەکی بکەوێتە نێوانتان، لایەنگران ئەرکی خۆیان جێبەجێکرد، بەڵام هێشتا مافی خۆیان وەرنەگرتووە، ئەوەی حوکم دەکەوێتە دەستی، با ئاگاداریان بێ، پاداشتی چاکەکانیان بداتەوەو لە هەڵەکانیان خۆشبێ.

ئینجا لە ڕۆژی چوارشەمە، واتە پێنج ڕۆژ پێش وەفاتکردنی، ویستی تێیانبگەێنێ کە مەرگی نزیکبۆتەوە، بۆیە فەرموی: بەندەیەکی خوا، لە لایەن خواوە، دوو پێشنیاری خراوەتە بەردەم، دونیا، بە هەموو خۆشیەکانیەوە، یان ئەو پاداشتەی لای خوا بۆی دانراوە، ئەو بەندەیە دەستکەوتی لای خوای هەڵبژارد. دیارە موسڵمانان نەیانزانی کە مەبەستی مەرگی خۆیەتی، چونکە کە ئەبو بەکر گوتی: باوك و دایکمان بە قوربانت بێ ئەی پێغەمبەری خوا، ئەوان سەیریان بە قسەی ئەبو بەکر هاتەوە، نەیان درکان کە ئەبو بەکر لە مەبەستی پێغەمبەر (ﷺ) تێگەیشت.

هەروەها فەرموی: ئەبو بەکر براو خۆشەویستمە و نموونەی برادەری ڕاستەقینەمە، بەرامبەر چاکەکانی، ناتوانم پاداشتی بدەمەوە، بۆیە

Remove Watermark Now

پاداشتدانەوەیم بۆ خوا هەڵگرتووە. هەموو ئەو دەرگایانەی کە لەسەر مزگەوت دەکرێنەوە دەبێ دابخرێن، تەنیا دەرگای ئەبو بەکر نەبێ.

بەو ئازارەی جەستەی ، هەر بەردەوام بوو لەسەر ئامۆژگاریکردنیان، حەزی دەکرد رێگای ژیانیان لە پاش کۆچکردنی خۆی ڕوون و ئاشکرا بێ. بەڵام، لەبەر ئێش و ئازاری لەشی، نەیتوانی لەماڵەوە بێتە دەرەوە، بۆیە کە لە (عائشة)ی پرسی: موسڵمانان نوێژیان کرد؟ گوتی: نەخێر! فەرموی: بە جام، ئاو بکەن بە سەرمدا، چونکە ئەو سوور بوو لەسەر چوونە مزگەوت، هەموو ژیانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی مزگەوت و قۆڵکردنەوەی مانای خواناسین بۆ موسڵمانان بوو، بەڵام کە بینی ئەو سەرتەڕکردنەی هێزی ناداتێ و لە هۆش خۆی ئەچێ، فەرموی: بە ئەبو بەکر بڵێن با پێش نوێژیان بۆ بکات.

ڕۆژی جومعەو شەمە ئەبو بەکر بەردەوام بوو لە پێش نوێژیدا، بەڵام لە نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەمە، پێغەمبەر (ﷺ) هەستی کرد لەشی کەمێك سووك بووە، بۆیە بە یارمەتی، (علی) ئامۆزای و(العباس)ی مامی، چوو بۆ مزگەوت، بەڵام بینی وا ئەبو بەکر خەریکە پێش نوێژی بۆ موسڵمانان دەکات، ئەبو بەکر ویستی بکشێتەوە ، بەڵام پێغەمبەر ( ﷺ) ئاماژەی پێدا کە لە شوێنی خۆی نەجووڵێ، بەو دوو خزمەشی فەرموو: لە تەنیشتی دامبنیشێنن، بۆیە بە دانیشتنەوە پێشنوێژی دەکردو ئەبو بەکر دەنگی دەگەیاندە موسڵمانان، بەڵام زۆر بەزحمەت توانی ئەو دەنگە بگەێنێ یان تەنانەت ئەو نوێژە تەواو بکات. پێغەمبەری خوا

pdfelement

Remove Watermark Now

(ﷺ) هەموو پێکهاتەو دڵ ودەروونی ئەبو بەکری گرتبووە، گەر ڕۆژێك بە جەستە لەگەڵیا نەبوایە، بە دڵ و دەروونی هەر لای دەبوو، بە خۆشیەکانی تامی لە دونیا دەبینی و لە خەمدا هاوغەمی دەبوو، بۆیە ئەو ساتە لە ساتە دژوارەکانی ژیانی بوو، کە دەبینیٚ پێغەمبەر (ﷺ) توانای وەستانی نیە و بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات و دەنگی لاواز بووەو ناگاتە موسڵمانان. هەرچەندە بە پێوە وەستابوو، بەڵام لەگەڵ دیمەنی بیٚ توانایی پێغەمبەر (ﷺ) هەستی کرد هێزی دڵی داکەوتووەو غەم و پەژارە ناخی داگرتووە.

دواتر، پێغەمبەر (ﷺ) خزمەتکارە کۆیلەکانی خۆی ئازاد کردو ئەو حەوت دینارەی کە لای مابوو، کردی بە خێرو شمشێرەکەی بەخشیە موسڵمانێك، بەڵام قەڵغانەکەی لا نەمابوو، بەڵکوو لەبری بڕێك جۆ، لای جوولەکەیەك بە بارمتە دایابوو. بە (عائشە)ی فەرموو: چیت لەو زێڕە کرد؟ ئەویش زێڕەکەی بۆ هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) سەیرێکی زێرەکەی کردو پێی فەرموو: پێم نالێی چی بە خوا بڵێم گەر بەم پارچە زێڕەوە چوومە دیداری، بڕۆ هەمووی بکە بە خێر!

(عبداللە بن مسعود) لەگەڵ چەند هاوەڵێك، بۆ هەواڵ پرسین، سەریان لێدا، ئەویش (ﷺ) بەخێرهاتنی کردن و ئامۆژگاری کردن و فەرموی: داواتان لێدەکەم کە لە خوا بترسن و فەرمانەکانی پەیڕەو بکەن و داوا لە خوا دەکەم کە ئاگادارتان بیٚ، ستەمیش لە کەس مەکەن. (عبداللە بن مسعود) گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! دەبینم ئازاری نەخۆشیت زۆرە!

Remove Watermark Now

فەرموی: بەڵێ! ئێمەی پێغەمبەران، ئازارەکانمان دوو هێندەی ئازاری خەڵکی ئاساییە! ئەوەش لە بەرژەوەندی ئێمەیە، چونکە هەر موسڵمانێك تووشی ئازارێك ببێ، لە گیانی یان لە پارەی، خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی، گوناهەکانی وەك گەڵای دار هەڵدەوەرێنێ ، یان پلەی پێ بەرز دەکاتەوە!

بەڵام باری تەندروستی پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو خراپتر دەچوو، هەموو موسڵمانانی ناو مزگەوت و خەڵکی مەدینە، گەیشتنە قەناعەتێك کە هەواڵێکی دڵتەزێن لە ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) چاوەڕوان دەکرێ. ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) ناتوانێ بە پێوە ڕابوەستێ و لە ماڵیش دەرناچێ، ئەبو بەکریش لە باتی ئەو پێش نوێژی دەکات، بۆیە ورەیان بەرەو دابەزین دەچوو، تاقەتی هیچ شتێکی شیان نەمابوو، زۆربەی موسڵمانان یش نەدەگەڕانەوە ماڵەوەو لە ناوەوەو دەورووبەری مزگەوت، بۆ هەواڵ وەرگرتن کۆببوونەوە.

هاوسەرەکانی لە دەوری دانیشتبوون، خەمیان بۆ دەخوارد، بە تایبەتی (صفية)، کە لەبەر خراپی باری تەندروستی پێغەمبەر (ﷺ) زۆر خەمبار بوو، فرمێسك بە چاویدا ئەهاتە خوار ێ و ئەیگوت: گیانم بە قوربانت بێ، خۆزگە ئەم نەخۆشیەت بۆ من بوایە! یەك دوو هاوسەری، بەرامبەر وتەی ( صفية)، ویستیان شتێك بڵێن، بەڵام لەبەر باری تەندروستی پێغەمبەر (ﷺ)، تەنیا بە چاو ئیشارەتیان بۆ یەکتری کرد، پێغەمبەر (ﷺ) لە ئیشارەتی چاویان تێگەیشت، بۆیە پێیانی فەرموو:

Remove Watermark Now

داوای گەردن ئازادی لێبکەن! گوتیان: بۆ؟ فەرمووی: ئەو ئیشارەتی چاوە، بە غەیبەت دەژمێردرێ، سەیرشتان لێ نەیەت لەو قسەیەی کە کردی، قەسەم بە خوا ئەو وتەیە، ڕاستەو لە ناخی دڵیەوە دەرچووە!

(أسامة بن زید) و لەشکرەکەی، کە لەسەر فەرمانی پێغەمبەر (ﷺ) بە نیازبوو بەرەو ناوچەی ڕۆم بەڕێکەوێ، لە نزیك مەدینەدا جێگیر بوو، هەتا بزانن باری تەندروستی پێغەمبەر (ﷺ) بەرەو کوێوە دەچێ، چونکە لە بارێکی ناسکی وا دا، نابێ ئەو لەشکرە جارێ پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام جێبهێڵێ. (أسامة) زۆر بیری پێغەمبەر (ﷺ)ی دەکرد، بۆیە ئۆقرەی نەگرت و سەری لێدا. پێغەمبەر (ﷺ) کە (أسامة)ی بینی، زۆر دڵی پێی کرایەوە، نەیتوانی بیدوێنێ، بەڵام بە ئیشارەت، دەستی ڕووەو ئاسمان کردو ڕووەو (أسامة)ی کردەوە، ئەیویست بڵێ: خوایە! ئەم گەنجەم بۆ بپارێزەو سەرکەوتووی بکە! (أسامة) تێگەیشت کە دوعای بۆ ئەکات، ئەوەتا پێغەمبەر (ﷺ) لە سەرەمەرگیشدا، لە باوکی زیاتر، خەمی هەڵدەگرێ. ئەو دیمەنەی پێغەمبەر (ﷺ)، بە تایبەتی کە دەنگە خۆشەکەی دەرنەدەهات، دڵ و دەرونی (أسامة)ی غەمبار کرد، بۆیە خۆی پێ نەگیراو ژوورەکەی جێهێشت، بۆ ئەوەی فرمێسکی خۆی لە دەرەوە بڕێژێ!

خەڵکەکە،کە (أسامة) یان بینی لە ژووری پێغەمبەر (ﷺ) دێتە دەرێ، هەواڵی پێغەمبەر (ﷺ) یان لێ پرسی، ئەویش لەبەر گریان،

Remove Watermark Now

تەنیا سەری خۆی بادا، بۆ ئەوەی تێیانبگەیێنێ کە باری تەندروستی زۆر خراپەو قسەی پێ ناکرێ و مەرگ تەنگی پێ هەڵچنیوە!

(علی) و(العباس)یش سەریان لێدا، ئەوانیش زۆر خەفەتیان بۆ خوارد و زوو هاتنە دەرێ. (العباس) بە (علی) گوت: من شارەزای (بنی هاشم)م، مردن بە روویانەوە دەناسمەوە، بۆیە دەبێ ئەوە بزانی کە پێغەمبەر (ﷺ)، ئەوەندەی لە ژیاندا نەماوەو ئەم پاڵکەوتنەی، پاڵکەوتنی مردنە!

ئینجا دوادووشەمەی پێغەمبەر (ﷺ) هات...!

ئاخ لەو دووشەمەیە...!

ئەو ڕۆژە بوو، کە پێغەمبەر (ﷺ) دوا هەناسە پیرۆزەکەی بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە...

کاتەکە بەیانیە، موسڵمانان بە دڵێکی غەمبارەوە، بە دوای ئەبو بەکردا، نوێژی بەیانیان دەکرد، هەموو هۆشیان لای چارەنووسی پێغەمبەر (ﷺ) بوو، گوێیان لە دەنگی ئەبو بەکربوو، کە قورئانی دەخوێند، هەموو جارێك ئەم ئایەتانە بە دەنگە خۆشەکەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەخوێنرایەوە...

ئای پێغەمبەری خوا! چەند بیرت دەکەین...گیانمان بە قوربانت بێ...دەروونمان لە دووریت، وا سیس و لاواز بووە...هێزمان نەماوە درێژە بە ژیان بدەین...ئاواتمان نەماوە بۆی بژین، چاومان لە فرمێسك ڕشتن سواوە، تۆ بڵێی جارێکی تر چاومان بە بینینت ڕۆشن بێتەوە؟!

Remove Watermark Now

تۆ بلێی تەزووی ژیان، جارێکی تر، بە دەست خستنە ناو دەستت، یان بە بینینی سیمات، گیانمان ببووژێنێتەوە؟ تۆ بلێی جارێکی تر، ئەو پەردەیەی، کە ژووری ماڵەکەتی داپۆشیوە، بکرێتەوەو نووری ڕووخسارتی لێ هەڵبێتەوە؟!

لەو دڵتەنگیە بە دووریی لە خۆشەویستی خواو خۆشەویستی خۆیان، هەستیان کرد ئەو پەردەیەی ژووری پێغەمبەر (ﷺ)ی گرتبووە، جووڵەیەکی تێدەکەوێ، دڵیان خورپەی دا، هەر ئەوەندە لە ناو نوێژدا، بە تیلەی چاو سەیرێکی لای دەرگای ژوورەکەیان کرد، چاویان بە جوانترین دیمەنی دونیا کەوت، ئەو دیمەنەی کە لەمێژە چاوەڕوانی دەکەن، وا پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە بەر دەرگا، بەرامبەریان وەستاوە، بە زەردەخەنەو دڵخۆشیەوە، سەیریان ئەکا، ڕووی وەك مانگی چواردەیە، کە لە ئاسۆی ئاسمانەوە دەردەکەوێ، تاریکە شەوی پێ ڕووناك دەکاتەوە، ڕوویەکی سپی جوان و ڕووناك بەخش، لە خۆشیدا ڕۆح کرایەوە بەریان، ئەو دیمەنەی پێغەمبەر (ﷺ) خەریکبوو نوێژەکەیان تێکبدات، چونکە هەر هەموویان ویستیان بەرەو ڕووی بچن، بە تایبەتی ئەبو بەکر، کە ویستی جێی پێش نوێژی بۆ جێبهێڵێ، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) هێوری کردنەوەو بە ئیشارەتی دەستی پێیانی فەرموو: بەردەوام بن لە نوێژەکەتان! ئەو، تازە ئەو هێزەی نەماوە کە بێتە ناویان، ئەم چاوپێکەوتنە، چاوپێکەوتنی ماڵئاواییە! ئەو بۆ ئەوە هاتبوو پێیان بڵێ:

Remove Watermark Now

ئەی هاوەڵانم!

خواحافیزتان بێ!

خوا ئاگادارتان بێ!

ماوەیەکی خۆشمان پێکەوە بەسەربرد:

لە گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی خوا...

لە خوا پەرستی...

لە جەنگ وئاشتی...

لە خۆشی وناخۆشی...

خوا شاهیدە کە لە گەیاندنی پەیامی خوا درێغیم نەکردووە..

ئەرکی گەیاندنی پەیامی خوا بۆ جیهان کەوتۆتە سەر ئەستۆتان، ئەی هاوەڵانم!

pdfelement

ئەمەش دواساتمە لەگەڵتاندا...

بۆیە لە نووری ڕووخسارم، دواژەمی شیریناوی پێغەمبەرایەتی بنۆشن، بۆ ئەوەی درێژە بە ژیانتان بدات...

ئەو دیمەنەی ئەوان، کە لە نوێژدا بە ڕێك و پێکی، لەبەردەم خوای ئاسمان وەستاوبوون، مانای زۆری پێگەیاندو موژدەیەکی خۆشی پێ بەخشی، هەستی کرد ڕەنجی ئەو هەموو ساڵانەی بە زایە نەچووە، هەستی کرد کە ئەمانەی وا نوێژدەکەن، پەیامی خوا بۆ هەموو دونیا دەگەێنن و درێژە بە پەیامەکەی ئەدەن و بە هەموو گەلانی جیهانی ڕادەگەێنن! لەو دوا بینینەدا، لە ئایندەی ئیسلام دڵنیابوو، بۆیە ئەتوانێ

Remove Watermark Now

ئێستا بە ئارامی، ماڵئاوایی لە دونیا بکات و بەرەو خۆشەویستانی ئاسمان کۆچبکات!

ئەو دیمەنەی پێغەمبەر (ﷺ)، کە لە جاران ڕووگەشتر و تەندروستیتر بوو، موسڵمانانی دڵنیاکردەوە کە باری تەندروستی باش بووە، بۆیە دوای نوێژی بەیانی، هەندێکیان مزگەوتیان جێهێشت، تەنانەت ئەبو بەکریش سەری لێداو بینی تەندروستی باشتر بووە، بۆیە بڕیاری دا، بۆ ماوەیەکی کورت، سەر لە ماڵەوە بدات و دواتر بگەڕێتەوە. هەر هەموویان ئەو هەڵسانەی پێغەمبەر (ﷺ) بە چاکبوونەوە تێگەیشتن، نەیانزانی کە ئەوە ڕابوونی مەرگ بوو، چونکە ئەوەندەی پێنەچوو، لەسەر جێ ڕاکشاو هێزی جەستەی نەما!

(عائشة) ئایەتی قورئانی بەسەردا خوێندو فووی کردە ناو دەستی پێغەمبەر (ﷺ) وهەر بەدەستی ئەو بەسەر جەستەیدا هێنا، چونکە جارانیش پێغەمبەر (ﷺ)، کە یەکێك نەخۆش دەکەوت، پێیانی دەگوت وا بکەن، بەڵام (عائشة) هەر دەستی پێغەمبەر (ﷺ)ی بەکارهێنا، چونکە ئەیزانی کە دەستی ئەو لە دەستی خۆی پیرۆزترە.

(فاطمة)ی خۆشەویستی، کە چاوی بەو نارەحەتیەی باوکی (ﷺ)کەوت، گوتی: ئاخ لەو نارەحەتیەی کە تۆی تێدای، ئەی باوکی شیرینم! ئەویش بە دەنگێکی کز فەرمووی: خەم مەخۆ کچم! ئەمە دوا نارەحەتیمە! لەو ساتە ناسکەدا، پێغەمبەر (ﷺ) دەیویست نهێنی خۆی لای کەسێك ئاشکرا بکات، بەڵام ئەم کەسە دەبێ کێ بێ؟

pdfelement

Remove Watermark Now

یەکێ لە هاوەڵە نزیکەکانی...؟

یان یەکێ لە هاوسەرەکانی...؟

نەخێر...! لەو ساتەدا جوانترین دیمەنێك لە نێوان باوك وکچ خۆی نمایش دەکات!

ئەو نهێنیەی ساتی مەرگ، تەنیا بە ( فاطمة)ی کچی دەڵێ! چونکە دەیزانی چ کارەساتێکی دەروونی لە پاش کۆچکردنی بۆ کچەکەی جێدەهێڵێ!

لەو ساتەدا، پێغەمبەر (ﷺ) بانگی کرد و پێی فەرموو: وەرە نزیك بەرەوە، کچی ئازیزم، با ئەم شتەت پێ بڵێم: (جبریل) لەساڵێکدا جارێك، پێداچوونەوەی قورئانم لەگەڵدا دەکات، کەچی ئەم ساڵ دووجار پێداچوونەوەی لەگەڵدا کردم، پێدەچێ مەرگم نزیك بێ، ( فاطمة) بەو هەواڵە، دڵتەنگ بوو و دەستی بە گریان کرد، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) حەزی نەکرد لەو ساتە ناسکەدا دڵی کچە خۆشەویستەکەی نیگەران بکات، بۆیە جارێکی تر بانگی کردەوەو چرپانی بە گوێیداو فەرموی: دەبێ ئەوەش بزانی کە من بە سوودترین کەسێکم بۆ تۆ، شاژنەکانی بەهەشت پێنج ئافرەتن، موژدەت ئەدەمێ کە تۆ یەکێکیانی، هەروەها یەکەم کەسی لە بنەماڵەم، کە بە دوامدا دێی، ئەمجارە بەو قسانە دڵخۆش بوو و پێکەنی! سەیرە!! بە مردن دڵخۆش بوو، هەرچەندە سێ منالی ساوا، لە پاش خۆی، جێدەهێڵی، چونکە، بەو مردنە، بە دوای خۆشەویسترین کەسێکدا دەچێ، ئەویش پێغەمبەری خوایە (ﷺ)!

Remove Watermark Now

ئینجا (الحسن) و(الحسین)ی بانگ کردو ماچیکردن، هەروەها هاوسەرەکانی بانگ کرد و ئامۆژگاری کردن. کە ئازاری زیاتر بوو، بە (عائشة)ی فەرموو: ئەو پارچە گۆشتەی کە لە (خیبر)، لە دەست ئافرەتێکی جوولەکەم خوارد، هەست دەکەم ژەهرەکەی کارم تێ دەکات.

(عبد الرحمن بن أبی بکر) برای (عائشە) هات و سیواکێکی بەدەستەوە بوو، ( عائشة) بینی پێغەمبەر (ﷺ) سەیری سیواکەکە دەکات، پێی گوت: حەزت لە سیواك کردنە، پێغەمبەریش(ﷺ) سەری ڕازیبوونی بۆ جوڵاند، چونکە توانای قسەی نەمابوو! ئەویش سیواکەکەی لە براکەی وەرگرت ولە ناو دەمی خۆی تەڕی کرد، بۆ ئەوەی دەمی پێغەمبەر (ﷺ) بریندار نەبێ، چونکە داری سیواکەکە وشکبوو، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) ناو دەمی، بە جوانترین شێوە سیواك کرد. جار بە جاریش کە ئازاری مەرگی لێ زیاد ئەبوو، دەستی ئەخستە ناو جامێك ئاوەوە، کە لە تەنیشتی دانرابوو، و دەم و چاوی پێ ئەسڕی و ئەیفەرموو: بێجگەلە خوا، هیچ خوایەکی تر نیە، بەڕاستی مردن هۆشبەرە! خوایە لەسەر هۆشبردنی مردن یارمەتیدەرم بە!

پێغەمبەران لە کاتی سەرەمەرگدا، جێی بەهەشتیان پێ پیشان ئەدرێ، بۆیە (جبریل) هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و پێی فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا! سەیرێکی جێگەی خۆت لە بەهەشتدا بکە! ساتی جیابوونەوەی گیانت لە جەستەت هاتوە، ئەوەتا فریشتەی مردن لەگەڵ

Remove Watermark Now

هەزارەها فریشتەی میهرەبانی خوا، بۆ ئەم مەبەستە هاتوون، دیسانەوە خوا ئەم دوو پێشنیارەت پێشکەش دەکاتەوە، یان مانەوە لە دونیا، یان گەڕانەوە بۆ لای خواو گەیشتن بە بەهەشت و یارانی خوا! (عائشة) کە پێغەمبەر (ﷺ) سەری لەسەر ڕانی دانابوو، ئاگای لەو گفت گۆیە نەبوو، بەڵام ئەو پێشتر ئەیزانی کە پێغەمبەران نامرن، هەتا ئارەزوویان بە مانەوە یان کۆچکردن وەرنەگیرێ، بۆیە کە پێغەمبەر ( ﷺ) بڕیاری گەیشتن بە بارەگای خوای وەرگرت و فەرمووی: خوایە! یارانی ئاسمان! خوایە! یارانی ئاسمان! ئەو کاتە زانی کە پێغەمبەر ( ﷺ) ڕای وەرگیراوەو مردنی هەڵبژادووە. بەوەش ( عائشة) شڵەژا، بە تایبەتی کە بینی پێغەمبەر ( ﷺ) چاوی بەرەو بنمیچی ژوورەکە زەق کردووەو لێوەکانی بە شێنەیی دەجووڵان، بۆیە دەستی خستە ژێر ملی پێغەمبەر (ﷺ) و ویستی سەری بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانی بگرێ، گوێی لێبوو ئەیفەرموو:

لەگەڵ ئەوانەی میهرەبانیت بەسەردا ڕژاندون...

لە پێغەمبەران و...

ڕاستگۆیان و...

شەهیدان و...

چاکان...!

خوایە...!

لێم خۆشبەو...

pdfelement

Remove Watermark Now

میهرەبانیتم بەسەردا برژێنە...

خوایە...!

بمخەرە ریزی هاورێ و یارانی ئاسمانت...

ئاورێکی لەوانەی ناو ژوورەکەی دایەوەو فەرموی:

ئاگاتان لە نوێژ بێ...

ئاگاتان لە نوێژ بێ... !

لە خوا بترسن و ئاگاتان لە ئافرەتان بێ...!

ئینجا پەنجەی دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو بە دەنگێکی بەرزتر، دوا بڕیاری دووپاتکردەوەو فەرموی:

خوایە...!

لە ریزی یارانی ئاسمان...

لە ریزی یارانی ئاسمان...

لە ریزی... یارانی... ئاسمان...!

ئینجا دەنگی کپ بوو و...!

دەستی بەربووە و...!

چاوی لێکناو...!

هەناسەی وەستا...!

لەگەڵ دەرچوونی دواهەناسەی...

خۆشترین بۆنێك لە ژوورەکە بڵاوبووە...

pdfelement

Remove Watermark Now

لەگەڵ وەستانی هەناسەو کپبوونی دەنگی دوایین پێغەمبەری خوا (ﷺ)، گەردوون کپ بوو، تەنانەت لە مەزگەوتدا، بەرلەوەی کارەساتی مردنی پێغەمبەری خوا ( ﷺ) ئاشکرا بکرێ، هێمنیەك باڵی بەسەر موسڵماناندا کێشابوو، لە دەنگی قورئان خوێندن نەبێ، دەنگێك نە ئەبیسترا.

(عائشة) کە بینی پێغەمبەر( ﷺ) جووڵەو هەناسەی نەما، گومانی نەما کە پێغەمبەری خوا ( ﷺ) کۆچی دوایی کردووە، بۆیە دەنگی هاواری، دیواری ئەو بێ دەنگیەی ڕمان:

پێغەمبەری خوا مرد... پێغەمبەری خوا مرد...!

ئەو دەنگەی ( عائشة)، موسڵمانانی هەژاندو هەرایەك کەوتە ناو مزگەوتەکەوە، هەر کەسێك و بە لایەکدا چوو، نەیانزانی چیبکەن، ئەوان تەنیا لەم هەواڵە دەترسان و ئاواتەخوازبوون هەرگیز نەیبیستن، هەواڵە دڵتەزێنەکە گەیشتە عومەر، ئەویش بە پەلە گەیشتە مزگەوت ولێیانی پرسی: ئەوە کێبوو، هەواڵی مردنی پێغەمبەر ( ﷺ)ی هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) نەمردووە، پێغەمبەر ( ﷺ) وەکو (موسی) بەرەو ئاسمان چووەو ئەگەڕێتەوە، کە گەڕایەوە، ئەبێ دەست وپێی ئەوانە ببڕێ، کە پڕوپاگەندەی مردنی بۆ هەڵدەبەستن!

(علی) ئامۆزای، لە شوێنی خۆی حەپەسابوو...

(عثمان) قسەی پێ نەدەکرا...

(فاطمة)ی کچی ئەگریا و ئەیگوت:

pdfelement

ئەی ئەو باوکەم...کە فەرمانی خوای بە جێهێنا...

ئەی ئەو باوکەم...کە لە بەهەشتی خوا جێنیشین کرا...

ئەی ئەو باوکەم...کە پرسەی مردنی، بە (جبریل)مان دا...

ئەبو بەکر کە لە ماڵی خۆی گەڕایەوە، خۆی کرد بە ژووری ( عائشة)ی کچی و لە جەستەی پێغەمبەر (ﷺ) نزیکبووە، بینی خۆشەویستی ژیانی و هاوڕێی ڕێگای کۆچکردنی، بێ جووڵەو هەناسە، لەسەر جێ کەوتووە، بە فرمێسکەوە گوتی:

ئەی پێغەمبەری خوا!

ئەی خۆشەویستی خوا!

ئەو مردنەی کە خوا لەسەرتی نووسیبوو، چێشتت!

ئینجا ڕوومەتی ماچکردو گوتی: لە ژیان و مردنیشتدا، بۆنت زۆر خۆشە!

ئەبو بەکر گەڕایەوە لای موسڵمانان، بینی عومەر بەردەوامە لەسەر پەسەندنەکردنی هەواڵ مردنی پێغەمبەری خوا ( ﷺ)، بۆیە ئاگاداری کردەوە کە گوێی لێبگرێ، بەڵام ئەو، بە هەواڵی مردنی پێغەمبەر (ﷺ)، هۆشی لای خۆی نەمابوو، بۆیە ئەبو بەکر لە لایەکی تری مزگەوتەکە وەستاو، بە خەڵکەکەی گوت:

ئەی موسڵمانان...!

ئەی خەڵکینە...!

Remove Watermark Now

ئینجا خەڵکەکە، عومەریان جێهێشت و رویان کردە ئەبو بەکر، ئەیانویست یەکێك ڕاستیەکیان پێ بڵێ و ئەویش پێی ڕاگەیاندن و بە دەنگێکی خەمناك بە راشکاوی گوتی:

ئەی خەڵکینە!

ئەوەی پێشتر (محمد)ی ئەپەرست....

با بزانێ کە (محمد)... مرد...!

بەڵام ئەوەی خوای ئەپرست...

با باش بزانێ کە خوا هەمیشە زیندووەو هەرگیز نامرێ!

ئینجا ئەم ئایەتەی بۆ خوێندن:

﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِيْن مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ ﴾ (سورة آل عمران 144).

pdfelement

بەڵێ! (محمد) پێغەمبەرێکی خوا بوو، پەیامی خوای بە دونیا گەیاندو ڕۆیشت، ئەوەی لە پاش کۆچکردنی لە پەرستنی خوا پاشگەز بێتەوە، ئەوە زیان بە خوا ناگەیێنێ و تەنیا خۆی زەرەرمەند دەبێ، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەم پەیامەی خوا بەردەوام بێ، پاداشتی لای خوای گەورەیە.

عومەر و موسڵمانان کە گوێیان لەو ئایەتە بوو، سەیریان لێهات، ئەوە ئایەتی قورئانە، بەڵێ! ئایەتی قورئانەو باس لە مردنی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات! بەڵام وایان زانی کە ئەوە تەنیا ڕوونکردنەوەیەك بوو، بە بۆنەی پروپاگەندەی کوشتنی پێغەمبەر (ﷺ) لە جەنگی (ئوحود)دا، هەرگیز بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات، کە ڕۆژێك ببێتە ڕاستیەك و بە چاو ببینن!

Remove Watermark Now

دوای بیستنی ئەو ئایەتە، عومەر دڵنیابوو کە پێغەمبەر (ﷺ) مردووە، بۆیە خۆی پێ نەگیراو بە چۆکدا کەوت و نەیتوانی هەڵسێ! موسڵمانانیش بڵاوەیان لێکردو لە کۆڵانەکاندا، ئەم ئایەتەیان دەووتەوە، هەر ئەڵێی تازە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە!

لەو بۆنەیەدا زۆر شت گوترا، بەڵام لە هەموویان کاریگەرتر قسەی (أنس بن مالك)، خزمەتکارو هاوەڵی بوو، کە گوتی: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مەدینە تەشریفی فەرموو، هەموو شتێك ڕووناك بووە، بەڵام کە وەفاتی کرد، پەردەی تاریکی بەسەر مەدینەدا داهات!

بەرلەوەی پێغەمبەر (ﷺ) بنێژرێ، موسڵمانان پەیتا پەیتا، بە پیاو ئافرەت و منداڵەن، هاتنەماڵەکەی و نوێژیان لە سەردا کرد. بە هەزاران دڵۆپی فرمێسك ڕژا، سەدەها بیرو بیرۆکەو یادەوەری بەرامبەر جەستەی پیرۆزی سەریان هەڵدایەوە، چونکە هەر کەسێك و چیرۆکێکی خۆشی لەگەڵدا هەبوو، هەموو ژیانی بۆ خەڵك بوو، بۆیە هەموو کەسێك ئەمڕۆ، بە کۆچکردنی، غەمبار و خەفەتبارە. هەروەها هەستیان کرد، کە پاش کۆچکردنی پێغەمبەر (ﷺ)، ئەو دڵەی جارانیان نەماوە، چونکە خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ) و بوونی پێغەمبەر (ﷺ) لە ناویاندا، دڵیانی پێکەوە توند بەستبوو، بۆیە بە کۆچکردنی، ئەو پەیوەندیە کەمێك لاواز بوو.

موسڵمانان بە ئەرکی ناشتنی پێغەمبەر(ﷺ) هەڵسان، ئینجا (فاطمة)ی کچی و هەموو دونیا بە دوایدا، ئەو پرسیارەیان کرد: چۆن

Remove Watermark Now

هاوەڵان دڵیان هات خۆڵ بەسەر لاشەی پیرۆزترین مرۆڤێکدا بکەن؟ (بلال) کە یەکێك بوو لەوانەی پێغەمبەر(ﷺ)یان ناشت، نەیتوانی وەڵامی پرسیارەکەی ( فاطمة) بداتەوە، هەر ئەوەندەی پێکرا بڵێ: تکات لێ دەکەم ئەی کچی خۆشەویسترین خەڵکی خوا! لێگەڕێ با ئەو کارەساتەمان، واتە ناشتنی پێغەمبەر( ﷺ)مان، لە بیر بچێتەوە، لێم مەپرسەو برینم مەکولێنەرەوە، با هەر ڕۆژە خۆشەکانی لەگەڵماندا لە یاد بمێنێ!

موسڵمانان بە دڵێکی غەمبارو خەفەتبارەوە، بەرەو ماڵی خۆیان چوون، بەڵام کێ لەو ڕۆژەدا، دەتوانێ ئۆقرەبگرێ، چونکە کە هیوات لە دونیا بڕاو، کە زەردەخەنەو پێکەنین لەسەر لێوت وشك بوو، یان کە دڵت گیراو فرمێسك ناو چاوتی پڕکرد، ئیتر چۆن دڵت بە دونیا خۆش دەبێ؟ پێغەمبەر(ﷺ) هەموو ئاوات و خۆشییان بوو، کە کۆچی دوایی کرد، تەنیا ئاواتێکیان مایەوە، ئەویش شوێنەکەوتنی ڕێگای ژیانی بوو، بەو هیوایەی کە لە دواڕۆژدا جارێکی تر لە بەهەشتی خوادا، بە بینینی، شادببنەوە. دیارە ئەمڕۆ لە فەرموودەی پێغەمبەر( ﷺ) تێدەگەن کە دەیفەرموو: ئەگەر بەهای دونیا لای خوا بە قەدەر بەهای باڵی مێشوولەیەك بوایە، قومێك ئاوی نەدەدایە کافرێك، ئەوەتا ئەمڕۆ بە تەواوەتی، پاش کۆچکردنی ئەو زاتە پیرۆزە، تێدەگەن کە بەهای دونیا بێ پێغەمبەر(ﷺ) لە باڵی مێشوولەیەکیش کەمترە!

Remove Watermark Now

ئەو شەوو ڕۆژەیان زۆر بە زەحمەت بردەسەر، بەڵکوو ئەو شەوە، درێژترین شەوێك بوو لە ژیانیاندا. (بلال)، بۆ نوێژی بەیانی، بانگی دا، بەڵام کە گەیشتە (أشهد ان محمدا رسول الله)، خۆی پێ نەگیراو فرمێسك قورگی گرت، تومەز موسڵمانان، کە ئەو شەوە خەویان لێنەکەوتبوو، گوێیان بۆ بانگەکەی (بلال) شل کردبوو، لەو خەیاڵە خۆشەدا بوون، کە پێغەمبەر(ﷺ) وەك جاری جاران، لە مزگەوت چاوەڕێیان دەکات، بەڵام گریانی (بلال) لەو خەونە خۆشەی دەرکردن و هەر هەموو خەڵکی مەدینە، بە پیاو ئافرەت و منداڵەوە، دەنگی گریانیان ئاسۆی ئاسمانی هەژاند!

سڵاوی خوات لێبێ ئەی پێغەمبەری خوا محمد...

کە لە دایکبوویت و...

کە وەفاتت فەرموو و...

کە لە رۆژی دواییدا زیندوو دەکرێیتەوە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# چەپکێک

# لە فەرموودەکانی پێغەمبەر محمد (ﷺ)

هەزارەها وشەو ڕێنمایی و فەرموودە، ژمارەیەکی بێ شوماری هەڵوێست و ڕەوشت و هەڵسوکەوت لە پێغەمبەرەوە بۆمان بەجێماوە، دواکەوتنی مایەی بەختەوەری دەروونی و بنیاتنای کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وزانستیەو، خۆشی لەزەت لە ژیان بە دوای خۆی دێنێ.

لەم بەشەدا، تەنیا چەند فەرموودەیەك، وەك نموونە، دەخەینە بەرچاو:

pdfelement

### سنوورەکانی خوا بپارێزە...دەتپارێزی

عن ابن عباس، قال :كنت خلف النبِي (ﷺ) يوماً فقال:

**ياغلام...!**

**اني اعلمك كلمات...**

**احفظ الله يحفظك...**

**احفظ الله تجده تجاهك...**

**اذا سألت فاسأل الله...**

**واذا استعنت فاستعن بالله...**

Remove Watermark Now

**واعلم ان الامة لو اجتمعت على ان ينفعوك بشيء، لم ينفعوك الا بشيءٍ قد كتبه الله لك...**

**وان اجتمعوا على ان يضروك بشيءٍ، لم يضروك الا بشيء قد كتبه الله عليك...**

**رُفعتِ الاقلامُ وجفت الصحف!**[1]

فەرمایشتێکی زۆر بەنرخەو پەیوەندی بە ناوەڕۆکی عقیدەی باوەڕ بە خواو بە قەدەری خواوە هەیە. پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا چەند خاڵێك دەخاتە روو:

یەکەم: هاوکێشەیەك دادەڕێژێ کە تیایدا ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەگەر فەرمانی خوا بپارێزی و رەزامەندی رابگری، خواش دەتپارێزێ، جەستەت دەپارێزێ و کردارو رەفتارەت دەپارێزێ، واتە لێناگەڕێ زۆر بکەویتە هەڵەوەو دەستت دەگرێ ورێت پیشان دەدات ولە تەنگانەدا فریات دەکەوێ، گەر رەزامەندی خوا رابگری وفەرمانی بپارێزی، هەمیشە خوات لەبەر چاو دەبێ، هەست دەکەی هەمیشە لەگەڵتدایەو لەم گەردوونەدا بەتەنیا نیت ودڵت بە بوونی ئارام دەبێ ولە هەموو بڕیار وەرگرتندا تووشی دڵەڕاوکێ نابێ.

دووەم: پێغەمبەر (ﷺ) رێنماییمان دەکات کە ئەگەر ویستمان داوای پاڵپشتی لە هەر ئیشێك بکەین، یەکەم جار لە خوای داوای بکەین، لێی داوا بکەین کە ئیشەکەمان بۆ ئاسان بکات ورێی راستمان پێ پیشان

---

[1] أخرجه الترمذي كتاب: صفة القيامة، باب، (2516) والإمام أحمد- عن عبدالله بن عباس، ج1/ص293، (2669).

Remove Watermark Now

بدات، ئەنجا هەمیشە چاومان لە هێزی ئەو بێ لە جێبەجێکردنی کارەکە. ئەوەش لەو باوەڕ بە خوا هەڵدەقوڵێ کە کاروباری دونیای بەدەستەو هەمیشە قازانجی ئێمەی دەوێ، هەموو کەسێك کە یارمەتیمان دەدات بەرژەوەندی خۆی ( بەرژەوەندی دونیا یان ئاخیرەت) دەوێ، بەڵام خوای پەروەردگار تەنیا بەرژەوەندی ئێمەی دەوێ، چونکە پێویستی بە ئێمە نیە.

سێهەم: ڕاستیەکی گرنگمان پێ پیشان دەدات، ئەگەر هاتوو هەموو دونیا کۆببێتەوە لەسەر قازانج گەیاندن پێمان، هەر ئەو قازانجەمان پێ دەدەن کە خوا نووسیوێتی. هەروەها هیچ زیانێکمان پێ ناگەێنن، تەنیا ئەو زیانەی کە خوا نووسیوێتی. بەوەش هەموو پەتێك دەپچڕێنێ کە دڵمان بە غەیری ئەو دەبەستێ، بۆ ئەوەی هەمیشە دڵمان بە هێزو بوونی ئەو ببەستین. ئەنجامی گرنگی ئەو باوەڕەش ئەوەیە کە چیتر نابێ نە لە رزق بڕین ونە لە مردن وکوشتن بترسین، جونکە هەمووی بە فەرمان وبڕیارو ڕەزامەندی خوایە، بۆیە دەبێ بڕیارەکانمان لە دونیادا بە سەربەستیەکی تەواو بێ، بێ ئەوەی لە غەیری خوا بترسین گیانمان لە دەست بدات یان زیانمان پێ بگەێنێ یاخود قازانجمان پێ ببەخشێ.

چوارەم: هەرچی ڕووداوێك، کە لەم دونیایە ڕوو دەدات، هەتا ڕۆژی قیامەت، لەلایەن خوای پەروەردگارەوە بڕیاری لەسەر وەرگیراوەو نووسراوە، بەرلەوەی ئادەمیزاد پێ بنێتە سەر زەوی. ئەم زانیاریە لەلایەك گۆشەگیرمان ناکات گەر هاتوو ئەنجامەکان بە دڵمان نەبوو،

pdfelement

Remove Watermark Now

چونکە لەوەو پێش لەلایەن خواوە نووسراوەو هەوڵ دەدەین کاری تری بۆ بکەین و کۆڵ نەدەین بۆ دەست کەوتنی ئەنجامی باشتر، لەلایەکی ترەوە تووشی فیزو لە خۆباییبوون نابین ئەگەر هاتوو ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی خۆمان بوو، چونکە سەرچاوەکەی هەر تەنیا خوایە. لە هەمان کاتیشدا، هەتا کارەکانمان تەواو نەکەین، سەیری قەدەری خوا ناکەین، لەبەر ئەوەی نازانین چی لە دەفتەری قەدەر نووسراوە.
ئەنجامی ئەم باوەڕە ئارامی دڵەو هەوڵی بەردەوامە بۆ دەستکەوتنی ئەنجامی باشتر.

## نزیکبوونەوە لە خوا

pdfelement

قال رسول الله (ﷺ):

**إن الله تعالى قال: من عادى لي ولياً فقد آذنته بالحرب!**
**وماتقرَّب اليَّ عبدي بشيء أحبَّ إليَّ مما افترضته عليه...**
**ومايزال العبد يتقربُ إليَّ بالنوافل حتى أحبَّهُ...**
**فاذا أحببته...**
**كنتُ سمعه الذي يسمع به...**
**وبصره الذي يبصر به...**
**ويده التي يبطش بها...**
**ورجلَه التي يمشي بها...**

Remove Watermark Now

**وإن سألني أعطيته...**

**ولئن استعاذني لأعيذنَّه...**

**وماترددتُ عن شيءٍ أنا فاعله ترددي عن نفس المؤمن، يكره الموتَ وأنا أكره مساءته!** (رواه البخاري)

فەرموودەیەکی زۆر بەنرخە، کە تیایدا خوای گەورە دەستوورێك بۆ پەیوەندی لە نیوان ئادەمیزادو خوای پەروەردگار دادەنێت، ئەمانەش دەقەکانێتی:

یەکەم: خوای گەورە پەنای خۆی بۆ بەندەکانی پیشان دەدات، دەفەرموێ دوژمنایەتی هەر بەندەیەکم دوژمنایەتی من دەگەێنێ، ئەوەی شەڕ بە بەندەیەکم بفرۆشێ، شەڕ لەگەڵ من رائەگەێنێ! ئەوەش هەستی سەربەرزی لای بەندەکانی خوا دروست دەکات، چونکە دەبینن خوای ئەرزو ئاسمان لەسەریان دەکاتەوەو پاڵپشتیان دەبێ، ئەوەش وایان لێدەکات کە ئەگەر دوژمنایەتیەکیان لەسەر کرا، نەشلەژێن و تێکنەچن وهەوڵی خۆیان بە هێمنی بدەن بۆ بەرەنگاری ئەو دوژمنایەتیە، بێ ئەوەی سنووری دادپەروەری ببەزێنن.

دووەم: خوای گەورە دەفەرمووێ: خۆشەویسترین شتێك کە بەندەم بەهۆیەوە خۆی لە من نزیکبکاتەوە، ئەو شتانەیە کە فەرزم کردووە لەسەری، وەك نوێژی پێنج فەرزەو رۆژووی رەمەزان و زکات وحەج بۆ ئەوانەی کە بیانگرێتەوە، هەروەها زوڵم نەکردن لە خەڵکی.

Remove Watermark Now

ئەگەر هاتوو ئەمانەی کرد، نزیکبوونەوەو ڕەزامەندی خوا مسۆگەر دەکات.

سێهەم: بەندەم بۆی هەیە زیاتر لێم نزیکببێتەوە، بە جێبەجێکردنی ئەو کارانەی کە فەرز نیە لەسەری، وەك نوێژی سوونەتەکان، یان ڕۆژوی غەیری ڕەمەزان، یان خێرکردن، یان عمرەکردن، یان درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ خەڵکی، کە بەردەوام دەبێ لەسەر ئەو کارانە، خۆشم دەوێ، کە خۆشم ویست، هێز دەدەمە ئەندامەکانی لەشی و، ئەگەر پەنای بۆ بردم، ئەیەخەمە پەنام و هەموو داواکارەیەکانی دەهێنمە دی.

چوارەم: لەو هەموو شتانەی کە بەسەر مرۆڤی باوەڕداردا سەپاندوومە، تەنیا مردن بەلامەوە ناخۆش بووە، ئەو مردنی پێناخۆشە و منیش پێم ناخۆشە ئازاری بدەم!

pdfelement

## بەهای دایك

**قال رجل: یارسول الله! من أحق الناس بحسن صحابتي؟ قال: أمك، قال: ثم من؟ قال: أمك، قال: ثم من؟ قال: أمك، قال: ثم من؟ قال: أبوك. (رواه مسلم)**

واتە: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا: کێ خزمەتکردنی فەرزترە؟ فەرموی (ﷺ): دایکت، گوتی: دواتر کێ؟ فەرموی: دایکت، گوتی: دواتر کێ؟ فەرموی: دایکت؟، گوتی: دواتر؟ فەرموی: باوکت!

Remove Watermark Now

بەداخەوە هەندێ لە موسڵمانان، بە تایبەتی گەنجان، ئامادەن لە پێناوی ڕەزامەندی خوا گیانی خۆیان بەخت بکەن، بەڵام کە کار بگاتە خزمەتکردنی دایك یان باوکیان فەرامۆشیان دەکەن، ناشزانن کە لە زۆر بۆنەدا پێغەمبەر (ﷺ)خەزمەتکردنی دایك وباوك، بە تایبەتی لە کاتی بەساڵاچوونیان، لە جەنگ کردن لە پێناوی خوا فەرزتر کردووە.

لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر (ﷺ) ئاماژە بە هاوەڵێتی ئەدا لە نێوان رۆڵەو دایك وباوکدا، واتە ئەوەندە لێ نزیکببێتەوە، وەك هاوڕێی دڵسۆزی لێبکات ونەك تەنیا خزمەتی بکات و نان وئاوی بکات بە دەما، بەڵکوو وەك هاوەڵ بیدوێنێ ودڵی خۆشکات و ئەگەر چاوی کز بوو و حەزی لە خوێندنەوە بوو، شتی بۆ بخوێنێ، یان لە ماڵ بۆ بینیی دەرەوە بیگێڕێ. ئەوەی لە دونیادا، بە تایبەتی ئافرەتان، باوکی یان دایکی، گەیشتە تەمەنێك پێویستی پێ بوو، دەبێ ئەرکی خزمەتکردنیان بە پەیامێکی گرنگی ژیانی تێبگات، کە لە پەیامی خزمەتکردنی هاوسەرو خێزان گرنگترە.

## هەژاری ڕاستەقینە

عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ : " هَلْ تَدْرُونَ مَنِ الْمُفْلِس ؟ " قَالُوا : يَا رَسُولَ اللَّهِ الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لا دَرَاهِمَ لَهُ وَلا مَتاع . قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): " الْمُفْلِسُ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصِيَامٍ وَصَلاةٍ وَصَدَقَةٍ ، وَيَأْتِي قَدْ ظَلَمَ هَذَا ، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا ، وَضَرَبَ هَذَا ، وَشَتَمَ هَذَا ، فَيَقْعُدُ ،

Remove Watermark Now

فَيَقْتَصُّ هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ قَبْلَ أَنْ يَقْضِيَ الَّذِي عَلَيْهِ مِنَ الْخَطَايَا أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحْنَ عَلَيْهِ ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ "﴾ أخرجه مسلم واللفظ للترمذي ، وقَالَ : حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ ﴾

واتە نوێژو ڕۆژو خێرکردن نیشانەی ئیسلامەتیەو هەنگاوێکە بەرەو ڕەزامەندی خواو گەیشتن بە بەهەشت، بەڵام ئەو ئاواتە مسۆگەر نابێ گەر ڕەوشتی کۆمەڵایەتی خاوەنەکەی باش نەبێت وهەمیشە ئازاری دەروونی وجەستەیی ودارایی خەڵکی دابێ. گرنگترین هۆی پاشگەزبوونەوەی جیهانی ئیسلامی لەو پلەو پایە بەرزەی جارانی، جیابوونەوەی ڕەوتی عیبادەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەورروبەردا بوو. بۆیە ئەم فەرموودەیەو چەندەها فەرموودەی تر ئاگاداری موسڵمانان دەکاتەوە کە هەموو ئیشەکانی ئادەمیزاد لە دوارۆژدا هاوسەنگ دەکرێت ولە کارەچاکەکانی خەڵکی قەرەبوو دەکرێتەوە بەشێوەیەك لەوانەیە لە ئەنجامدا هیچی بۆ نەمێنێتەوەو دۆززەخ چارەنووسی بێ، تەنانەت لەوانەیە یەك وشەی خراپ خاوەنەکەی بەرەو دۆڵەکانی دۆزەخ بەرێ، هەر چۆن وشەی جوان دەرگای بەهەشت بۆ خاوەنەکەی دەکاتەوە. ئەو فەرموودانە لە ڕوانگەی ئایەتەکانی قورئان هەڵقوڵاوە، ئەوەتا قورئان لە ئایەتێکدا دەفەرموێ: تەنیا پێشکەشکردنی وشەیەکی جوان کە دڵی بەرامبەری پێ خۆشکەی لەوە باشترە کە هاریکاری دارایی بکەی ولە هەمان کاتدا ئازاری دڵی بدەیتەوە. زانایەکی موسڵمان لەو بارەیەوە وتەیەکی جوانی هەیە و دەڵێ( گەر نەتوانی وەك مرۆڤێکی باش بژی، ناتوانی وەك موسڵمانێکی باش بژی) واتە ڕەوشی مرۆڤایەتی لەگەڵ هێڵی

Remove Watermark Now

ئیسلامەتیدا تەریب وکۆکە و جیاوازیەکان تەنیا نیەتە، واتە کێ ئیشەکە دەکەی.

پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەو هاوشێوەکانی، ئەوەمان پیشان دەدات کە ئیسلام ئاین وبەرنامەیەکی کۆمەلآیەتیەو پەیوەندی نێوان موسلمانان بتەو دەکات، بەوەش دەولەتێکی بەهێزی لێ دروست دەبێ.

## خێرکردن

**عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ ، قَالَ : بَيْنَمَا نَحْنُ فِي سَفَرٍ مَعَ النَّبِيِّ (ﷺ) ، إِذْ جَاءَ رَجُلٌ عَلَى رَاحِلَةٍ لَهُ ، قَالَ : فَجَعَلَ يَصْرِفُ بَصَرَهُ يَمِينًا وَشِمَالًا ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): " مَنْ كَانَ مَعَهُ فَضْلُ ظَهْرٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا ظَهْرَ لَهُ ، وَمَنْ كَانَ لَهُ فَضْلٌ مِنْ زَادٍ فَلْيَعُدْ بِهِ عَلَى مَنْ لَا زَادَ لَهُ " ، قَالَ : فَذَكَرَ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ مَا ذَكَرَ حَتَّى رَأَيْنَا أَنَّهُ لَا حَقَّ لِأَحَدٍ مِنَّا فِي فَضْلٍ .** رواه مسلم **3264**

من نازانم پاش ئەم فەرموودەیە، چۆن کۆمۆنیستەکان وسۆشیالیستەکان شانازی بەو ڕێبازەی سەرکردەکانیان دەکەن کە داوادەکات شورشێك دژی سەرمایەداران و بۆرجوازیەکان بکرێ بۆ ئەوەی زیادەپارەکانیان لێبسەنرێ و بدرێتە هەژاران، ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) پێش هەزار وچوارسەد سالٚ وزیاتریش داوا لە موسلمانەکان بە گشتی دەکات کە هەرچی شتی زیاد لە پێویستی خۆیان پێشکەش بە هەژاران بکەن، هەتا گەیشتنە ئەو ئاستەی کە هەست بکەن کە هیچ مافیەکیان لەو زیادەیە نیە، بەلکوو مافی هەژارە ! تۆ بلێی دوای ئەنجامدانی دەقی ئەم فەرموودەیە، هەژار یان دەست کورت بمێنێ،

Remove Watermark Now

ئەنجا وەرە بڕوانە جیهانی ئەم سەردەمە و ژمارەی ئەو هەژارانە، بەڵکوو ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی برسیتیەوە رۆژانە دەمرن، لە لایەکی ترەوە ئەو هەموو خواردنە زیادانە کە رۆژانە فڕێدەدرێ. ئەم فەرموودەیە و هاو چەشنەکانی وای کرد کە لە سەردەمی خەلافەتی (عمر بن عبد العزيز) پارە و زێڕ بۆ خەڵکی هەژار هەڵبڕێژرێ وکەسیان دەست نەکەوێ وەریبگرێ، ئەوەش یەکەم جارە لە مێژوودا کە هەژاری نەمێنێ، بەڵکوو یەکەم جارە لە مێژوودا کە خەڵکی چاوو دڵی تێر بێ، لەوەش زیاتر ئەوەیە کاتێ کەسیان دەست نەکەوت پارەکەیان لێ وەربگرێ، فەرمانی دا کە بەو پارەیە گەنم بکڕدرێ وفڕێدرێتە سەر شاخ ودۆڵەکاندا بۆ ئەوەی کەس نەڵێ کوترو باڵندەی برسی لە وڵاتی موسڵماناندا هەیە !

pdfelement

## زیادەڕەوی

عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، قَالَ : " إِنَّ هَذَا الدِّينَ مَتِينٌ ، فَأَوْغِلْ فِيهِ بِرِفْقٍ ، وَلا تُبَغِّضْ إِلَى نَفْسِكَ عِبَادَةَ اللَّهِ ، فَإِنَّ الْمُنْبَتَّ لا أَرْضًا قَطَعَ وَلا ظَهْرًا أَبْقَى " (السنن الكبرى للبيهقي).

لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری موسڵمانان دەکات کە زیادەڕەوی لە عیبادەت نەکەن، واتە بە پێی توانای خۆیان خوا بپەرستن، زۆریش لە خۆیان نەکەن بە بەردەوامی لەسەر یەك شێوە عیبادات بکەن، چونکە دڵ وەك جەستە تاقەتی دەچێ. ئەم ئاینە قووڵە، واتە بواری رەخسانووە بۆ ئاستی جیاجیادا کاری خۆیانی تێبکەن

Remove Watermark Now

وەهەوڵی خۆیان بەردەوام بکەن بۆ گەیشتن بە ڕەزامەندی خوا، بەڵام دەبێ هەنگاو بە هەنگاو بۆی بچین، بە پێی تواناو ئاستی جەستەیی ودەروونی. بۆ نموونە ئەگەر ئارەزووت هەبوو لە غەیری ڕەمەزاندا بەڕۆژوو بی، مەچۆ لەبەر خۆشەویستی خوا هەموو ڕۆژێك بەڕۆژوو بی، بەڵکوو یەکەم جار لە مانگێکدا سێ ڕۆژ بەرۆژوو بە هەتا ماوەیەك کە جەستە و دەروونت رادێن لەسەری، دواتر ئەتوانی هەموو دوو شەمەو پێنج شەمەیەك بەڕۆژوو بی، هەتا رادێیت، ئەگەر دوای ماوەیەکی زۆر هەستت کرد ئارەزووت هەیە ڕۆژانی ڕۆژوو زیاد بکەی، ئەو کاتە دەتوانی ڕۆژنارۆ بەڕۆژوو بی، بەڵام لەوە زیاتر ناکرێ ڕۆژووی بەردەوام بگری، چونکە خەڵکی تر هەیە کە لەگەڵیاندا دەژی و پێویستیان پێتە کە بەڕۆژوو نەبی، هەروەها لەوانەیە کاری سیلبی بکاتە سەر هێزو تواناو کارکردنت، بۆیە سنوورێکی کۆتاییت بۆ دانراوە نابێ تێیپەڕێنیت. چەندەها نموونەمان دیوە لە ژیانماندا کە لەو سنوورانە دەرچوون وزیادەڕەوییان کردووە لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی ئیسلام ولە کۆتاییدا لە هەموو دەقەکانی ئیسلام پاشگەزبوونەتەوە. چەندەها کەسمان دیوە لەبەر زیادەڕەوی لە جل وبەرگ، کەس وکارو دایك وباوکی فەرامۆش کردووە، بەڵکوو لێیان یاخیبووە، بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) لەم فەرموودەیەدا دەفەرموێ: ئەوەی باری قورس بخاتە سەرشانی، نە پشتی ساغی دەمێنێ و نە ئەگاتە ئەنجامی خۆی لەو سەفەرەدا. ئەو توند ڕەویەی لە جیهانی ئیسلامدا دەبینین، کە هەندێکیان کارەساتی

Remove Watermark Now

گەورەی بۆ هێناوین، لە ئەنجامی زیادەڕەوییە لە کاری ئیسلامیدا، کە چەندەها خوێنی بی گوناهی تیا ڕژاو داهاتی ولاّتی تیا چوو.

## کامەی ئاسانە

عَنْ عَائِشَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ ، أَنَّهَا قَالَتْ : " مَا خُيِّرَ بَيْنَ أَمْرَيْنِ إِلا اخْتَارَ أَيْسَرَهُمَا مَا لَمْ يَكُنْ إِثْمًا ، فَإِنْ كَانَ إِثْمًا كَانَ أَبْعَدَ النَّاسِ عَنْهُ ، وَمَا انْتَقَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) لِنَفْسِهِ إِلا أَنْ تُنْتَهَكَ حُرْمَةُ اللَّهِ فَيَنْتَقِمُ لِلَّهِ بِهَا"( أخرجه البخاري ومسلم والترمذي)

بنەمایەکی گرنگی کارکردن، ئەگەر دوو کاری لەبەردەم بوایە، کامەی ئاسانترە ئەوەیانی هەڵدەبژارد، بەمەرجێك حەرام نەبوایە، هەرگیزیش تۆڵەی بۆ خۆی نەدەسەند، بەلاّم ئەگەر سنوورەکانی خوا ببزێندرێ، تۆڵەی بۆ خوا دەسەند. واتە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خۆی هەڵوێستی وەرنەدەگرت، بەڵکوو تەنیا بۆ ڕەزامەندی خوا هەڵوێستی وەردەگرت. زۆر کەس ئەو جۆرە هەڵوێستە بە لاوازی تێدەگەن، بەلاّم خۆفرامۆشکردن ئەوپەڕی سەربەرزی و بتەوییە.

## گەڕانەوە بۆ خوا

قال رسول الله (ﷺ): (لله أشد فرحاً بتوبة عبده حين يتوب إليه مِنْ أحدكم كان عَلَى راحلته بأرض فلاة فانفلتت مِنْه وعليها طعامه وشرابه، فأيس منها فأتى شجرة فاضطجع في ظلها قد أيس مِنْ راحلته، فبينما هو

pdfelement

Remove Watermark Now

كذلك إذ هو بها قائمة عنده، فأخذ بخطامها ثم قال مِنْ شدة الفرح: اللَّهم أنت عبدي وأنا ربك، أخطأ مِنْ شدة الفرح! (البخاري ومسلم)

ڕێخۆشكردنه بۆ ئادەمیزاد بۆ گەڕانەوە بۆ خواو چاندنی هیوا له دڵ ودەروونی خەڵكیدا گەر هاتوو كەوتنه هەڵەوە، چونكه خوای گەورە خۆی ئادەمیزادی دروست كردووە و وردەكاری پێكهاتەی دەزانی ودەزانی خاڵی لاوازی زۆرە، بۆیه دەبێ بواری هەڵسانەوەو پەشیمانی لەو گوناهانەی بۆ بڕەخسێنێ، ئەگینا دەبێته دیلی بێ هیوایی، كه دەرئەنجامەكەی بۆ دەروونی ترسناكه. سیفەتی مرۆڤ هەڵەكردن وشت لەبیرچوونه، دەبێ ئەوەش بزانێ كه خوایەكی هەیه دان بەو سیفەتەی دەهێنێ و هەمیشه ئامادەیه لێیخۆشبێ وپەسەندیكاتەوە ئەگەر هاتوو گەڕایەوە بۆ لای، بەڵكوو خوا خۆی فەرموویەتی كه هەموو ئادەمیزادێك هەڵەدەكات وباشترین خاوەن هەڵه ئەو كەسەیه كه پەشیمان دەبێتەوە له هەڵەكانی.

## دەستنیشانكردنی چاكه وخراپه

وعن وابِصَةَ بن مَعْبَدٍ رَضِي اللهُ عَنْهُ قالَ: أتيتُ رسولَ اللهِ (ﷺ) فَقالَ: جِئْتَ تَسْأَلُ عَنِ الْبِرِّ؟ قُلْتُ: نَعَمْ، قالَ: استَفْتِ قَلْبَكَ" الْبِرُّ مَا اطْمَأَنَّتْ إِلَيْهِ النَّفْسُ وَاطْمَأَنَّ إِلَيْهِ الْقَلْبُ، وَالإِثْمُ مَا حَاكَ فِي النَّفْسِ وَتَرَدَّدَ فِي الصَّدْرِ وَإِنْ أَفْتَاكَ النَّاسُ وَأَفْتَوْكَ . حَديثٌ حَسَنٌ في مُسْنَدَي الإمامَيْنِ أحمدَ بن حَنْبَلٍ

Remove Watermark Now

والدَّارِمِيِّ. (اخرجه الإمام أحمد في المسند ( 228/4) والدارمي ( 245/2-246) وأبو يعلى (1857،1586))

ئیشی چاكه‌ كه‌ خوای په‌روه‌ردگار لێی رازیه‌ ئه‌و ئیشه‌یه‌ كه‌ دڵ پێی ئارام ده‌بێ، به‌ پێچه‌وانه‌ی ئیشی خراپ، كه‌ دڵ پێی ده‌وروژرێ و تێك ده‌چی وئارامی لێ ده‌برِێ، بۆیه‌ بۆ هه‌ر ئیشێك ده‌توانی راپرسی له‌ دڵت بكه‌یت، ئارامبوونی ئه‌وه‌ ده‌گه‌ێنێ كه‌ كاره‌كه‌ ره‌وایه‌، ئه‌گه‌ر تووشی دڵه‌ڕاوكێ بووی، كه‌واته‌ ئیشه‌كه‌ ره‌وا نیه‌.

ئه‌م فه‌رمووده‌یه‌ ئه‌وه‌ ده‌گه‌ێنێ كه‌ ده‌قه‌كانی ئیسلام له‌گه‌ڵ پێكهاته‌ی ساغی ئاده‌میزاد ده‌گونجێ، چونكه‌ له‌سه‌ر هه‌مان بنه‌مای خانه‌كان كارده‌كات كه‌ سه‌رچاوه‌كه‌یان، واته‌ به‌رنامه‌ی ئیسلام وبه‌رنامه‌ی خانه‌كان، یه‌كه‌، ئه‌ویش خوای داهێنه‌ره‌. هه‌روه‌ها له‌م فه‌رمووده‌یه‌ ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ ئه‌نجامی په‌یڕه‌وكردنی رێنماییه‌كانی خواو پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) به‌خته‌وه‌ری به‌ دڵ و ده‌روون ده‌به‌خشێ، به‌خته‌وه‌ری وخۆشییه‌ك له‌و خۆشیه‌ زیاتر كه‌ له‌ ئه‌نجامی لادان له‌ رێنماییه‌كانی خواو پێغه‌مبه‌ری خوا (ﷺ) دێته‌ دی.

## بنه‌مای ده‌وڵه‌ت و كۆمه‌ڵگا

قال رسول الله (ﷺ): (أيها الناس ، أطعموا الطعام ، وأفشوا السلام ، وصِلوا الأرحام ، وصلّوا بالليل والناس نيام ، تدخلوا الجنة بسلام). (جامع الترمذي)

Remove Watermark Now

واتە: ئەی خەڵکینە ! خۆراك بدەنە خەڵکی، سڵاو ئاشکرابکەن، خزم بەسەرکەنەوە،کاتێ خەڵك نوستبێ، شەونوێژی بکەن، بە بێ کێشە ئەچنە ناو بەهەشت. بەو شێوەیە هەمیشە پێغەمبەر (ﷺ) خەڵك تێدەگەێنێ کە ئیسلام گرنگی بە هەموو لایەنەکانی ژیان دەدات، بە تایبەتی لایەنی کۆمەڵایەتی کە بەردی بناغەی دروستکردنی کۆمەڵ ودەوڵەتە.

## رێگایەکی ئاسان بۆ بەهەشت

قال رسول الله (ﷺ): مرَّ رجل بغصن شجرة على ظهر طريقٍ فقال: والله لانحِّينَّ هذا عن المسلمين لايؤذيهم، فأُدخلَ الجنةَ . (رواه مسلم 128، 1914)

ئیسلام ئاینێکی ئیجابیە، واتە موسڵمان نابێ تەنیا چاودێری ژیان بکات بێ ئەوەی جێی دەستی پێوە دیار بێ، نابێ چاو لە کاری چەوت بنووقێنێ، بۆیە کە لقی دارێك یان بەردێك یان تەگەرەیەك لە رێی موسڵمانان وخەڵکی ببینێ، یەکسەر دەستی ئەیاتێ ولایدەبات بۆ ئەوەی رێیان بۆ خۆشبکات، بێ ئەوەی چاوەڕێی پاداشتدانەوە لە کەس بکات، بەوەش دەبێتە گونجاوترین و باشترین بەرنامە و رژێم بۆ حوکمڕانی خەڵکی، چونکە لەوان بەوە جیادەبێتەوە کە پشت بە یاساو پاداشتدانەوەی حاکم نابەستێ بۆ چاکسازی. موسڵمان بە پێی ئەم فەرموودەیە، بەرپرسە لە هەر ئازارێك رێ لە موسڵمانان وخەڵکی بگرێ وتوانای ئەوەی هەبێ کە لاییبات. ئەنجا ئەو موسڵمانە ئەگەر هاتوو

Remove Watermark Now

حوکمڕانی خەڵکی بکات، ئەو کاتە ئەو جۆرە ڕەفتارانە دەبیتە فەرزو دەبێ جێبەجێبکات. بۆیە سیاسەت و حوکمڕانی زۆر پێویستی بە ئاینە بۆ ئەوەی هانی حاکم بدات لە ناو کۆمەڵدا چاکسازی بکات، نەك لەبەر ڕەزامەندی جەماوەر، بەڵکوو لە پێناوی ڕەزامەندی خوا کە هەمیشە چاوی لێیەتی.

## بەسەرکردنەوەی خزم

قال رسول الله (ﷺ) في الحديث القدسي: خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ الْخَلْقَ ، فَلَمَّا فَرَغَ مِنْهُ قَامَتِ الرَّحِمُ،فَقَالَ: مَهْ ، قَالَتْ: هَذَا مَقَامُ الْعَائِذِ بِكَ مِنَ الْقَطِيعَةِ، قَالَ: أَلا تَرْضَيْنَ أَنْ أَصِلَ مَنْ وَصَلَكِ، وَأَقْطَعَ مَنْ قَطَعَكِ؟ قَالَتْ: بَلَى يَا رَبِّ ، قَالَ: فَذَلِكِ لَكِ " ، ثُمَّ قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: اقْرَؤُوا إِنْ شِئْتُمْ: ﴿فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ﴾

(سورة محمد "آية 22") (رواه الامام البخاري)

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر (ﷺ) بایەخێکی زۆر بە خزمایەتی دەدات و هانی موسڵمانان دەدات لە خزمەکانیان دانەبڕن، چونکە بەوە کۆمەڵ بچڕ پچڕ و لەت لەت دەبێ ودەوڵەت لاواز دەبێ. کاتێ خوای گەورە لە دروستکردنی خەڵکی بۆوە، ڕەحم واتە ئەو پەیوەندیەی نێوان خەزمان، هەڵسا، خوای گەورە فەرمووی: چیتە؟ گوتی: لەم شوێنەدا پەنا دەبەمە تۆ ئەی خوایە لە دابڕانی خزمان، فەرمووی: ڕازی دەبی ئەوەی بتپارێزی بیپارێزم وئەوەی بتپچڕێنێ بیپچڕێنم؟ گوتی: بەڵێ ئەی

Remove Watermark Now

خوا، فەرمووی: ئەوە بەڵێنم بێ بۆ تۆ. ئەو دەقە، گرنگترین دەقە کە بۆندی خزمایەتی نێو کۆمەڵ بتەو بکات ودووبەرەکی بنەبڕ بکات، بۆیە دەشێ بڵێین کە ئیسلام بتەوترین بەرنامەی کۆمەڵایەتی هەیە لە نێو هەموو بەرنامە ئاسمانی و دروستکراوداو بە هۆی ئەو جۆرە دەقانە بتەوترین و بەهێزترین دەوڵەت دروست دەکات.

## بوارەکانی چاکەکردن

روى الامام مسلم – بسنده – عن أبي ذر رضي الله عنه أن ناساً من أصحاب النبي صلي الله عليه وسلم قالوا للنبي (ﷺ): يا رسول الله ذهب أهل الدثور بالأجور يصلون كما نصلي ويصومون كما نصوم ويتصدقون بفضول أموالهم. قال: أو ليس قد جعل الله لكم ما تصدقون؟ ان بكل تسبيحة صدقة. وكل تكبيرة صدقة. وكل تحميدة صدقة. وكل تهليلة صدقة وأمر بالمعروف صدقة ونهي عن منكر صدقة. وفي بضع أحدكم صدقة قالوا يا رسول الله أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟ قال: أرأيتم لو وضعها في حرام أكان عليه فيها وزر. فكذلك إذا وضعها في الحلال كان له أجر.

لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر (ﷺ) چەندەها دەرگا بۆ دەستکەوتنی خێر بۆ موسڵمانان، بە تایبەتی هەژارو بێ دەرامەتان، دەکاتەوە، کە هەندێکیان کاری دڵ وزمانەو، هەندێکیان هەڵسان بە فەرمانی رەخنەگرتنە لە خەڵکی وهاندانیان بۆ کاری چاکسازی، واتە

pdfelement

Remove Watermark Now



بوون بە فاکتەری ئیجابی بنیاتنان لە کۆمەڵگادا. بەڵام ئەوەی لای موسڵمانانی ئەو سەردەمەو هەموو سەردەمێك سەیرە هەژمارکردنی ئارەزووی جەستەیی کە لە چوارچێوەی شەرعدا بکرێ بە چاکە، لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئەو هێڵە گشتیەو ئەو ریسایەیان بۆ دەکێشێ کە هەر کارێك ئەگەر لە چوارچێوەی حەرامدا کراو بۆ خاوەنەکەی بە گوناه نووسرا، ئەوا بە پێچەوانەوە بە چاکە دەنووسرێ ئەگەر هاتوو لە چوارچێوەی حەڵاڵدا جێبەجێبکرێ. بەوەش ئیسلام هەموو کارەچاکەکانی ئادەمیزاد مەبەستێکی روونی بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی هەست بکات بۆ پەیامێکی پیرۆز دەژی. کە ئەو هەستەی تیا دروست بوو، هیوای ژیانی بتەو دەبێ ودەبێتە فاکتەری بنیاتنان وناو دەروونی رووناك دەبێتەوەو تام لە ژیان دەبینێ.

pdfelement

## کشتوکاڵ و باوەڕ

قال رسول الله (ﷺ): لایغرس مسلم غرساً، ولایزرع زرعاً، فیأکل منه انسانٌ ولا دابةٌ ولاشيءٌ الا کانت له صدقةً . (رواه البخاري 5\3-فتح ومسلم 1552)

لەسەر هەمان ریسای دانانی بنەما بۆ جێبەجێکردنی کرداری بنیاتنان، پێغەمبەر (ﷺ) ئەو جۆرە کردارانە بە باوەڕ دەبەستێ ودەفەرموێ: هەر موسڵمانێك نەمامێك بچێنێ یان رووەکێك برووێنێ، دواتر ئادەمیزادێك یان ئاژەڵێك لێی بخوات، بە پاداشت لە لایەن خواوە

Remove Watermark Now

بۆی دەنووسرێ. هاوشێوەی ئەم جۆرە ڕێنمایانە زۆرن و هەر ئەوەش بوو هۆی پێشکەوتنی دەوڵەتی ئیسلام لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، بەڵام کە مانای ئاین تەسکبووە بۆ ناو مزگەوت ونوێژو ڕۆژو، بێ ئەوەی ئاوڕ لە بوارەکانی ژیان بدرێ، دواکەوتن یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی دەوڵەتی موسڵمانان بووە.

## لە ژێر سێبەری خوادا

## بنیاتنانی کۆمەڵگاو دەوڵەت

عن أبي هريرة رضي الله عنه قال :سمعت رسول الله (ﷺ)يقول :

(**سبعة يظلهم الله في ظلّه يوم لا ظل إلا ظله:**

**إمام عادل...**

**وشاب نشأ في عبادة الله...**

**ورجلان تحابا في الله اجتمعا عليه وتفرقا عليه...**

**ورجل ذكر الله خالياً ففاضت عيناه...**

**ورجل قلبه معلق بالمساجد...**

**ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم شماله ما تنفق يمينه...**

**ورجل دعته امرأة ذات منصب وجمال فقال: إني أخاف الله رب العالمين** )

(أخرجه البخاري ومسلم)

بەم فەرمودەیەو هاوشێوەکانی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هێڵێکی گشتی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگاو دەوڵەتی بتەو نەخشە دەکێشێ، کە لە وانەی لەم فەرمودەیەدا هاتوون، وەك حاکمێکی دادپەروەرو،

pdfelement

Remove Watermark Now

گەنجێك کە بە عیبادەت و ناسینی خوا خۆی خەریك دەکات و، پەیوەندی لەگەڵ مزگەوت کە جێی خواپەرستی وتێکەڵبوونە بە موسڵمانان و ئاشنا بوون بە کێشەکانیان و بەشداریکردن لە چارەسەرکردنیان و، پەیوەندی خۆشەویستی لە ناو کۆمەڵگاو، دەروون پاکی، کە پاڵ بە کۆمەڵگا دەنێ متمانە نەبڕێ بە ئەندامەکانی، ئەو ئەندامانەی کە ئەگەر هاتوو ئافرەتێکی خاوەن دەستەڵات وجوانی بۆ رەفتارێکی نا بەجێ بانگیان بکات ناچن و دەڵێن : ئێمە لە خوا دەترسین. هەروەها، هاوکاری دارایی بێ دەرامەتان ، بە شێوەیەك کە هەستی هەژار بپارێزێت، وە دروستکردنی نموونەیەك کە هەمیشە خوای لە ناو دڵ بێ، نەك تەنیا لەسەرزمان، چونکە ئەوە بەردی بناغەی هەڵقوولینی رەوشت ورەفتاری جوانە. لەم فەرمودەیەدا، سیاسەت و رەوشت ودەروناسی ودارایی و کۆمەڵناسی لە خۆ دەگرێت و، بەوانە دەڵێ، کە تێدەگەن ئاین تەنیا پەیوەندیەکە لە نێوان خواو مرۆڤ ، بۆچوونەکەیان هەڵەیەو دوورە لە راستی.

## رۆشنبیری خۆشەویستی

عن النبي (ﷺ): أنَّ رجلاً زار أخاً له في قرية أخرى، فأرصدَ الله تعالى على مدرجته ملكاً، فلما أتى عليه قال: أين تريد؟ قال:أريد أخاً لي في هذه القرية، قال: هل لك عليه من نعمة ترُبُّها عليه؟ قال:لا، غير أني أحببته في

pdfelement

Remove Watermark Now

الله تعالى، قال: فإني رسول الله اليك بأنَّ الله قد أحبك كما أحببته فيه . (رواه مسلم 2567)

پیاوێك سەری دا لە برادەرێكی لە دێیەكی تر، خوای گەورە فریشتەیەكی بۆ تەرخان كرد لە ڕێگادا لێی بپرسیٚ: بۆ كویٚ دەچی؟ گوتی: بەتەمای ئەوەم سەر لە برادەرێكم بدەم لەو دێیە، گوتی: لەبەر ئەوەی لەوەو پێش سوودێكی پیٚ گەیاندووی؟ گوتی: نەخێر، بەلاٚم لەبەر ئەوەی خۆشەویستی خوا كۆماندەكاتەوە، فریشتەكە پێی گوت: من پەیامنێری خوام بۆ تۆ، نامەی خوات پیٚ دەگەیێنم كە تۆی خۆشدەویٚ، چونكە لە پێناوی ئەو برادەرەت خۆشدەویٚ.

بیٚ گومان خوای گەورە پێویستی بەوە نیە كە خەڵكی لەبەر ئەو یەكتریان خۆشبویٚ، بەلاٚم وەك خوایەك حەز دەكات ئەو سەرچاوەی هەموو هەستەكانی مرۆڤ بیٚ، چونكە بەو ڕێگایە و تەنیا بەو ڕێگایە كۆمەڵگایەكی بتەو دروست دەبیٚ، نەك بەرژەوەندی كورت خایەن ببێتە هۆی پێكەوە بەستنی دڵی خەڵكی، كە بەرژەوەندیەكە كۆتایی هات، لەیەك دادەبڕێن.

وعن أنس رضي الله عنه أن رجلا كان عند النبي (ﷺ)فمرَّ رجل به فقال: يارسول الله! اني لأحِبُّ هذا، فقال له النبي صلى الله عنه وسلم: أأعلمْتَه؟ قال:لا، قال: أعْلِمْهُ، فلحقه فقال:إني أحبك في الله، فقال: أحبَّكَ الذي أحببتني له. (رواه ابو داود 5125)

Remove Watermark Now

به هه‌مان شێوه‌، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) بۆ زیاتر بڵاوكردنه‌وه‌ی ڕۆشنبیری خۆشه‌ویستی له‌ پێناوی خوا له‌ نێو موسڵمانان، به‌ موسڵمانانی ڕاگه‌یاندووه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر هاتوو یه‌كێكیان خۆش بوێ، ده‌بێ پێی ڕابگه‌یێنن، بۆیه‌ به‌و پیاوه‌ی كه‌ گوتی: ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا من ئه‌و هاوه‌ڵه‌م خۆشده‌وێ، پێی فه‌رموو: ئایا پێت ڕاگه‌یاندووه‌ كه‌ خۆشت ده‌وێ؟ گوتی: نه‌خێر، فه‌رموی: ده‌ پێی ڕابگه‌یێنه‌ ! ئه‌ویش دوای كه‌وت و پێی گوت: من له‌ پێناوی خوا تۆم خۆشده‌وێ، ئه‌ویش پێی گوت: خوای گه‌وره‌ تۆشی خۆشبوێ كه‌ له‌ پێناوی ئه‌و منت خۆش ویست.

## سنووری ئازادی

pdfelement

مَثَلُ القَائِم في حُدُودِ اللَّه والْوَاقِع فيها، كَمثل قَومٍ اسْتَهَموا على سَفِينَةٍ، فَأَصاب بَعْضُهم أعْلاهَا، وبعضُهم أَسْفلَهَا، فكان الذي في أَسفلها إذا استَقَوْا من الماء مَرُّوا على مَنْ فَوقَهمْ، فقالوا: لو أنا خَرَقْنا في نَصِيبِنَا خَرقا ولَمْ نُؤذِ مَنْ فَوقَنا؟ فإن تَرَكُوهُمْ وما أَرَادوا هَلَكوا وهلكوا جَميعا، وإنْ أخذُوا على أيديهِمْ نَجَوْا ونَجَوْا جَميعا(رواه البخاري عن النعمان بن بشير)

له‌م فه‌رمووده‌یه‌دا، پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) **ئاماژه‌ ئه‌دات به‌ گرنگترین خاڵ له‌ بنیاتنانی كۆمه‌ڵ و به‌رقرابوونی سه‌قامگیری و په‌ره‌پێدان، ئه‌ویش ئامۆژگاریكردنی خه‌ڵكه‌ و ڕه‌خنه‌و ده‌ست خستنه‌ سه‌ر هه‌ڵه‌و كاره‌ سلبیه‌كان. لێره‌دا** پێغه‌مبه‌ر (ﷺ) **ده‌یه‌وێ كۆمه‌ڵگایه‌ك دروست بكات**

Remove Watermark Now

**کە لە ڕووی خراپەو تێکدان بێ دەنگ نەبێ وهەڵوێست وەربگرێ. بەڵی هەر کەسێك ئازادە لە هەڵسوکەوتی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە یەك کۆمەڵگادا دەژین، ئازادییەکەمان بە بەرژەوەندی گشتی سنووردارە. کابرایەك ئازادە لە فڕێدانی شتێك بۆ ناو جادەکان و، یەکێکی تر ئازادە لە جگەرەکێشان و عارەق مادەی هۆشبەر خواردنەوەو، ئەو ئافرەتە ئازادە لە جۆری جل لەبەرکردنی و، فیساری بەرپرس ئازادە لەو کەسەی پۆستی دەداتێ، بەڵام هەر هەموویان بەو رەفتارەیان زیان بە خەڵکی دەگەێنن، بۆیە دەبێ لەو هەڵسوکەوتە ئاگادار بکرێنەوە، بۆ ئەوەی چیتر لەسەر ئەو رەوشتە بەردەوام نەبن، چونکە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵ دەرئەنجامێتی. بۆ ئەو مەبەستە** پێغەمبەر (ﷺ) **نموونەیەك ئەخاتە بەردەم کە لە ناو کەشتیەکدا دوو کۆمەڵ خەڵك ئەبێ، هەندێك لەسەر ڕووی کەشتیەکەو هەندێك لە خوارەووە دەبن. بۆ ئاو هێنان، ئەوانەی خوارەوە** دەچوونە سەرەوە، بۆیە وتیان: ئەگەر کونێك لە بن کەشتیەکە دروست بکەین، ئەوا ئاومان دەست دەکەوێ و ئەوەندە بەسەر ئەوانەی سەرەوە هاتووچۆ ناکەین و ئازاریان پێ ناگەێنین. ئەگەر ئەوانەی سەرەوە نەیانهێشت ئەوە بکەن، هەر هەموویان رزگاریان دەبێ، چونکە کونکردنی کەشتیە لە ناو ئاوەکە هەر هەموویان نوقم دەکا. بەڵام ئەگەر لێیان گەڕان کەشتیەکە کون بکەن، ئەوا هەر هەموویان دەفەوتن. هەرچەندە لێرەدا نیەتی ناو دڵی ئەوانەی خوارەوە پاکە، بەڵام خودی کارەکە زیان بەخشە.

Remove Watermark Now

## کەسی شیاو لە جێی شیاودا

بينما النبي (ﷺ) في مجلس يحدث القوم جاءه أعرابي فقال له : متى الساعة ؟ فأجابه : " إذا ضيعت الأمانة فانتظر الساعة " . قال : كيف إضاعتها ؟ قال : " إذا وسد الأمر إلى غير أهله فانتظر الساعة " (رواه البخاري)

لە مەجلیسێكدا، دەشتەكیەك لە پێغەمبەر (ﷺ)ی پرسی: كەی ڕۆژی قیامەتە؟ فەرموی: كە ئەمانەت ونكرا چاوەڕێی قیامەت بكە، گوتی: ئەی چۆن ئەمانەت ون دەبێ؟ گوتی: ئەگەر هەر كارێكی دەوڵەت بە خەڵكی نەشیاو بسپێردرێ، چاوەڕێی قیامەت بكە!

ئەوەش یەكێكە لە بنەماكانی سیاسەتی دەوڵەت كە بەهۆیەوە دەوڵەتێكی بەهێز دروست دەكرێ، كاتی كەسی شیاو لە جێی شیاو دابنرێ، بە پێچەوانەوە، ئەگەر لەبەر خزمایەتی و هۆزایەتی وحیزبایەتی و پەرژەوەندی تەسك ئیشی فەرمی بە كەسی نەشیاو سپێردرا، گەندەڵی و بەرتیل بەربڵاو دەبێ وناوەڕۆكی كۆمەڵگاو دەوڵەت دەڕووخێ.

## یارمەتی خەڵكی

عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، قَالَ : " كَانَ رَجُلٌ يُدَايِنُ النَّاسَ ، فَكَانَ يَقُولُ لِفَتَاهُ : إِذَا أَتَيْتَ مُعْسِرًا ، فَتَجَاوَزْ عَنْهُ ، لَعَلَّ اللَّهَ أَنْ يَتَجَاوَزَ عَنَّا " قَالَ : " فَلَقِيَ اللَّهَ ، فَتَجَاوَزَ عَنْهُ (متفق عليه)

Remove Watermark Now

کابرایەك بە قەرز پارەی دەدایە خەڵكی، بە شاگردەكانی دەگوت: ئەگەر چوون پارەتان كۆكردەوەو بینیتان قەرزارەكە دەست كورتە، وازی لێبینن، بەڵكوو خوای گەورە لە دوارۆژدا وازمان لێبێنێ ولێمان خۆشبێ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ئەو كابرایە كە بە خوا گەیشت لێی خۆشبوو. لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئاسانكاری بۆ موسڵمانان دەكا كە بە شێوەیەكی هاریكاری لەگەڵ یەكتردا بژین ومادە نەبێتە دوا ئامانجیان، بەڵكو ڕەزامەندی خوا ئامانجی سەرەكی هەر ئیشێكیان بێ. لەم فەرموودەیەش هێڵێكی گشتی بۆ موسڵمانان دەكێشێ كە لە هەموو مامەڵەكانیاندا توند نەبن وهەتا ئەتوانن نەرم ونیان بن.

pdfelement

## دژی ستەمكاری

جاء رجل الى رسول الله (ﷺ) فقال: يارسول الله! أرأيت إن جاء رجلٌ يريد أخذ مالي؟ قال: لاتعطه مالك، قال: أرأيت ان قاتلني؟ قال: قاتِلْهُ! قال: أرأيت ان قتلني؟ قال: فأنت شهيد، قال: أرأيت إن قتلته؟ قال: هو في النار. (رواه مسلم 140)

ئیسلام هەرگیز ڕێنادات بە موسڵمان ملكەچی داگیركەرو ستەمكارو هێرشبەر بێ كە بیەوێ پارە یان ناموسی كەسێك زەوت بكات، ئەوەتا ئەو كەسەی كە هاتە لای پێغەمبەر (ﷺ) و لێیپرسی: ئەگەر هاتوو كەسێك بە زۆر پارەم زەوت بكات چیبكەم؟ فەرمووی: مەیدەرێ، گوتی: ئەگەر شەڕی لەگەڵدا كردم، فەرمووی: شەڕی لەگەڵ

Remove Watermark Now

بکە، گوتی: ئەی ئەگەر منی کوشت؟ فەرمووی: بە شەهید هەژمار دەکرێی لای خوا، گوتی: ئەی ئەگەر کوشتم؟ فەرمووی: ئەو لە ئاگر دەبێ. یەك دوو فەرمایشتی بەو شێوەیەی پێغەمبەر (ﷺ) وای لە موسڵمانان کرد کە لە وەستان دژ بە دوژمنان و رزگارکردنی وڵاتی داگیرکراو درێغی نەکەن وهەوڵەکانی دوژمنان پووچەڵکەنەوە.

## سیاسەت

قال رسول الله (ﷺ): مابعث الله من نبي ولا استخلف من خليفة الا كانت له بطانتان، بطانة تأمره بالمعروف وتحضُّه عليه وبطانة تأمره بالشر وتحضُّه عليه والمعصوم من عصمَ اللهُ. رواه البخاري 11\501-فتح

بنەمایەکی تری گرنگی سیاسەت کە پێغەمبەر (ﷺ) روونی دەکاتەوە، ئەوەیە کە هەر پێغەمبەرێك یان حاکمێك، دوو جۆر یارمەتیدەرو راوێژکاری هەیە، جۆری یەکەم هانی ئەدەن بۆ کردەوەی چاکە، جۆری دووەمیان هانی ئەدەن بۆ کردەوەی خراپە، خواش بە ویستی خۆی ئایانپارێزێ. بۆیە بەو فەرموودەیە، پێغەمبەر (ﷺ) خەڵکی ئاگادار دەکاتەوە کاتی کاربەدەست بن یان پۆستێك وەرگرن، هەمیشە یاریدەدەری داوێن پاك ودڵسۆز لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوەو زەلامی ناپاك دووربخەنەوە.

pdfelement

Remove Watermark Now

# وەستان بە گژ ستەمکاردا

قال رسول الله (ﷺ): سيد الشهداء حمزة بن عبد المطلب ، ورجل قام إلى إمام جائر فأمره ونهاه ، فقتله. (صححه الالباني 2308)

ئەم فەرموودەیەش بەڵگەیەکی روون وئاشکرایە لەسەر ئەوەی ئیسلام تەنیا مزگەوت و عیبادەت نیە، بەڵکوو سیاسەت بەشێکە لەم ئاینە. لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر (ﷺ) ئەوە ئاشکرا دەکات کە گەورەی شەهیدەکان (حمزە)ی مامێتی، کە لە جەنگی (أحد) شەهیدکرا، لەگەڵ ئەویش کەسێکە کە بەرامبەر حاکمێکی ستەمکاردا هەڵسابێ و فەرمانی پێدابێ کە دادپەروەری بکات ولێی داواکردبێ واز لە ستەمکاری بهێنێ، ئەو کارەش بووە هۆی کوشتنی. ئەوە گرنگترین دەقێکە کە هانی خەڵکی دەدات بە ستەم رازی نەبن ودژی زۆرداری بووەستن، بەوەش ئەو دەقەی کۆمۆنیستەکان، کە دەڵێ ئاین هۆشبەری گەلانەو دەقە ئاینەکان خەڵکی بە رۆژی قیامەت سڕدەکاتەوەو ناهێڵێ داوای مافی خۆیان بکەن وئەگەر لێ بدرێن لەلایەن بەرامبەرەوە ئاین پێیان دەڵێ، ئەگەر لە روومەتی راستت لێدرای، روومەتی چەپتی پێ بدە، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەو تۆمەتەی کۆمۆنیستەکان پووچەڵ دەکاتەوە. وەنەبێ ئەم دەقانە تەنیا لاپەڕەکانی کتێبەکانی پڕکردبێتەوە، بەڵکوو بووە بە کرداروو مێژوو هەزارەها هەڵوێستی موسڵمانانی تۆمار کردووە، کە چۆن موسڵمانان بەرامبەر ستەم

Remove Watermark Now

وەستانەتەوە، هەرچەندە زۆر جاریش گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی وشەی هەق.

## ئیسلام دژی توندوتیژیە

**قال رسول الله (ﷺ): ( من أشار إلى أخيه بحديدة ، فإن الملائكة تلعنه حتى وإن كان أخاه لأمه وأبيه)** (رواه مسلم)

ئیسلام ئاینێکە دژی توندو تیژیە، بەڵکوو ئیسلام ئاینی ئاشتیە.

لەم فەرموودەیە ئەوەمان پێ پیشان دەدات کە هەر کەسێك ئاماژەی بۆ برای خۆی کرد بە پارچە ئاسنێك، جا ئەو کەسە نەناسیاو بوو یان برای بوو، فریشتەی ئاسمان لەو ساتەوە نەفرەتی لێ دەکات، چونکە بۆوە هۆی ترساندن و تۆقاندنی ئادەمیزادێك کە دوژمنێکی راستەقینە نیە.

ئەنجا ئەو سەبارەتە بە ئاماژکردن، بۆ ئەوەی ئەوە بدرکێنین ئەگەر هەڕەشەی کرد لە کەسێك بەو پارچە ئاسنە یان بە چەکێك یان بەردێکی تێگرت یان گوللەیەکی پێوە نا، دەبێ سزاکەی چیبێ؟

وعن رسول الله (ﷺ) قال: ان الله كتب الاحسان على كل شيء، فاذا قتلتم، فأحسنوا القتلة، واذا ذبحتم فأحسنوا الذبحة، وليحد احدكم شفرته وليرح ذبيحته. (رواه مسلم)

لەم فەرموودەیەدا، پێغەمبەر (ﷺ) جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو ئیش وکارێك لە ئیسلامدا دەبێ بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێ، بۆ نموونە لە کاتی سەربڕینی ئاژەڵ، دەبێ بە چاکترین

Remove Watermark Now

شێوە ئەو کارە ئەنجام بدرێ، بۆ ئەوەی ئاژەڵەکە کەمترین ئازاری پێ بگات، وەکوو تیژکردنی چەقۆکەو بە هێوری پاڵ بخرێ و لێگەڕێی هەتا خورپەی دڵی باری ئاسایی خۆی وەربگرێ و چەقۆی پێ پیشان نەدرێ و لەبەردەم ئاژەڵی تردا ئەم کارە نەکرێ و ناوی خوای لەسەر بخوێنرێ.

بێگومان رێگای ئاسانتر بۆ سەربڕین لە وڵاتانی رۆژئاوادا بەکار دەهێنرێ، وەك خنکاندن یان بەکارهێنانی کارەبا، بەڵام زانست ئەوەی سەلماندووە کە رێگای سەربڕین و دەکردنی ئەو خوێنە لە جەستەی ئاژەڵەکە، باشترین رێگایەکە لە رووی تەندرووستییەوە.

pdfelement

# سەرچاوەکان

1) قورئانی پیرۆز

2) ابن القيم الجوزية، زاد المعاد في هدي خير العباد (ﷺ)، حققه: شعيب الأرناؤوط وعبد القادر، الطبعة الأولى، 1399هـ، دار الرسالة.

3) ابن كثير، شمائل الرسول (ﷺ) ، تحقيق مصطفى عبد الواحد، دار المعرفة، بيروت–لبنان

4) ابن هشام ، السيرة النبوية.

5) الابياري، فتحي(2003): محمد (ﷺ) مواقف من السيرة النبوية الشريفة، مكتبة الدار العربية للكتاب، القاهرة– مصر

6) اسامة نعيم مصطفى( 2012)، مواقف ضحك وبكى فيها الرسول ﷺ، الطبعة الاولى، دار الاسرة للنشر عمان الاردن

pdfelement
Remove Watermark Now

Remove Watermark Now

7) الاستانبولي والشلبي، محمود مهدي و مصطفى أبو النصر( 1988): نساء حول الرسول (ﷺ) والرد على مفتريات المستشرقين، دار ابن كثير، دمشق–سوريا

8) باپیر، علی ( 2010): پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرس و پەندەکانی، نوسینگەی التفسیر، هولیر–عراق

9) الباشا، عبد الرحمن رأفت( 1992) صور من حياة الصحابة، ط 1، دار النفائس، بيروت

10) الالباني، محمد ناصر: صحيح السيرة النبوية لابن كثير، المكتبة الاسلامية عمان، الاردن

11) الحميدي، عبد العزيز بن عبد الله( 2005) السيرة النبوية، دار الدعوة، الاسكندرية، مصر

12) خليل، عماد الدين(2006): السيرة النبوية مشروعا حضاريا ، مجلةحراء – العدد: 3

pdfelement

13) خليل، عماد الدين، شيء مما يقوله الاخر عن رسول الله (ﷺ)، موقع صيد الفوائد

14) السباعي، مصطفى( 1986): السيرة النبوية دروس وعبر، المكتب الإسلامي، بيروت، لبنان، ط9.

15) الشدي، عادل بن علي ، 40 مجلساً في صحبة الحبيب (ﷺ) سيرته اخلاقه شمائله

16) الصالحي، محمد بن يوسف( 1974): سبل الهدى والرشاد في سيرة خير العباد (ﷺ)، تحقيق: مصطفى عبد الواحد، لجنة إحياء التراث الإسلامي.

17) الصلابي، علي محمد، السيرة النبوية، عرض وقائع وتحليل احداث.

18) العمري، أكرم ضياء( 2003): السيرة النبوية الصحيحة، ط5، مكتبة اضواء البيان، مصر

Remove Watermark Now
pdfelement

Remove Watermark Now

19) العوشن، محمد بن عبدالله ( 2007 ): ماشاع ولم يثبت في السيرة النبوية،دار طيبة.

20) قطب، سيد (1980) في ظلال القران، دار الشروق، ط6

21) الكتاني القاسمي، محمد عبد الحي، نظام الحكومة النبوي، المسمى التراتيب الادارية، ط2، دار الارقم، بيروت

22) المباركفوري، صفي الدين عبد الرحمن (1996): الرحيق المختوم ، الطبعة الأولى، مؤسسة الرسالة، لبنان.

23) مستو، محي الدين(1982): عدي بن حاتم الطائي، الجواد بن الجواد، سلسلة اعلام المسلمين 22،دار القلم–بيروت، ط 1

24) الملاح، محمود بن محمد ( 2010): التعليق على الرحيق المختوم، الدار العالمية للنشر والتوزيع، ط 1

25) الندوي، أبو الحسن( 1987): السيرة النبوية، دار التوزيع والنشر الإسلامية، القاهرة ط7.

pdfelement

Remove Watermark Now

pdfelement

Remove Watermark Now

**بەرهەمە پێشووەکانی نووسەر**

1) **عبد القادر الگیلانی، قبسات من الفتح الربانی**
2) **گەشتی دڵی خواناسێك**
3) **خوا پەروەردگاری جیهانەکانە**
4) **گەڕانەوە بۆ بەهەشت**

pdfelement

Remove Watermark Now

# ناوەڕۆك


بەشی یەکەم ........................................ Error! Bookmark not defined.

بەشی دووەم ........................................ Error! Bookmark not defined.

لەدایکبوون ........................................ Error! Bookmark not defined.

بەهارێک لە بیاباندا ........................................ Error! Bookmark not defined.

گەڕانەوە ........................................ Error! Bookmark not defined.

فرمێسکی تەنیایی ........................................ Error! Bookmark not defined.

یەکەم تیشکی ئەوینی ........................................ Error! Bookmark not defined.

ڕۆڵێکی سیاسی وئاینی ........................................ Error! Bookmark not defined.

ڕووناکیەک لە ئەشکەوتەکەدا ........................................ Error! Bookmark not defined.

هەواڵە سەرسووڕهێنەرەکە ........................................ Error! Bookmark not defined.

دڵنیابوون ........................................ Error! Bookmark not defined.

یەکەم هەنگاو ........................................ Error! Bookmark not defined.

لەسەرکێوی (صفا) ........................................ Error! Bookmark not defined.

دانوستان ........................................ Error! Bookmark not defined.

خۆڕاگری ........................................ Error! Bookmark not defined.

گەشتێک بە دەریادا ...(کۆچکردن بۆ حەبەشە) ..... Error! Bookmark not defined.

موسڵمانبوونی بلیمەتێک ........................................ Error! Bookmark not defined.


pdfelement

Remove Watermark Now

دەروازەیەکی گرنگ..ئیسلامبوونی عمر ............ Error! Bookmark not defined.

گەمارۆ ............................................ Error! Bookmark not defined.

هاوسەری نوێ .................................... Error! Bookmark not defined.

گەشتی (الطائف) ................................ Error! Bookmark not defined.

هەوڵێکی بێ وچان ............................... Error! Bookmark not defined.

هەنگاوێکی گرنگ ................................ Error! Bookmark not defined.

گەشتێک بە مەلەکوتی ئاسماندا ................... Error! Bookmark not defined.

پەیمانی لایەنگران ............................... Error! Bookmark not defined.

کۆچکردن .......................................... Error! Bookmark not defined.

پیلانی کافران و پلانی ئاسمان ................... Error! Bookmark not defined.

ڕێڕەوی کۆچکردن ................................ Error! Bookmark not defined.

ڕووداو لە ڕێی کۆچکردندا ......................... Error! Bookmark not defined.

بەڵێنێک ........................................... Error! Bookmark not defined.

لە (قباء)دا ......................................... Error! Bookmark not defined.

لە ماڵی (أبو أيوب)دا ............................... Error! Bookmark not defined.

موسڵمانبوونی زانایەکی جولەکە ....................................................... 123

برایەتی بێ وێنە ................................... Error! Bookmark not defined.

گەڕان بە دوای ڕاستیدا ............................ Error! Bookmark not defined.

pdfelement

Remove Watermark Now


بەسەرهاتی (سلمان)ی فارسی .................... Error! Bookmark not defined.

بەرەی دوژمنان .................................. Error! Bookmark not defined.

ڕۆژی ڕووبەڕووبونەوە... (جەنگی بەدر) ............ Error! Bookmark not defined.

مانای سەرکەوتنەکەی (بەدر) ...................... Error! Bookmark not defined.

کارەساتێکی دڵتەزێن .............................. Error! Bookmark not defined.

زاوای بە دیل گیراو ................................ Error! Bookmark not defined.

غەدر ................................................ Error! Bookmark not defined.

پلانێک بۆ تیرۆر .................................. Error! Bookmark not defined.

ناو ماڵی پێغەمبەر (ﷺ) ......................... Error! Bookmark not defined.

بەسەرکردنەوە ..................................... Error! Bookmark not defined.

گۆڕانکاری دەروونی ................................ Error! Bookmark not defined.

سەرکەوتن و شکستبوون... داستانی (أحد) ......... Error! Bookmark not defined.

ئەنجامی یاخیبوون ................................. Error! Bookmark not defined.

نهێنی ڕووداوەکان .................................. Error! Bookmark not defined.

هۆکانی هاوسەرگیری پێغەمبەر (ﷺ) ............. Error! Bookmark not defined.

بوختان .............................................. Error! Bookmark not defined.

هەڵوێستی دووڕووەکان ............................. Error! Bookmark not defined.

گەماڕۆی گشتی.. (جەنگی خەندەق) ............... Error! Bookmark not defined.


pdfelement

Remove Watermark Now

تۆڵەی خیانەت ................................... **Error! Bookmark not defined.**

پەیماننامەی ئاشتی ................................ **Error! Bookmark not defined.**

بانگەوازی جیهانی ................................. **Error! Bookmark not defined.**

هێزی باوەڕ.. بەسەرهاتی (ام حبیبە) ........... **Error! Bookmark not defined.**

تێکشکاندنی بنکەیەکی ئاژاوەگێڕی ..(خیبر)....... **Error! Bookmark not defined.**

لە قەڵای دوژمنایەتی بۆ ماڵی پێغەمبەرایەتی ....... **Error! Bookmark not defined.**

(صفية) کچی (حيي بن الاخطب)............... **Error! Bookmark not defined.**

هەرزەکارە دەوسیێکە..(أبو هریرە) ........................................................ 21

هاوڕێتی.. بەسەرهاتی (جابر بن عبد الله) ...... **Error! Bookmark not defined.**

بەرەو ماڵی خوا ................................. **Error! Bookmark not defined.**

پاراستنی سنوورەکان..(جەنگی موئتە) ............. **Error! Bookmark not defined.**

هەڵوەشاندنەوەی پەیمان ............................ **Error! Bookmark not defined.**

موسڵمانبوونی گاورێک ........................................................ 132

دەستپێشخەری سەربازی.. ( غەزای تبوک) ...... **Error! Bookmark not defined.**

ئەنجامی راستگۆیی........................................................ 71

ساتێکی جەرگبڕ.. (کۆچکردنی ئیبراهیم) .......... **Error! Bookmark not defined.**

لە ماڵی خوادا...حەجی ماڵئاوایي .................. **Error! Bookmark not defined.**

دواساتەکانی دونیا ................................. **Error! Bookmark not defined.**

pdfelement